چیرۆک

شەوێکی ئەنفال

عەبدولڕەحمان کاکل



منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إقرَأ الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إقرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ، عربي ، فارسي)

شەوێکی ئەنفال

عەبدولڕەحمان کاکل

شەوێکی ئەنفال

عەبدولڕەحمان کاکل

چیرۆک

شەوێکی ئەنفال

نووسینی: عەبدولڕەحمان کاکل

دیزان: ئارام ئەکرەم

تیراژ: ١٠٠٠

چاپخانەی شەهاب- هەولێر

ژمارەی سپاردن: ٢٠١٩/٦١١- هەولێر- هەرێمی کوردستان

لەسەر ئەرکی دەزگای سەتەلایتی کوردستان چاپ کراوە

پێشەکی

ئەم کۆمەڵە چیرۆکە، بەرلەوەی رەنجی هزری من بن، بەرهەمی شەونخونی دایک و باوکمن، چونکە لەسەر حیسابی رەنج و شەونخونی ئەوان نووسراون، رۆژانە بەنێو کتێب و گۆڤار و رۆژنامەکانی ئەوکات (هەشتاکان)، پێچە بەدەورەم بوو بۆ ئەوەی بیانکرم و ئەمەش ئەرکێکی دیکە بوو لەسەر دایک و باوکم، چونکە من قوتابی بووم، هەر بە کتێبخانەکانی هەولێر تێنوێتیم نەدەشکا، لە ساڵی ١٩٨١ قوتابی پۆلی سێیەمی ناوەندی بووم رۆیشتمە قەڵادزێ بۆ کرینی کتێبی قاچاخ، چونکە لەوێ چاپکراوەکانی کە لە کوردستانی ئێران بڵاودەکرانەوە، لە قەڵادزێ دەفرۆشران.

لەم هەموو بازگەیەی کە لە نێوان هەولێر و قەڵادزێ هەبوو، ئەگەر ئەو کتێبانەیان دۆزیبووایەوە لە سێدارەدان سزاکەی بوو.

دایک و باکمم بە خۆمەوە زۆر ماندوو کرد، چی لە ئەرکی خوێندن، چی لە جرت و فرت و دەستگیرکردنەکانم لە ئەمن، داخی زۆرم بە جگەریانەوە ناوە، زۆر قەرزاریانم، بە داخەوە

نەمتوانی کەمێکیش لە قەرزەکانیان بدەمەوە، هەرچەندە قەرزی دایک و باوک نادرێتەوە، چونکە لای ئەوان بەقەرز حیساب نییە.

ئەم چیرۆکانە لەسەرەتای هەشتاکان، تاکو کۆتایی نەوەدەکان نووسراون و زۆربەیان دەربڕی ناخی خۆمن لەسەر ژینگە و دەوروبەری خۆم و ژیانی کۆمەڵگەی کوردستان، هیوادارم خوێنەر جگە لە چێژ سودێکیشی لەلایەنە نیشتیمانییەکەی ببینێ.

زۆر سوپاسی بەڕێز کاروان ئاکرەیی بەڕێوەبەری گشتی دەزگای سەتەلایتی کوردستان دەکەم کە ئەرکی چاپکردنی ئەم بەرهەمەی خستە ئەستۆی دەزگا.

بەداخەوە خوالێخۆشبوو دکتۆر مارف خەزنەدار کۆچی دوایی کردوو ئەم بەرهەمەی بە چاپکراوی نەدیت، کە هەڵسەنگاندنێکی بۆ چیرۆکەکان نووسی بوو، هەروەها سوپاسی برایان سابیر رەشید و سەلاح عومەر دەکەم کە بە هەڵسەنگاندنی ئەم کۆمەڵە چیرۆکەوەماندوو بوون.

ڕاو

که ڕەشۆ گەڕایەوە، خۆر هێشتا ئاسۆی ئاوابوونی ماچ نەکردبوو، لەنێو خەڵکیدا بوو بە مقۆمقۆ:

- ڕەشۆ چۆن وا زوو گەڕایەوە!
- ئەوانی دی پێش ئەویش ڕۆیشتن هێشتا...!
- بەختی هەیە بەخت.
- خوا حەقی کرد بە ستەزمانە بەجێیان هێشت.

دەبا بچین بزانین مەسەلە چیە.

کات: شەوێکی ئەنگوستەچاوی ڕێبەندانی ساڵێک.

شوێن: ژوورە تاریک و ڕوونەکەی ماڵی ڕەشۆ، سۆبەیەکی پڕ ئاوردوو گرپە گرپیەتی، هەموو بەدەوری ڕەشۆو سۆبەکە ئەڵقەیان بەستبوو. تامەزرۆی زاری ڕەشۆن، ڕەشۆش دڵی کوتە کوتیەتی، بەڵام خۆی گران کردووە، نایەوێ هەر لەخۆیەوە دەست پێ بکا، تا مەلا کاکەمین سەر تەبەقەی قسانی شکاند: (ئادەی ڕەشەکە

کوڕم باس، خواس چی بوو، چی نەبوو، چۆن ڕۆیشتی؟ چۆن گەڕایەوە؟ بزانین...) ڕەشۆ دەمێک بوو چاوەڕوانی قسەیەکی وای دەکرد. بە ئەم ئەم گەرووی پاککردەوە، بێ سێ و دوو دەستی پێکرد: (ڕوخسارێکی نورانی، دوو چاوی تروسکەدارو زیت، تەنکە ریشێکی ئاوریشمی، باڵایەکی کەڵەگەت و تۆزێک چەماوە، جلێکی سەرتاپا سپی لەبەر، کۆپاڵێکی شلک بەدەستی ڕاستیەوە، کۆڵە پشتێکی بچووک)، ساتێک بێ دەنگ بوو، خەڵکەکە ئەبڵەق بوون، سەرجەلەی بیریان ئاڵۆزکا، غەڵبە غەڵب پەیدا بوو:

- ئەرێ ئەوە باسی چی کرد؟!

- نازانم، هەر لە وڕێنە دەچێ!

- خدری زیندەیە، خۆیەتی!

ئەدی من هەر زوو زانیم دەستی ئەوی گەیشتووەتێ، خۆ بەلاش نییە... ڕەشۆ هەڵی دایێ، دەنگەکان کپ بوون. (ئێوە بڵێن خدری زیندەیە، من دەڵێم گیانی پیاو چاکانە).

- ئێ... ئێ... ئــ... ئــ...

پەلە مەکەن تکایە، هەر ئێستا لەهەموو شتێ دەگەن. لەبەردەم کۆنە هەواری داوێن کێوەکە وەستابووم، کە تەمومژی بەیانی ڕەویەوە، لە لوتکە هەڵکشاوەکانی کێوەکە ڕامام، خۆری تازە هەڵاتووش هێشتا لەباوەشی پەڵە هەوری بۆزدا بوو. هەر چەندی لە قەدو باڵای زلە کێو ڕادەمام، پتر وڕەم بەردەدا، هێزو

شنگم له ئەژنۆوە بەرەو ناخی بەفرەکەی ژێر پێم دادەچۆڕا، دڵم هەردەمەی بە نەزمێک دەیکوتا. بە خۆمم گوت: پەح.. کوڕە ئەوە لە تەڕادی من و بەرازیشدانییە. کا ڕێ، کا جێ، پیاو ڕووی تێ بکا. بەڕاستی نەمدەزانی نە گریانم دێ نە پێکەنین، خۆ هەر چیپەکیشیان بووایە زیادو کەمی لە هیچ نەدەکرد.

نە ئاسمان بووم، تا بە فرمێسکی گەرمم بەفرەکە بتوێنمەوە، نە زەویش بووم تا بە زرمەی پێکەنینم کێوەکە رابهەژێنم و نغرۆی کەم. هەر لە نووکی پێڵاوەکانمەوە دەمڕوانی تا چاو بڕی دەکرد هەموو هەر سپی و کفنی پۆشیبوو، بیرێکی ترسناک بە لەشمدا گوزەری کرد.(کێ دەڵێ منیش بۆ کفن پۆشین نەهاتووم؟!)

بەڵام ئەوەم هەر زوو بەوە خاڵی کردەوە کە من بۆ کارێک هاتووم تەواو پێچەوانەیە.. ژیان.. بە هەڵمی هەناسەی گەرمم تۆزێک دەست و پەنجەو لوتم گەرم کردنەوە، دوو ڕێگەم دەبینی: یەکەم لەبەردەممەوە بەرەو ژوور، دووەمیش ژێر پردەکە خۆی بوو، ئێ خۆ بەرەو دوا... نەخێر، ئەوەم هەر زوو کردە (کفر)، ئەو بیرەم گۆڕ کرد.

دەمگوت بەچ فەسالێک ڕوو لە ئاوەدانی بکەمەوە. ئەو هەموو شەرت و پەیمانە لە هەگبەی کام درۆ و دەلەسە دەئاخنرێ. چ وەڵامی مەلا کاکەمین وان بدەمەوە، کام چاوی مۆن بەرامبەر کاڵێ هەڵبێنم.

پیاوی مەردیشم دەوێ خۆی بەرامبەر شاڵاوی نەفرەتی دایکم رابگرێ، نەبێتە دڵۆپێ ئاو، باوکیشم بە ئالان و تریفەی دەگوت، باوکتان هەڵۆی نێو مریشکانە، نەک دوندو هەوراز. وای لێ هاتبوو دەگەڵ ئەوانەی ئێسک و خوێنم تێکەڵە هەستم بە نامۆیی دەکرد. سەرم هێناو سەرم بەدەرگای گەلێ خۆزگەو بریایاندا کرد. پاشان بەخۆمم گوت: (ئەو قسانە هیچیان فلسێکی قەڵپ ناهێنن کاتت ناسکەو بەری ئاوڕدانەوە ناگرێ، لەبەردەمتەوە دەستی پێ بکە) پیاڵە چاکەی بەردەمی بە دوو فڕ هەڵقوڕاند. دیار بوو ساردبوو، دەمێک بوو داندرابوو. ئەو سەرگەرمی قسان بوو، ئەوانیش نەیاندەویست چرکەیەکیش بووەستێ. گەر هەڵوەستەیەکی بکردبایە یا هەناسەیەکی هەندێک هێواشی بدایە، تێکڕا دەیانگوت: (ئێ... ئێ...) ملچە ملچێکی کردوو تێهەڵچووەوە.

(ویستم بۆ دواجار سەیرێکی باڵای کێوە فیلەکە بکەم، تا لە نێو ورگی کێوەکە ون نەبم. سەرم هەڵبڕی. دەبینم وەک مێخ لەبەردەمم لە بەفرەکە چەقیوە، ئانیشکی خستۆتە سەر گۆمکی گۆپاڵەکەی. بزەیەکی بەئاستەمی خستە سەر ڕووی، دەمی پرسیاری کردەوە:

- کوڕۆ هەی نامەرد نەبی ئەوە بۆ وا دۆڕت دابردوە؟!

- مامۆ چیت لێ وەشێرم سەردێنم و دەبەم چ ڕێگایەک شک نابەم بەرەو دوند هەڵمگرێ.

- چیت لەم کێوەدایە؟
- نان مامۆ نان.
- کەواتە راوچی؟ .
- هەوم.

دەستی چەپی بە ڕیشە بەفرینەکەی داهێنا، گلێنە ڕەشەکانی ئەم سەرو ئەو سەر پێ کردن:

- کوڕۆ بە راستی دوا بڕیارت هەر ڕۆیشتنە؟
- بێگومان.
- کەوایە خێراکە بابڕۆین.

ئەمەی گوت و ڕووەو ژوور وەرچەرخاو بەڕێ کەوت. منیش ورد ورد شوێن پێی ئەوم هەڵگرت، هەنگژاینە زلە کێوی سەخت. گۆپاڵە شلکەکەی لەپێش هەنگاوەکانی دەچەقاندو سوکە هێزێکی دەخستە سەر، وردو کارامە هەنگاوی دەنا. ڕۆیشتین تا خوا حەزکا هەر ڕۆیشتین) گریانی منداڵێک هێمنی ژوورەکەی شڵەقاند. ڕەشۆ هەستێکی ڕاگرت، هەناسەیەکی قوڵیشی هەڵمژی، بنمیچی ڕەش داگەڕاوی ژوورەکە دوو کەڵێکی شینباوی سۆبەو جگەرە کێشانی لێ مەیی بوو، لە پەڵە هەوری لۆکەیی ئاسمانی شینی ئەیلوولی دەکرد. خەڵکەکە سیخناخ و ملکەچ بوون، تەواو نقومی دەریای سەفەرەکەی ڕەشۆ بوون، وایان هەست دەکرد بە گوێ نا، بەڵکو بەچاوی خۆیان هەموو

شتێک دەبینن و پێ بەپێ لەگەڵیدان. ڕەشۆش قسەکەڕێکی گفت و لفت شیرین بوو، هەر لەبەر هەندێ بوو مەلا کاکەمین ناوی لێنابوو (گوڵی مەجلیسان). ڕەشۆ بە بەردەوامی دەدوا، کەس حەزی نەدەکرد هەناسەش لەنێوان وشەکان بدا.

(تەواو هیلاک ببووم، هەناسەم بۆ نەدەدرا، لە ڕووشم نەدەهات داوای پشوودانێک بکەم. کە ئاوڕیشم لەدواوە داوە هەیهوو هێشتا لە داوێنی کێوەکە داین. خواو ڕاستان مامۆ ڕووی وەرگێڕاو گوتی: (ها دەبینم ماندووی؟). ورتەم نەکرد. ئەو وەستا منیش هەروا، گوتی: (پشوودانیش لەنێو بەفردا پەسەند نییە، بەڵام وەنەبێ ڕێگەی قاوەڵتیەکمان لێ بگرێ).

لەخۆشیان خێرا لێی پاڵ کەوتم. زۆر بە تووڕەیی لێی ڕاخوڕیم (نەکەی پاڵ کەوی، ڕابە سەر چیچکان، دەنا هەڵسانەوەت بۆ نییە هەی کڵۆڵ). پریاسکەکەی کردەوە نوردیەک نانە وشکی تێدا بوو، ئای کە کەیف ساز بووم. بێ دەنگ دەستمان کرد بە نان خواردن، پاشان هنەک بەفرمان لە زارماندا تواندەوە، وەک کەلەموس بە گەروومانداڕۆچوو. کۆڵە پشتی پێچایەوە، گۆپاڵەکەی هەڵگرت، پێش وەی تێهەڵچینەوە گوتی: (پێویستە دەست و بردکەین، تا هەر هیچ نەبێ پێش تاریک دابێ بگەینە ئەشکەوتی قەد چیاکە). بە تەقەڵی وردو درشت، ڕێگای نادیارمان دەدڕوو. کارمان بەوە باش بوو نە بای دەهات و نەخۆریش بەدەڕەوە بوو، ئەوەش تۆزێکی لەو هەموو

مەینەتیەی کەم کردبووینەوە. رۆح لە جێگەیەکی ئاسێیەوە بە هەونتە دەرنایێ.

ئیزرائیل و کفن و پێ بە پێ لەگەڵمدا بوون، بەردەوام هەڕەشەی مەرگیان لێ دەکردم، بەڵام لە یەکەم هەنگاوی بەرێ کەوتنم بڕیارم دابوو لە مەرگ یاخی بم و بەگژی دابچمەوەو ملی بۆ کەچ نەکەم. مامۆ بەدەم رۆیشتنەوە بەنقە نق گوتی: (خوا هیچ مقەدەر نەدا ئەمشەوە لەئەشکەوتەکەدا بەخۆشی رادەبوێرین). لەدڵی خۆمدا دەمگوت کوا بۆ ئەو کاتەی. بە درێژایی رێگە من بێ دەنگ بووم، مامۆش جار جار دەدوا. پشتمان کۆم کردبوو، بێ باک بەلاشانی کێوەکە دەهەنگژاین، مامۆ گوتی: (دەبینی رێگەکەمان سەختە، بەڵام ئێمە لەو سەختترین). بە نەرمە پێکەنینێکیشەوە گوتی: (کەواتە ئێمە لە هەموو شتێ سەختترین).

ئای کە بەختەوەر بووم، ئەدی بەختەوەری چۆنە مرۆ لە گیانەڵا دابێ بە پێکەنینەوە شیرەکەی رۆستەم بووەشێنێ).

کەمێک خۆی لە سۆبەکە نزیک خستەوە، وایدەزانی هەنوکە وا لە ململانێی رێگەکەدایە. (کتوپڕ ورشەی بایەکی سارد رایچڵەکاندین، نازانم لە کوێوە پەیدابوو، هەر دەتگوت پاسەوانی کێوەکەیەو بۆمان لە بۆسە دانیشتووە، هەستم کرد تەزووی ساردی تا سەر ئێسکانم کاری کرد. مامۆ ئاورێکی خێرای لێ دامەوەو گوتی: (باش دەمامکت بدەو سنگ و بەرۆکت مکوم بکە).

بای هارو شێت دەی لووراندو دەم لە دەم خێراتر هێرشی دەهێنا، پاڵی بە سنگمانەوە دەنا، بە ئاشکرا هەڕەشەی نەمان و بە دەستوەنەدانی وارەکەی لێ دەکردین. ئێمەش بێباک وەک (لەهەموو شتێ سەختتر) شانمان دەبەرنابوو بێ ئەوەی تۆزقاڵێک لە رەوتی خۆمان بکەوین. مامۆ دڵی بەوە خۆش دەکردم دەیگوت: (هیچی وامان نەماوە، ئەوە دوا بەگژداچوونەوەی پیرە کێوە، ئیدی تەواو هەر هەندە گەیشتینە ئەشکەوتەکە، هەموو شتێ کۆتایی پێ دێ).

سەری دەلەقاندو چاوی لە بنمیچەکە بڕی بەدەنگێکی نیچمە پاڕانەوە دەیگوت: (وای لە ژوانی ئەشکەوت ئەم پردی سیراتە هەر نەدەبڕایەوە، دەرگای بەهەشتیش ببورن ئەشکەوتیش لە چ هەرێمان دیار نەبوو. سەرتان نەیەشێنم ئەوی ئازارو مەینەتی و بەلەنگازی بێ بەدەست بەفرو زریان و هەورازەوە ئاشنای بووین. باسی خۆشی و گەیشتنە ئەشکەوتیش هەر ناکرێ. هەر گەیشتین و نەگەیشتین لە سەر زەویە وشکەکە لێی راکشام و چوار پێنج هەناسەی ئۆخەییم هەڵمژی، مامۆ هێشتا هەر بە پێوە لەبەر دەرگاکە وەستابوو، گوتی: (ئەز دەچم هنەک دار دەبڕم، تاکو ئاگرێکی پێ بکەینەوە، دەنا ئەمشەو لە سەرمان رەق دەبینەوە). چاوەڕیی وەڵامی نەکرد بەڕێ کەوت، منیش ناچار بە لۆڕەلۆڕ وەدوای کەوتم.. تا شل و شەکەت بووین دارمان کۆکردەوە.. بە نقەنق لەژێر بارەدار خۆمان گەیاندەوە ئەشکەوتی

تایین.. تاریکیش لێرەو لەوێ تەنگی بە رووناکی هەڵچنیبوو. ئاگرمان خۆش کرد، ئەشکەوت رووناک بووەوە، لە شەکەتی و لە برسان هیچمان نەپرژاینە پشکنینی ئەشکەوتێ.. نانەوشکمان بە هەڵمی ئاگرەکە گەرم کردەوە، دەستمان بە خواردن کرد. لەپڕ هەستم بە چرپە چرپێک لە دواوەی ئەشکەوتەکە کرد، ئاوڕم دایەوە ئاسکە کێوەیەکی ناسکۆڵە و جوان بە گومانەوە بەرەو گەرمی ئاورەکە دەخشی. لە سەرمان و لە برسان بە پێی خۆی دەهاتە بەردەستی دوژمنی بابە کوشتەی. لە نزیک ئاگرەکە راوەستا، بە سۆزەوە تێی دەڕوانین، دیار بوو لەخۆمان هیلاکتر بوو، خۆی بۆ نەگیرا لە نک ئاگرەکە لێی راکشا. چاوە جوانەکانی کز کز دەتروسکانەوە، داوای بەزەییان دەکرد).

چاوەکانی زیت کردنەوەو تۆزێکیش دەنگی بەرز کردەوە، گوتی: (پیاوی مەردم دەوێ بەرامبەر ئەو دیمەنە نامەردی بکات، جەرگی نەیەتە سۆ). مامۆ رووی لە ئاسکۆڵەکە کردو گوتی:

(مامزە قشتیلەکە ئەو هاوڕێیەی من رێگای شەڤ و رۆژانی بڕیوە پەیامی مەرگی تۆ و دایک و باوک و براکانی تۆی پێیە. نابێ لێیشی زویر بی، چونکە ئەم یاسایە لە سەرووی دەسەڵاتی ئێوەو ئێمەشە، ئێمە میوانِ تۆش خانەخوێ، رووماِن لە مالّی تۆ کردووە، نابێ بێ ئەمەکیت لەگەڵدا بکەین، لە یاسای میوان و خانەخوێیەتی سەرپێچی بکەین، هەر چەندە مرۆڤ و راوچیان

جێگەی متمانە نین. خۆت چاک دەزانی، شتێک ئێمەی لێرە کۆکردۆتەوە ئەویش برسیەتیە، ئەگەر زۆرمان بۆ بهێنێ ئامانمان بۆ نییە. تا بە ئێوە رادەگا، دەست لە کەس و کاری خۆشمان نا پارێزین).

ئاگرەکە بڵێسەی دەداو دەوروبەرمان گەرم داهاتبوو، تەزووی گەرمی بە هەموو دەمارەکانی لەشمدا دەکشا، مامۆش ناوە ناوە بڕە داربێکی دەخستە سەر ئاگرەکە، سەرەتا چەپڕە دوو کەڵێکی شینباو وەک مار پێچی دەکردو هەڵدەکشا، پاشان بڵێسەی دەکرد، چاوەکانی مامزەکەی قەشەنگتر نیشان دەدام، مامۆ گوتی: (ئێوە بخەون منیش ئێشک لە ئاگرەکە دەگرم). تۆزێک دوور لە ئاگرەکە پاڵتۆکەم راخست، لێی راکشام، زۆر کفت بووم.. هێشتاش بە ئاسانی نەمدەتوانی دەستبەرداری تەماشای چاوە موگناتیسیەکانی ئاسکۆکەکە بم. نازانم چۆن و چ کات هوروژمی خەوی گران کاری خۆی کردو خپی کردم).

سۆبەکەی بەردەمیان دامرکایەوە لە گرپەگرپ کەوت. رەشۆ باوێشکێکی دا. خەڵکەکەش هەندە بە سەلیقە هەستیان بۆ راگرتبوو هەردەتگوت تازە (بسم الله)ی لەقسان کردەوە. شەو لە تاریکی و ئەوانیش لە قسەی رەشۆدا نقوم ببوون. ئەویش بێباک بەگژ خەوەنوچکدا دەچۆوە بە پەنجەی دۆشاومژی چەند جاریک چاوە خەوالۆوەکانی هەڵگڵۆفت، دەستی پێ کردەوە: کە هشیار بوومەوە، خۆر لە دەرگای ئەشکەوتەکەوە

تیشکی زێرینی دەهاوێشتمێ، ئاگرەکەش کڵوکۆی دامرکابوو، لە نێو خۆڵەمێشەکە پەنگرەکان هێشتا سوورو گەش هاڵاوی گەرمیان دەبەخشی، مامۆ دیار نەبوو، سەیری گۆشەو کون و کەلەبەرەکانی ئەشکەوتی گۆرینم کرد نەبوو. خێرا خۆم گەیاندە دەرەوە، چەند جارێک بانگم کرد (مامۆ..) بێ سوود بوو، لە دوا سەدای دووبارەی دەنگەکەی خۆم هیچی دیکەم بەر گوێ نەکەوتەوە، بە دڵتەنگی لەسەر پاڵتۆکەم روونیشتم، خەریک بوو گلەیی لەخۆ وونکردنی مامۆ بکەم. لەپڕ دەنگێک لە دڵەوە زرینگایەوە (خەم مەخۆ مامۆ هەر لەگەڵتایەو بە بست لێت جودا نابێتەوە)، لەو دەمە دوو دیمەن سەرنجیان کێش کردم، پریاسکە نانەکەو جەستەی راکشاوی ئاسکی تایین. سەیر دەکەم بە ئاستەم هەناسە دەدا. دیار بوو هەستی بە چرپەی من کرد.. پێڵوەکانی نیوە هەڵێنا، تازە کار لە کار ترازابوو. چاوە گەشەکانی تروسکاییان لێ برابوو، ئەو چاوانەی بە کۆڵێ هیواوە دەیانڕوانیە بەهار، بەهارێکی پڕ لە گژو گیاو سەیران و خۆشی و بوژانەوە، کزو کەنەفت ببوون. نیگای بێ هێزی لە نیگام چەقاند، وەک داوام لێ بکا: (تا زووە رزگارم بکە با ئاواتەکانم بە کەنەفتی نەمرن و گەنی نەبن، حەز دەکەم لە دڵی ئێوەیان بنێژم، بەڵکو لە نەورۆزا، نەورۆزی دوای ئەو وەیشوومەیە گوڵ بکەن و بەهار بۆن پرژێن بکەن).

پێڵوەکانی نەرم نەرم لێک دەنانەوە. دەتگوت دەزانێ

ئیتر دوا دیداری دنیای رووندیەتی. هەناسەی دوا چرکەکانی ژیانی هەڵدەمژی، بەدەست خۆم نەبوو رۆندکی سۆزو ئەڤین رژایە چاوم، بە قوڕگی پڕ لە هەنسکەوە دڵیم دەدایەوەو پێم دەگوت: (ئەی هاوڕێ و خانەخوێم لەهەموو سەیرکردن و نەرمە نیگاکانت گەیشتم، دەزانم ئێوارە چیت دەگوت و ئێستاش چی دەڵێی. ئەگەر زمانت نییە دەردی دڵت هەڵڕێژی، بەڵام لەچاوە جوانکیلەکانتەوە هەموو شتێکم خوێندەوە. هەر وەک مامۆ گوتی چی بکەین ئەوە یاسایەکەو لە سەرووی هەموومانەوەیە پێویستە بخۆین تا بژین، بژین تاکو ئاواتە پیرۆزەکانیش پێ بگەن، هەر چەندە برپارمان وابوو ئەوەت لەگەڵدا نەکەم، بەڵام وا دەبینم چ روودەدات. تۆش ئەی نەوجەوان پێویستە شانازی بەو قوربانیدانەت بکەی، نەک لاشەکەت لێرە بە نەناسراوی بۆگەن بکات، نرخی تۆ زۆر لەوە پترە. تۆ دەتوانی خێزانێک لە هێرشی فەوتان و برسیەتی بە دوور بخەی. کەواتە با لێرەوە کۆتایی بە ناوی (دوژمنداری) ئێمە و ئێوە بێ، با هاوڕێ و یارمەتیدەری یەکتر بین، ئەو داستانە دەماو دەم لەنێو هەموو ماڵێکدا دەگێڕمەوە).

دووجار هەوڵیدا چاوی بکاتەوە نەیتوانی، هێزو گوڕی لەبەر برا بوو، بە زانایی چەقۆکەم دەرکێشا کە بینیم مەرگ یەکەم هۆیە کۆتایی بەم تراژیدیایە دەهێنێ چاوم لێک نان وسەرم بڕی، لەگەڵ لرخە لرخی گیاندانی، هەستم دەکرد ئەشکەوتەکە

هەڕەشەم لێ دەکات و کێوەکە دەهەژێ، ئاسمان خوێن دەبارێنێ، کە زانیم ئیتر هەموو شتێک کۆتایی پێ هات هەر گەڕانەوە نەبێ، چاوم بەلاشەی بێ گیانی هاوڕێکەم هەڵێنا، خێرا پریاسکەکەم پێچایەوە، لاشەکەم خستە سەر شانم، وەدەرکەوتم.

تیشکە کزو زەردەکانی خۆری چێشتەنگاو ورد ورد بەسەر گیانێک ودوو جەستەدا دەباری. چاوی خەواڵووی لە خەڵکەکە بڵند کرد و بە نەرمە بزەیەکەوە گوتی:

(ئێوە بڵێن بەخت بوو من دەڵێم برپیارو برِوا بوو).

هەولێر- ١٩٨٦

هەڵەتە

سەیرێکی ئەملا ئەو لای خۆی کرد..

(دەبێ فەقێ خدرێک.. حاجی سمایلێک.. پلکە هەمینێک دیار نەبن؟!)

خۆی بە ژوورێدا کرد... کڵاوە توکنەکەو قاپووتە درێژەکەی هەڵواسی (تواهووو.. ئێرە لە کوێ و...!!) خۆی بە نێو چەپە دوکەڵەکەدا کردو بە دیار مێزیکەوە تەنیا هەڵکورما.. بەهەر چوار دەوری خۆیدا رووانی.. کەسێک ئاگای لەو نەبوو.. لەچاوی خۆی بە گومان کەوت.. جارێکی دیکە چاوی بازنەیی سووڕاند.. هەر کەسەو لە بەزم و سەفای خۆی بوو..(کەس پێم نالّی بە خێربێی!!

نانی ئێوارەمان دەخوارد.. بەپەلە پێڵاوەکانمان بەسەر پێمانەوە دەکرد.. خێرا خێرا.. تا شوێنێک بگرین نزیک لە هەقایەتبێژبێ.. کە دەگەیشتم وامدەزانی یەکەم کەسم.. کەچی دوا کەس بووم و لەلای دەرگە شوێنێکم بەحاڵ دەست

دەکەوت.. لە نێو چەپە دوکەڵەکەدا دەیان دەست و دەنگ بەرزدەبوونەوە.. بە خێربێی.. مام عەبابەکریش تێی هەڵدەکردە هەقایەتان.. نەشەوێک و نەدوو نەسەد.. هێی لەوان رۆژان..)

گارسۆنەکە سەری بۆ چەماندەوە (...) سەری هەڵبڕی چاوی لە جۆگەلەی سینگی چەقی.. هۆپێکی کرد!! ئەویش نەرمە بزەیەکی کردو (...) ئەو زمانیش فێر نەبوو بوو...

پەنجەی خستە سەر یەکێ لە ناوەکان و گارسۆنەکە نیشانەی بەڵێیەکی کردو رۆیشت (مام عەبابەکر دەیوت وڵاتی غەریباتی هەر بە قسە خۆشە... یاخوا کافر نەکەوێتە غەریباتی نە زمانیان.. نە عادەتیان..)

پێکێک ویسکی لە بەردەم دانا..سەری هەڵبڕی گارسنۆکە دەستی لەپشتەوەی خۆی گرتبوو..چاوەڕیی فەرمان بوو.. بە چاوە شینەکانیشی بزەی دەهاتێ...

ئەویش پێکەنی و گارسۆنەکەش پێکەنی و رۆیشت (هەنووکە چۆن باسم دەکەن..)

- زانیومە کوڕی حاجی مەولوودی سەری خۆی هەڵگرتییە!
- ئەدی چوویتە مەملەکەتی مەلعونان!
- خۆی مااڵ وێران کرد!
- هەر مااڵ وێران!
- ئەوە کێ ئەوها وەری گێڕا!

- دەوجا ئەوی بکەوێتە ئەو مەملەکەتانە تەواو!

- ئەدی.. دینەکەشی چوو!

- کوڕە هەر دین!

- ئەو کوڕە هەر چووە شاری کەلکی بڕا!

- گەلەکمان بە حاجی مەولوودی گوت کوڕە لێ مەگەڕێ بچێتە شاری! دەیوت باوەکی خۆمان کۆڵەوار نەبی.. با بخوێنێ ئەوجا بە منداڵی چەند نەجیب بوو.. سەری چووبا نوێژی نەدەچوو.

- ئەی هەش بەسەرت حاجی مەولوود.. ئەوجا لەبن گوناهی ئەو کوڕەت کو دەردەچی؟!

- ئەرێ مامۆستا گوناهەکەشی لە ملی حاجییە؟

- ئەدی ئەرێ وەڵڵا ئەویش خەتاباڕە!

- پەکوو پەکوو!

- وەڵڵاهی دەنا مام حاجی دەڵێی پەپوولەیە!

- بە چ کەلک دێ!

- کوڕە چ دەکەن وەڵڵا دنیاو قیامەتی چوو!

- خوا ڕەحمی پێ بکا!

- مامۆستا بە زمانی من نەبی دەڵێن لەوێ کەس خوای لەبیر نییە!

- تواهوو هەمووی هەر تیاترۆخانەیە... چما دەزانن فەرزی خوای چییە!

- ئای مالّم وێران لۆ ئەو مەخلوقاتەی!

- ئەوە خوا کو غەزەبیان لێ ناگرێ؟!

- غەزەب لەوەی زیاتر کێوە... ئەوە نییە شەیتانی تێبەرداون!

- باشە ئەو کوڕە کوو ئەو رێیەی گرت؟!

- لە چ دەپرسی!

- ئەو میللەتە خەریکە هەمووی لێی بگۆڕێ!

قریوەی ئافرەتێکی نیوە رووت سەرنجی راکێشا.. دوو پەنجەی بۆ کورسییەکەی بەرامبەری درێژ کرد...

(فەرموو...) پێکە کەی بەردەمی هەڵداو زرینگە یەکی لێوە هات... گارسۆنەکە هات...

چەند قسە یەکی کرد... ئەو هیچی لێ حاڵی نەبوو... بوتڵێک ویسکی... دوو پێخۆر.. دوو پێکی بۆ تێکردن..

پێکەکانیان هەڵدا.. سۆزانییەکە دەستی گەیاندە سەرشانی... هەستان... دەستیان بەسەما کرد... ئەو دەتگوت کوچ کوچەیەو خۆی بەشان و ملیەوە پەلکێش کرد بوو.. چەند دەقیقەیەک... ئافرەتەکە لەو پەلکێش پەلکێشە بێزار بوو...(حەوت شەو و رۆژان دامان دەبەستا شایی.. سێ پێییەکە رمبەی لە

عاردییەوە دەهێنا... کە مەلاو حاجی و ڕەئین سپییەکان بزر دەبوون... کچۆڵە شەرمنە تامەزرۆیەکانیش خێرا خێرا خۆیان لەبەینی کوڕان دەخست.. چاوم لە سێویێی خوشکم سوور دەکردەوە بەستەزمانە دووراودوور دەمی ئاوی دەکردو نەیدەوێرا نزیکیش بێتەوە... ئای ئافرەتی خۆمان... چەند ساویلکەو پاکن). چاوێکی لە سۆزانییەکە کرد بە دەستێکی جگەرەی دادەگیرساندو بە دەستەکەی دیکەشی پێکی پڕ دەکردەوە (هەڵپەپەتی هەرچی لە پێشمە بیخواتەوە... تا خۆی بگەیەنێتە نێچیرێکی دیکە... ئینسانەکان چەند لە یەک جیان... لەوێ خوێنی دەقەبەری ماچێک دەداو لێرەش هەزاران... ملیۆنان ماچ دەقەبەری چۆڕێ خواردنەوەو شەوێ فشقیات و تاوێ سەماکردن... لەزەت هەر لەزەتە ئەم لەو... ئەم لەوی دیکە... تا شل دەبن هەڵدەپەڕن دەست لەناو دەست، شان لە شان، ران لە ران دەخشێ جار جارەش ئەگەر چاوی حەسودیان لەسەر نەبێ چرپە یەکیش بەبنا گوێی یەکتر دەکەن.. کەچی بستێک دوور لە شایی کوڕم دەوێرا کچم دەوێ نەک دەست لە دەستی یەکتر بنێن، یەک قسەش بکەن ئەوا...)

بە چوار پەنجە

- بای

ئەویش بە نابە دڵی

- بای

(زانی هیچم لێ هەڵناکرێنێ... بەدوای نێچیری خۆیدا دەگەڕێ... تامەزرۆی سەر رەشەکانن... حەقیانە... ئەوانی خۆیان بێزارن... ئەوانی ئێمەش تامەزرۆن... پاکن... ئەو سنوورە سیاسیانە مرۆڤایەتیان لێک هاوێر کرد، لە نێوان بستێک وبستێک لەم دیو و لەو دیو، دنیا بە تەواوی جیاوازە، هەر وڵاتی من نەبێ لە نێوان چوار سنووران لەم دیو لەو دیو هەموو شتێک وەک خۆیەتی... زمان... عادات... تەقالید... ئایین... جلوبەرگ...)

دەستێکی گەیاندە پێکەکەی بەتاڵ بوو... دوو دوو بە پێکەنین و لارو لەنجە قۆڵیان لە قۆڵی یەکتر بوو دەڕۆیشتن..

(بۆ کوێ دەڕۆن؟! هەر دەڕۆن! سەیر دەڕۆن..

کۆرپیشیان وەک کچان لارو لەنجە دەکەن.. بۆ کوێ؟! ماڵی دایک و باوکیان؟ هەندێکیان بۆ جێگەو شوێنی نادیارو هەندێکیشیان بۆ سەر شەقامەکان و هەندێکیش خۆ بەم دەرگە و ئەم ژوورەدا دەکەن، کە نازانن چی تێدایە؟! کێی تێدایە!).

گارسۆنەکەی بانگ کرد تێی گەیاند حیسابەکەی بدا... بە تەنیا ملی دەرگەی گرت... لەبەر دەرگە گارسۆنەکە پێشی لێ گرت!! هیچی تێنەگەیشت! دەستی خستە گیرفانی.. دوو مارکی دەرکردو خستیە گیرفانی.. ئەویش خستیەوە گیرفانی.. دەستی گرت و بەدەستەکەی دیکەشی ئاماژەی بۆ پێپلیکانەکان

کرد.. دەستەکانی نەرم بوون.. دەتگوت تۆپەڵە پەمۆن لە نێو دەستە زبرو ماندووەکەیدا دەتوایەوە.. موچرکەیەکی گەرم رایچڵەکاند..

(ئەوەش بە نابەڵەدی و سەرە رەشەکەم دڵخۆشە... هەموو شتێک پێچەوانەیە.. ئافرەت خۆی بەدوای نێچیردا دەگەڕێ.. بە ئاسانی دەستیشی ناکەوێ.. ئەمشەو دایکم لە خەو بینی.. دەیگوت کوڕم تێکەڵی ئەو لادینانە نەبی! دوایی حاشات لێ دەکەم..) بەدوای خۆیدا پەلکێشی کرد.. وەک منداڵی جەنەگرو غەزیو بەخۆ پچڕینەوە بەدوای کەوت.. سەرکەوتن.. حەفتەم ژووری کردەوە.. ماڵێکی سادەی بچووک.. دەستی بۆ سەر تەختەکە درێژ کرد.. بە ئەسپایی دانیشت.. رەنگی پەڕی بوو.. خۆی لە ئاوێنە باڵاکەی تەنیشتی بینی... خەریک بوو نامۆیی لێ بکا... پتر زەینی دایێ.. (خۆمم.. پەکووف!! ئەوە منم!!)

دەستی گرت.. ژووری گەرماوەکەی بۆ کردەوەو سووکە پاڵێکی پێوەنا.. هەر خۆی جلەکانی داکەندو رۆیشتە دەرەوە، قەیرێک سەیری گەرماوەکەی کرد... (کامە ئاوە ! ئەوەیە ! کامەی گەرم و ساردە!)

لە دەرگەی دا.. کەس نەبوو(هێ.. هۆ...) کەس نەبوو.. تاوێکی دیکە بێ دەنگ بوو.. لەسەر خۆ دەرگەکەی وەلانا... کەس دیار نەبوو.. جلەکانی بینی هەڵواسرابوون خۆی گەیاندە

جلەکانی.. سەیری تەختەکەی کرد.. رووت و قووت.. راکشابوو..
پێ دەکەنێ.. (هەنگی لەدار دۆزیوەتەوە.. جەژنە..) جلەکانی
لەبەر کردو بە (بای.. بای) بۆی دەرچوو..

هەولێر- ١٩٩٨

لوولە گەرمەکان.. هەناسە ساردەکان

شەویان بەسەر داهات.. تاوێرێکی زەلام پشتی بۆ کۆم کردن..

باوەشی جێ دالّدەیەکی موناسب بوو

- تاریک داهات؟

- دەزانم..

- خۆ..!

- دەترسم پێمان بگەن!

- تازە چی!!

- پێم خۆشە هەلّدێرێین.. درندە کێوی بمانخوا.. نەک...

- بەم شەوە شارەزانین و سەرەدەری لە رۆیشتن دەرناکەین.

- ئەگەر بە دوامانەوە بن؟!

- بەو تاریکەشەوە لە کوێ دەماندۆزنەوە!

- بەیانی فریامان دەکەون!

پشتی دایە تاوێرەکەو زریکەیەکی کرد!!

- چی بوو؟

- نازانم.. له پشتم راچوو!

- چەخماخەکەی گڕدا..

- دڕک بوو هەی ماڵت وێران بێ!

- ماڵ لەوەی وێرانتر چی بێ!

هەردووک دایانە قاقای پێکەنین.. دەستیان لە ملی یەکتر ئاڵاند..

هەر پێکەنین.. توند یەکتریان لە باوەش گرت.. هەر پێکەنین..

شریخەی هەورە تریشقەیەکی دوور ماتی کردن..

- هەر بارانمان کەم بوو!

- بەم جۆزەردانە باران ناخۆش نیە..

- بەدەست خۆم نیە رقم لە کەش و هەوای بارانە.. لێی دەترسم..

- ئاخر ئەوە نیشانەی...

- دەزانم چ دەلێی.. تەواوی مەکە!

هەورە تەڕەکە خۆی لە لوتکەو دوندەکان ئاڵاند. خێرا خێرا چەخماخەی دەداو بنارو دۆڵەکەی بەردەمیانی دەکرد بە نوێژی نیوەڕۆ.

- له وەختەکی باش بەو بنگەوەڕە گەیشتن.
- ئەگەر ئەوەش نەبا؟
- تەڕ دەبووین..
- پێت وایە تەڕ نەبی؟!
- ئێ خۆ باران نایگرێتەوە!
- هەر تەڕ دەبی!
- وەختی فشە کردنە؟!

دڵۆپە بارانی گەورە دەوروبەری داگرتن..

لێرەو لەوێ بەسەر تاوێرو پووشە نیوە وشکەکاندا دەکەوتن.. نەرمە بایەکی فێنکیش هەورەکەی رووەو رۆژهەڵات دەهێنا..

بروسکەو شریخەکان چڕترو نزیکتر بوونەوە.. ئاسمان گەرووی خۆی کردەوەو بارانێکی سەر بەکڵاوە ناوچەکەی رووگرت..

چاوی لە چاوی بڕی.. خەریک بوو قسەیەک بکات.. ئەم تێی رابوو.. قۆڵی گرت.. رایکێشایە بەر بارانەکە.. دایانبەستایە هەڵپەڕکێ.. ئاو بە لاجانگ و پرچ و شان و ملیانەوە دادەچۆڕا..

پێڵاوەکانیان شڵپ و هۆڕی بوو.

- ئەگەر کەسێک لێرەوە تێپەڕێ.. دەزانی چ دەڵێ؟!
- چ نااڵێ تا هێزی هەیە رادەکاو وادەزانێ..

- شایی جنۆکانه!

- کێ دەڵێ نەبووین بە جنۆکە؟!

- جنۆکەش هەر وادەبێ، بەچاو نوقانێک خۆمان ون کرد.

- چیە.. دەلەرزی؟!

- ساردی کرد.

- با تۆزێکی دیکە هەڵپەڕین.. گەرم دەبینەوە.

- گەرمی چی.. وەڵلا رەق دەبینەوە!

- دەباشە بەم هاوینە بەفرت لێکەوتووە!

خۆی گەیاندەوە بنگەوەڕەکە.. ئەویش بەدوایدا چوو.. پاڵ کەوتن.. باران لێی وەکردبوو، هەردووک بێدەنگ گوێیان لە ترپەی

دڵ و هەناسەی یەکتر گرتبوو.

- وای ئەگەر دەماندۆزنەوە!

- واز لەو خەیاڵە بێنە..

- تۆ ناترسی؟!

- بترسم یان نەترسم.. ئەوە رێی هات و نەهاتە.. یان تێ دەچین.. یان دەردچین!

- گریان و پێکەنینم بەیەکەوە دێن.. نازانم کامیان راگرم؟!

- هەردووکیان.

- چۆن؟!

- هیچیان باش نین.

- گریانم بۆ حاڵی خۆمان دێ.. نازانین بۆ کوێ لێ دەخورپین..

- پێکەنینم بەوانە دێ نازانن بۆ بەدوامان کەوتوون..؟!

- ژیان وای دەوێ

- ئەی سندان لەو ژیانە بدت!

- دەواز لەو فەلسەفەو مەلسەفەیە بێنە!

- نە

- هەستە با تۆزێکی دیکە هەڵپەڕین!

- بەتەمای شێتمان بکەی؟

- لە خۆت بپرسە!

- چیمان کردووە؟

- باشە بۆ دوامان کەوتوون؟!

- لە خۆت بپرسە!

- خەوت دێ؟

- زۆر

- منیش

- دەبخەوە؟

- دەترسم.. نەوەکا...

رێژنە گوللەیەک.. هەموو شتێکی شێواند..

هەولێر- ١٩٩٨

شەوێکی ئەنفال

لۆریەکان بە قاو و قریوەو هاڕە هاڕی مەرگ ئامێز، رێگا شاخاویە پێچاوپێچەکەیان هەڵپێچاو بەرەو خوار رێچکەیان بەست.

عەقیدە لووت خوارەکە لە ژووری قوتابخانەکە سمێڵی دەجوو، گۆپاڵەکەی دەستی بە قەهرەوە لە مێزە شەق و شڕەکەی پێش خۆی داو بانگی موراسیلەکەی کرد.

- حەسون!

- بەڵێ گەورەم

- خێرا نەقیب قەحتانم بۆ بانگ بکە.

ئۆقرەی لێ هەڵگیرا بوو، لە ژوورەکە دەستی کردە پیاسەیەکی بە هەڕوەلە (کەی من وا دەبەنگ بووم بزانم هەی سەگ باوک ئەمشەوە دوورو درێژە بەچی تەواو دەکەی؟ لەو هەموو پەریە ناسک و نازدارە ئۆف... ئۆف ئەمشەو چۆن لەو گوندە خەرابەیە تەواو دەبێ). نەقیب سڵاوێکی بۆ سەندو وتی :

- گەورەم خێر بوو..

- خێری چی! چەند بوتڵ ماوە؟

- دوو گەورەم.

- کەمە، زۆر کەمە، ئەمشەو هەمووی تەواو دەبێ.

- گەورەم بەیانی دەنێرم بۆمان بێت.

- نەقیب قەت داخم ناچی لەو هەموو کارمامزە هیچمان لێ نەبوارد، هەر بۆ مەزە مەزە.

- گەورەم خەمی لێ مەخۆ.

- کوڕە چۆن خەمی لێ نەخۆم، هەی بێ عەقڵ، دەزانی ئەگەر یەکێک .. کوڕە چوار پێنجێکم بگێڕابووایەوە، ئەمشەو هاڕونە ڕەشیدانی ڕامان دەبوارد، هەموو شەوێ هەر حەسون، حەسون، ئەو سەگ بابە نازانم چۆن ناتۆپی!

- گەورەم دڵ لە دڵ مەدە براتم برا!

- ئەوە چ دەڵێی؟ نەقیب خێراکە! تێ ناگەم!

- گەورەم یەکێکم وەلاناوە

- ئەی غەدار..

- نا گەورەم خەمت نەبێ هەر ئەودەم بە نیازی تۆ وەلام نا.

- کوڕە بە شەرەفم تۆ زۆر بەشەرەفی دەخێرا لە کوێیە؟

- گەورەم هێناومە لە ژوورەکەی دیکەیە.

- کوڕە دە زووکە شێت بووم.

(هم م م هەی سەگ دایک نەقیب ئەوە تەمای بوو...) نەقیب پیلی کچەکەی گرت و بە راکێش راکێش وەژووری خست. کچە هەردوو دەستی بە روو سورەکەیەوە نابوو سەرتاپای گیانی دەلەرزی، هەند گریا بوو، نوزەی لەبەر بڕا بوو، ناوە ناوە هەنسکێکی دەدا. منداڵکارێکی تازە نەمام تەمەنی لە دەوروبەری (١٦-١٧) بەهار بوو!!

عەقید بە دەست و لەپە گەورەکەی باسکی کچەی گرت و دەستی لەسەر رووی لادا دوو چاوی کاڵی لە گۆمی فرمێسک و خوێن خنکاودا ئاگری رقیان لێ دەباری، نەقیب بە رازاندنەوەی مێز خەریک بوو، حەسونیش بەرخێکی لەشیش دابوو، لەسەر مێزەکەی داناو گوتی: گەورەم بەرخی کوردان تام و چێژێکی تایبەتی هەیە.

عەقید قاقایەکی بۆ کێشاو وتی: بڕۆ دەرەوە سەگباب، ئەمشەو ئیجازەی.

عەقید: نەقیب خۆ...

نەقیب: نانا گەورەم بەبێ تۆ چۆن ناماقولی وا دەکەم.

عەقید قۆڵی کچەی گرت، لە نێوان هەردووکیان داینا.کچە سەری بەردا بوونەوە هەنسکی دەدا، نەقیب دەستی گەیاندە پێکەکەی و هەڵیداو گوتی : لە چاوی کچە کوردان، عەقیدیش پێکەکەی هەڵداو وتی: لە چاوی ئەو چاوانە.

نەقیب:پێکەکەی پڕ کردەوەو بۆ دەمی کچەی برد، ئەویش توند دەمی خۆی گرت. عەقید نەڕاندی: (بخۆوە کچی سەگ و ئەمسالەکانی، ناشێ منەتیشمان بەسەردا بکەی، وا دەزانی ئاوها بۆت دەچێتە سەر)، دەمی گەنیوی بۆ رووی کچە برد، خۆی نەدا دەست، عەقید بەناو لەپە پانەکەی شەپازللەیەکی سرەواندە بنا گوێی، یەکی دی دووان و سییان و... نەقیب وتی: گەورەم تۆ بووەستە بێزەوەری مەکە هێشتا ماویەتی.. عەقید ملی شوشەکەی گرت و لاری کردەوە سەر پێکەکە:

(کچی... دەیەوێ نازمان بەسەردا بکات، وادەزانی بەرامبەر دڵدارەکەی دانیشتووە خۆی قوربانی بکا ئەوجا ماچێکی بداتێ. وەڵڵاهی ئێستا سەما نەکەی وەک سەگ دەتتۆپێنم).

سەرو پێکی دیکەیان هەڵداو بەجووتە پیلی کچەیان گرت و دەستیان بە سەما کرد، کچە وەک پارچە پەڕۆ بە دەستیانەوە هەڵبەزو دابەزی بوو، تاشل و شەکەت بوون هەڵپەڕین، کچەش ملی لار ببووەوە سەر شانی و قاچی زەوی نەدەگرت.

عەقید دیار بوو زیاتر خۆی بۆ نەگیرا، باسکی وەک تەوق لە ملی کچە ئاڵاندو کەوتە ماچ کردنی، بە دەستەکەی دیکەشی چڕنووکی لە گیانی گیرکرد، کچە تا هێزی هەبوو زریکاندی، عەقید لە داخان و لە خۆشیان کراسەکەی لەبەر دادڕی، وەک درندەیەک پەلاماری کەرۆشکێک بدا، بەربووە گیانی تا هەرچی لەبەریدا بوو پارچە پارچەی کرد، کچەش لەبێ

دەسەڵاتیان هاوارو فیغانی بوو، عەقید دەیگوت: ئەوە هاواری کێ دەکەی دەڵە سەگ، باوکە... ت وا وەک سەگ لەژێر قوم و لمی بیابان چاوی دەرپۆقیوە، پاڵێکی پێوەنا بۆ لای نەقیب، لەبەردەم نەقیب کەوت، ئەویش دەستی لەپرچی گیر کردو بەرزی کردەوە، نوکەشەقێکی سرەواندێ، کچە لەپ و رووکەوت دەستی لە پارچەی جلەکانی دەگێڕا، هەندی دەیکرد نەیدەزانی چۆن خۆی کۆ بکاتەوە، هەردووکیان سەیری هەڵسوکەوتی کچەیان دەکرد، کەیفیان دەهات و قاقا پێدەکەنین، ئەویش وەک چۆلەکەی سەر بڕاو هەڵدەپەڕی و بەدەوری خۆیدا دەسووڕاو لە جلەکانی دەگەڕا.. کچەکە دڵنیا بوو پارچە جلەکانیشی فڕێ دراونەتە دەرەوە. لە قوژبنێک خۆی کۆ کردەوە، سەری کردە سەر ئەژنۆکانی و گوڕ گوڕ فرمێسکی بەردەدانەوە.

نەقیب: گەورەم من ناتوانم چیتر خۆم ڕاگرم وەختا...

عەقید: کوڕە هەی بێ عەقڵ پەلەی چیتە، شەوێکی دوورو درێژ ماوە، با ببینە ئاگر ئاگر، ئەوسا بەزم خۆشە.

سەرو پێکی دیکەیان هەڵداو عەقید هەڵسا جلەکانی خۆی داکەند گوتی: نەقیب جارێ تۆ برۆ ئەودیو: نەقیب پلە گۆشتێکی خستە زاری و پێکێکی لەگەڵ خۆی بردو گوتی: گەورەم ئیسراحەت وەرگرە، هەرکە بەزاوا بووی زوو خەبەرم بدە تا تەقەیەک بکەم. عەقید وەک بەرازی برسی بەدیار کچەوە دەیمڕاند، دەستی گەیاندە کەزیە کراوەکانی، سەری

بەرز کردەوە، کچە جولەی نەبوو، سەیری چاوەکانی کرد کەوتبوون، لەشێکی ساردو سڕ، لە داخان تا هێزی تیا بوو پێلەقەیەکی لە تەنگەی کوتا.

هەولێر- ١٩٩٤

تابلۆی یادێکی شوم

مات و تەنیا لە بەر پەنجەرە بچووکەکە دانیشتبوو، نیگای برِیوەتە ئەو پلیتە بەفرانەی نەرم و بێ چپە خۆیان بە باوەشی دیوارو زەوی و پەنجەرەکەدا دەکەن، دیمەنێکی سەرنجڕاکێشە، لە تابلۆی هونەرمەندێکی چیایی دەچێت، زەوی تێیدا بەرگێکی بوکانەی پۆشیوە، کەچی لە تابلۆی یادەکانی ئەودا پێچەوانەیە. دیمەنێکی دزێوەو هەرگیز حەز بە بینینی ناکات، خامۆشی و تەنیاییەکەی زۆریان بۆ هێناو یادەکانیشی ئەوەندە ساردو سڕبوون لەشیان سڕکردو جلّەوی بەرگریان شل کرد، تا بە دەروونیا شۆڕبووەوە و کەوتە شیکردنەوەی تابلۆکە (ئەی بەفر تۆ هەر ئەو مانا زانستیەت نییە کە زاناکان دەڵێن:

(بەرزبوونەوەی هەڵم تا پلەی بەستن) نە ئەو جوانیەشی کە شاعیران دەتکەن بە تارای بوکێنی و پەپولەی زستان، تۆ تابلۆیەکی لەدەروونما بە فرمێسک و خوێن نەخشێنراوی، ئێسک و پێڵو فرچە بوون و رۆژگاریش هونەرمەندێکی کارامەبوو).

جگەرەیەکی خستە نێوان لێوە لەرزۆکەکانی و دایگیرساند، بڵێسەی ئاگری دەنکە شخاتەکە بووە ئەڵقەیەکی بەیەکگەیاندنی نێوان خۆی و ئەندێشەکانی.

سەرنجێکی نائاسایی دایێ: لە تروسکەی چاوە سیسەکانی دەخوێندرایەوە دەیەوێ بڵێ (رۆژانێ بە چل پەنجە شادەمان پێ دەهێنا). بەفرەکە تادەهات گۆشەو ناواخنی حەوشە بچوکەکەی سپی دەکرد. یادە تاڵەکانی ئەویش زیاتر دڵ و دەروونیان دەئاخنی.

- دایە گیان تەواو دوا کەوتن، باوەڕ ناکەم ئیتر بێن ئەوا نیوەڕۆیەو بەفریش بێ پسانەوە دادەکات، رێگام بدەن با بڕۆم؟

- کوڕم چاوەڕووان بین چاکترە هەردێن.

(لەگەڵ بەفرینی خوشکە بچکۆلەم هەر یەک دەستێکمان گرتبوو: کاکە شێرۆ گیان تکات لێ دەکەین مەڕۆ گورگە هارەکان برسین، لوڕەیان دێ دەترسین...! چاوی خنکاوی لەنێو دەریای سۆزو غوربەتی گەشبینانە تێ دەبڕین و دڵخۆشی دەداینەوە! لەچی دەترسن؟ دەڕۆم ئاگرو خواردن دێنم دوور نییە، ئێستا دەگەڕێمەوە، رووی تکای وەرگێڕا بۆلای دایکی: دایە گیان چار نییە دەبێ بڕۆم دڵتان بەمنەوە نەبێ وریای بەفرین و رێباز بە.

خواحافیز دوا وشەی بوو لەسەر لێوەکانی هەڵفڕی، دەرگای ترازاندو بەدەرکەوت، دەنگی خرپەی بەفری ژێر پێی و پڕمەی گریانی ئێمە تێکەڵ بوون.. گوێی نەدا سەدای گریانی بە

کوڵمان.. لەسەر شێڵانی بەفرەکە بەردەوام بوو، تا گەیشتە تاوێرە گەورەکەی بەرامبەر کوخەکە.. پێش ئەوەی پێچ بکاتەوە ئاورێکی لێ دایەوە.. دایکم هەردووکمانی لە باوەش گرت و فرمێسکی مەییوی سەر کوڵمە تەزیوەکانمانی سڕی، لەگەڵ ئەوەش فرمێسکەکانی خۆی برژانگەکانی خنکاندبوو، دوو جۆگەلەی پێچاو پێچپشیان لەسەر روومەتە لۆچدارەکانی هەڵبەستبوو.

تەزووی ساردی ئەم کەشە بێ بەزەییەش موچرکەی بەنێو لەشی زەردەخەڵگەڕاوماندا دەهێنا.. قرچە قرچی ددانیشمان بێ دەنگی ژوورەکەیان دەشکاندو چاوەڕوانییش لە رێگای هات و نەهات ترس و سامێک بوو ئاوێتەی دەریای ئازارەکانمان ببوو. لەپڕ دەنگێکی نەرم و ئاستەم، پەردەی لەسەر رووی بێ دەنگی ئەم چاوەڕوانیە درێژدادڕە هەڵماڵی).

- دایە گیان ئەوە بۆ کاکم نەگەڕایەوە!؟ ئەدی نەی وت زوو دەگەڕێمەوە؟ (دایکشم توند لە باوەشی گرت و چەناگەی خستە نێو قژە رەش و ئاڵۆزەکەی: چاوەڕوانبە کچم دێتەوە هێشتا زووە.

منیش و دایکیشم درکمان بەوە کردبوو کە زۆر دواکەوت، بەڵام هیچمان لە دڵمان نەدەهات ئەو رازە بدرکێنین، ئەو بێ دەنگیە زۆری نەخایاند سۆزی بێ پایانی دایک بەرگری ئەو رازی پەنهانەی تێکشکاند، فرمێسک لە چاوە سوور هەڵگەڕاوەکانی

به ئاشکرا دابارى، ئێمەش بێ هێزو لاواز دەستمان کرد بە کرۆزانەوە، جەستە تەزیو، هەناو برسى، دڵ پشکۆ.

- رۆژ دەرنگە شێرۆش هیچ سۆراخى نەبوو. ئاى چاوى دایکت کوێربێ ئاخۆ چیت بە سەر هاتووە رۆڵەى بێ مرادم.

(ئۆقرەم لێ هەڵگیرا. دایە گیان لە وزەى چاوەڕووانیما نەما.. دڵم وا تەقى کرد... دەڕۆم بە شوێنیا تا سۆراخێکى بکەم)

- ناکوڕم نەکەى تۆش ئاو و ئاو دەچى، من دەچم.

(یەکسەر لە شوێن خۆى هەڵسا، بەڵام نەیتوانى دوو هەنگاو هەڵێنى و کەوت، جا دایە گیان گەر تۆ بتتوانییایە رێ بکەى کاکم ئێمەى بۆ جێ دەهێشت هەر هەموومان دەڕۆیشتین.

دایکم ئەو باڵ، بەفرینى ناسک و بێ نازیش ئەو باڵیان لێ گرتم)

- توخوا کاکە گیان مەڕۆ تۆش جێمان مەهێڵە.

زۆر دڕندانە دەستم لە دەستیان راپسکاندو بە خێرایى وەدەرکەوتم و رێگاى نائومێدیم گرتە بەر. هەر کە گەیشتمە پێچەى تاوێرەکە بە وێنەى کاکم وەک نەرێتێکى کۆنى کوردەواریمان دوا ئاوڕم وەک دوا مالئاوایى لێ دانەوە.. هەردووکیان وەک ستون لەبەر دەرگاى کوخەکە چەقیبوون.. سەرنج دانیان بەم شێوە غوربەتیە شتێکى وا سانا نەبوو، گەر جڵەوم بۆ هەست وسۆزم شل کردبا، لە جێگاى خۆم چۆکم دەدوا دەگەڕامەوە، بەڵام

ئەوەی ئەو کات بیرم لێ نەدەکردەوە (گەڕانەوە بوو) بۆیە پشتم تێ کردن و ڕۆیشتم.

ئەوەی لەو هەموو مەینەتیەی ڕێگای سەختمی تۆزێ کەم کردبووەوە بەفرەکە بوو، لەو کات وردو کەمتر دای دەکرد. جلەکانی بەرم بەفر وای بەستبوون، لەگەڵ هەنگاوناندا بەحاڵ لۆچیان دەکرد. قاچەکانم سڕو شەکەت ببوون. لە نشێوەکانا وەک تۆپەڵە بەفر گلۆر دەبوومەوە. لەوێشەوە هەندێ جار بەسنگەخشکێ خۆم دەگەیاندە ترۆپکی هەورازەکە.

نزیکەی دوو میلێک لە کوخەکەوە دوور کەوتبووم، لەپڕ لەنێو بەفری سپیدا تارماییەک کەوتە بەر نیگام! هەڵوەستەیەکم بۆ کردو بە پەلە بۆ لای کشام، هەر کە تەواو لێی نزیک کەوتمەوە هەناسەبڕ ببووم، چاوەکانم ئەبڵەق بوون..

سەرەخولەیەکی تیژ دایگرتم.. شاخ و لوتکە هەڵکشاوەکان لە بەر دەمما وەک فڕفڕۆکە بەدەورمدا دەسووڕانەوە.. خۆم بۆ نەگیراو لە شوێن خۆم کەوتم، پاش قەیرێ کە هاتمەوە هۆش خۆم، وردە وردە کەرەستە ئاڵۆزەکەی بەردەمم ڕوون بوونەوە:

ئەی ماڵی وێرانم ! خۆ ئەوە کاکە شێرۆیە!؟

(کاکە شێرۆ گیان گورگە هارو برسیەکان لورەیان دێ، دەترسین، لەچی دەترسن؟)

وەک کاسێت بە تۆماری مێشکما گوزەری کرد. گورگە دەم بە خوێنەکان، چۆن دڵتان هێنای برسیەکی وەک خۆتان وا

لەت لەت بکەن!؟ خوێنی سوورو گەشی بۆ ناخی بەفری سپی شۆڕببووەوە، چەند کورتە جۆگەلەیەکی دروست کردبوو، ئێسکە رانراوەکانی هەر پارچەی لە شوێنێ، جلەکانیشی ونجڕ ونجڕ بەم ناوەدا بڵاو ببوونەوە)

دەنگی زەنگی کاژێرە هەڵواسراوەکەی سەرسەری سەرێکی پێ هەڵبڕی (رۆژ درەنگە چاکتر وایە پەلە بکەم تا پێش تاریک دابێ بگەڕێمەوە دەنا بێ شک ڕێگام لێ ون دەبێ.

ئێسک و پروسکە بڵاوەکانیم کۆ کردنەوە و لە جلەکانیم پێچان.. هەروا بگەڕێمەوە!؟ چۆن بتوانم شێرۆی جوان بەم کەرەستە خاوە لە بەردەم دایکی پیرو جگەر سوتاو وخوشکی دڵ ناسک دابنێم! هەرگیز لە دڵم نایە. چاوم گێڕا داربەڕوویکی تاقانەم بەدی کرد.. ئەمانەتی رەگ و ریشەکانیم کردو دوا ماڵئاواییم لە گۆڕەکەی کرد) پلیتە بەفرەکان لەبەر چاویا دەبوون بە گەلە گورگ و هێرشیان بەرەو رووی دەهێنا، لێیان دەسڵەمیەوە، بەڵام لموز شکاو خۆیان بە پەنجەرەو دیوارەکەدا دەداو دەکەوتنە سەر زەوی (بە نائومێدی سەری گڵۆڵەی ڕێگای سەختم گرتەوە، کە گەیشتمەوە پێچەی تاوێری گۆرین، دنیا تەواو خۆی لە باوەشی تاریکیا مەڵاس دابوو.. تروسکەیەکی لاواز لە درزی دەرگا رزیوەکە تاریکی تەی دەکرد، زانیم گەیشتوون کە دەرگاکەم وەلا نا!

هەموویان وەک بازنە بە دەوری دوو لاشەی بێ گیان راکشاو

چۆکیان دابوو، چاوی پڕ لە فرمێسکی گەرم و غەمگینیان لێ هەڵینام!

- تەنیای!؟

- بەڵێ.

هەولێر- ١٩٨٦

لە هەولێرەوە تا... !

ساڵ: دوای راپەڕینە مەزنەکە.

تەمەن: تازە خۆی ناسیوە.

شوێنی لەدایکبوون : کوردستانی باشوور...

ناو: ئاجەر.

دەرچووی: دووی ناوەندی.

باوک: عەرەبانچی.

دایک: دوو ساڵە بەنەخۆشی نەبوونی سەری ناوەتەوە.

برا: دوو / ٣ ساڵە — ٥ ساڵە.

خوشک: نیە.

نرخ: دە ملیۆن لیرە.

مارەیی:١٩ مسقال زێڕ یان هەر نایەوێ.

- (تەمام)

- چی؟

- دبێژم ئۆڵدو.

- یەعنی موافقن؟

- بەڵێ.. مەلا لـ دۆر وە هەنە؟

- بەڵێ جیرانمانە.

- زوی بن.. تا درەنگ نەبووە.

- هەر ئەمڕۆ دەیبەن؟

- هەنووکە مارە بکەین... ئەم دێچین... رێگامە دویرە..

ب قاچاغ دزڕین...

مەلا گەیشت وچەند چرکەیەک.. کۆتایی بەهەموو شتێ هات.

سوار بوون... دوو چاوە مەیلەو کاڵە خنکاوەکەی دوا چرکەی مالئاوایی هەڵبڕین.. تەنیا تارمایی بەر دەرگەو چەند کەسێکی بینی لە جموجوڵدا بوون و دەستیان هەڵبڕی، دوا دەنگیش برا پێنج ساڵیەکەی بوو:

- ئاجۆ.. دێم.. ئاجۆ...

ئارەقەیەکی سارد نێوچەوان و لاجانگ و بن هەنگڵ و هەموو گیانی شەڵاڵ کرد.. دەست و پەنجە و برژانگ و لێوی لەرزین.. دڵی ئەوەند بچووک ببووەوە.. قەستی دەکرد لەکونە تفتکی دەرپەڕێ.. بەرچاوی تاریک بوون.. ئاگای لە خۆی برا..

بەئاگا هاتەوە.. لەسەر پشتی هێسترێک شەتەک درابوو.. سێ جەندرمە دەوریان دابوون و مشتومڕیان بوو.. ئەو لە هیچ

نەگەیشت.. ئەوەندە نەبێ سنوورە دەستکردەکەی مەفتەتی خۆی بڕیوەو ئەوانەش پۆلیسی وڵاتێکی دیکەن و لێیان دەپێچنەوە.. زاوا سەفتەیەک کاغەزی خستە گیرفانی یەکێکیان.. گوێی لێ بوو هەرسێکیان دەستیان خستە سەرشانی و گوتیان:

- خۆش گالدنن.. بویرن.. بویرن..

بەڕێ کەوتن هەموو شتێ ئاسایی بوو.. تەنیا دیدگەو ناخی ئەو نەبێ.. بەخۆیشی نامۆ بوو..

رۆژ لە زەردەوە رووەو ون بوونێکی ئەبەدی دادەکشا.. هێستری تاییەنیش رووەو ئەو شوێنەی نە خۆی و نەمیوانەکەی سەرپشتی نایزانن.. سەری هەڵبڕی.. ریشۆڵەکان بەم ئێوارە درەنگە، رەوە رەوە لە باشوورەوە رووەو باکوور دەتگوت مێروولەن تاوێ خرۆ پەرت و تاوێ درێژکۆلە ریزبەند دەبوون و تاوێ بەرزو تاوێ نزم بەبێ نازی بەسەر هەناسەی خنکاوی بۆن غەریبی ئەودا فڕەیان دەهات و ون دەبوون.. (هەموو لەوێ دێنەوە... خوزگەم بەخۆتان سبەینێش لەگەڵ کازیوە دەگەڕێنەوە، تەنیا من نەبێ.. بەم ئێوارە درەنگە هاوڕێگەتانم و سبەینێش ناگەڕێمەوە.. داخوا کامتان لە ئاسمانی حەوشەکەی خۆمان جیقنەیەکتان باراندووە بێ ئاگا لەوەی ئەم ئێوارەیە ئاجەر لەوێ نیە بیمالێ.. رەنگە هەندێکتان بمناسنەوە. پێتان سەیر بێ لێرەم دەبینن!! دەبێ کامتان بمناسنەوە؟

یەکێکتان جارێک لە سەر دارتوە رووتەکەی حەوشەمان یا

لەسەر کالیپتۆزەکەی دراوسێکەمان شەوتان بەسەر بردووە.. بڕواناکەم نەمناسنەوە.. ئێوەش بێوەفان.. وەک باوکم).

هێستری گۆرین ساتمەیەکی کرد.. خۆی گرتەوە.. هەڵدێرێکی هەزار بەهەزارە..

(خۆزیا هەڵدێرابایین.. هەلا هەلابام، خۆشترە لەو ژیانە چاوەڕوانەی وەک تیغێکی ژاراوی ڕووبەڕووم بووەتەوە.. ئێستە خەڵکی گەڕەک چ دەڵێن :

- ئۆمەرە کەڕ لێیدا.. لە کۆڵ نانی (جۆ) بووەوە!

- ئەی بەسندانی بێ

- دەتوانێ دوکانێکی باشی پێ بکڕێ.. لە کۆڵ عەرەبانە بووەوە.

- ئەی بەمیراتی بێ!

- کەس کیژی نەبێ ئۆمەر نەبێ

- ئەی قوڕبەسەر ئەو کیژەی هی ئۆمەرە!

- ئەوە ئۆمەر چ جەرگەکی هەیە ئەو منداڵەی ئەوها...!

- پارە... پارە... مەلای لە مزگەفتێ....

- ئەی دایکت کوێر بێ ئاجەرە... هەنووکە چەند غەریبی

- فەقیری هەموو شتێ بە ئینسان دەکا

- وەڵڵاهی لە برسان لارو پاربم کیژی خۆم نادەمە...

- پەکو... پەکو..

- ئەو ئۆمەرەکەپە هەقی کوشتنی هەیە

- خوا هەقەسای ئەو کیژۆڵە بێ گوناحەی لێ بسەنێتەوە

- جێی ناوەندی جەهەندەمێیە

هەوا تاریک بوو.. سەگ وگورگ لێک نەدەکرانەوە.

حەپەی سەگ و زەپەی کەرو باعەی مەپو بۆپەی مانگا لە دوورەوە موژدەی ئاوەدانیان دەدا. لە هەورازەکە سەرکەوتن تروسکەی چەند گڵۆپێکی زەرد لێرەو لەوێ دەرکەوتن..

(گوندە... شارە؟ دەبێ هەر گوند بێ.. دەڵێن گوندی ئەوان هەمووی کارەبای هەیە).

شلوخاو لەسەر پشتی هێستر بەلادا دەهات... دوو سەگ پێشوازیان لێکردن، چەند جارێک چەرخە بەدەورەیان کردن، لێی نزیک بوونەوە، دووجار لموزیان گەیاندە پێی.. بۆنی نامۆییان لێکرد، دەستیان بەوەپین کرد. پیرەژنێک دەرگەی حەوشەی دوولا کردەوە، هێستری گۆرین لە تەنیشت ئاخورەکە وەستا.. پیرەژن پیلی گرت و پێی خستە سەر لێواری ئاخورەکەو دابەزی... بۆنێکی ناخۆش بەم شەوە فێنکە سەراپای هەوای حەوشەو ژوورەوەشی داگرتبوو... ئەو کە قەت لە گوند نەژیابوو.. نەیدەتوانی تێبگا بۆنی چییە.. چەند چرکەیەک پشتی بەدیوارە قورەکەدا، خۆی بۆ نەگیرا... راکشا... پیرەژن گوتی:

رابە... شیڤێ ڤەخۆ.

نەک برسی نەبوو... هەستی دەکرد هەرچی لە هەناویدایە خەریکە یەقی بکاتەوە.. پیاوەکان بەردەوام مشتومڕیان بوو، دوو پیاوی دیکەش لەوێ بوون، بەڵام جلی شاریان لەبەر بوو.. زۆڵفیشیان درێژو سمێڵیشیان پاک تاشیبوو...

(ئەوانە لە گوندیان ناچن.. بەو شەوە لێرە چ دەکەن؟ رەنگە قاچاخچی بن.. دەشێ خزمیشیان بن و لە مێژبێ کەوتبنە شار و زمانی خۆیان لە بیر کردبێ.. یا هەر لەبەر من بەزمانی خۆمان نادوێن.. چوزانم لە چی دەگەم... وا تێگەیشتم بەکەڵکی چ دێ؟)

پیرەژن خواردنی دانا

- بخو

سەیرێکی کرد نەیزانی چییە.. فرمێسک گلێنەکانی لێڵ کردو سەری خستە سەر ئەژنۆی و نەرمە گریانێکی بەکوڵ دایگرت (چ چارەنووسێکە.. ئەمن لەو غوربەتە چ دەکەم؟).

دەنگی ماشێنێک هەمووی مشەوەش کردن.. پیاوەکان بە پەلە دەرکەوتن..

(خوایە ئەتۆ بکەی جەندرمە بن و هەموویان بگرن) لە دەرەوە بوو بە دەنگە دەنگ بەرەو ژوور بوونەوە.. کەسێکی دیکەی شاریان لەگەڵدا بوو.. بەینێک مشتومڕیان کردو بەستەیەک

پارەیان بەزاوا دا و شوفێرەکە جانتاکەی کردەوەو دەستێک جلی مۆدەی دایە دەست پیرەژن..

- هەستە..

- پیلی گرت و پەلکێشی دیوەکەی دیکەی کرد..

- زووکە خۆت بگۆڕە؟

- بۆ؟ بەم شەوە دەرنگە بۆ کوێم دەبەن؟!

- دەچنە شار...

- ئەی ئێرە مالّی کێیە؟

- مالی زاوا لێرە نییە... لە شارە...

- ئەدی ئەو گوتی لە گوندین؟

- درێژەی مەدێ خۆت بگۆڕە!

- خۆی بەسەر پێی پیرەژن دادا.. توخوا دایێ.. دایێ پێم بلّێ بۆ کوێم دەبەن؟!

پیرەژن جلەکانی بەری دادڕ دادڕ کردو جلە تازەکانی بە زۆر کردە بەری و پەلکێشی کرد.. پێش خۆیان دا.. لەگەڵ سێ پیاوە شاریەکە سوار بوون.. رێگەکە قوڕو لیتە بوو.. لە هەندێ شوێن تا نێو قەدی ماشێنەکە ئاو دەهات و جار جارەش دووانیان دادەبەزین و پالّیان دەدا..

(بابە.. باوکە کەڕەکەم.. باوکە برسیەکەم.. خۆ من جەرگی خۆت بووم.. بۆ وات لێکردم.. گەر دەشت فرۆشتم بۆ وا؟! ئاخر

بۆ وا؟! خودایە ئەوانە بەرەو کوێم دەبەن؟! دەفریام کەوە.. خۆ من قەت تۆم غافل نەکردووە.. بۆ وام لێ دەکەن؟ هێلانە پەڕەسێلکەم تێک نەداوە؟!)

ئەوان بەردەوام قسەیان دەکردو جگەرەیان دەکێشا.. ناوە ناوەش پێکڕا قاقا پێ دەکەنین و هەندێ جاریش ئەوەندە لە یەک سوور دەبوونەوە هەر ئەوەتا یەکتریان بەر شەق و زلله نەدەدا.. (خوایە.. ئەوە چ مەخلوقەکن؟!)

دڵی ئەوەندە تووندبوو پێی وابوو هەر سێکیان دەستیان لە دڵی گیر کردووەو رایدەگوشن.. هەستی دەکرد جەرگ و دڵ و ریخۆڵەکانیشی خەریکە لە دەمییەوە بێنە دەر.. دوو سێ هۆقی کرد.. هیچ لە هەناویدا نەبوو بڕشێتەوە.. سەری بەشانی خۆی کرد..

لە دەروازەی شار هەزاران هەزار گڵۆپی ڕەنگاوڕەنگ و باڵەخانەی بەرزو دوکان و بازاڕی پاک و پڕ کەلوپەل پێشوازیان لێکرد..

(شارەکەم.. شارەکەی خۆم.. چەند بێ نازم.. چەند بەحەسرەت بووم شەوێک پیاسەیەک بە نێو بازاڕی ئاوەدانت بکەم.. لای خۆمان هەر تاریک داهات خەڵک وەک ئاژەڵ و پەلەوەر بە پەلە خۆیان لە کونی ژوورەوە دەئاخنن.. لێرەش بەم نیوەی شەوە لە نیوەڕۆیەکی دەرەنگ دەچێ.. فایدەی چی.. بە من چی!!)

لە بەردەم بالّەخانەیەک دابەزین.. قۆڵیان گرت و پەلکێشی ژوورەوەیان کرد.. رازاوەو پاک و پڕ مۆبیلات بوو..

دوای چەند چرکەیەک دوو ئافرەتی نیوە ڕووت و خەوالّوو بەژوور کەوتن، بێ ئەوەی یەک قسە بکەن.. جلەکانیان داکەندو جلی شەویان لەبەر کرد.. ئەویش وەک منداڵی ساوا نقەی نەدەکرد.. ئەوان ڕۆیشتن دەرگای ژوورەکە دوولا کرا.. سەرەتا ورگێکی زل دەرکەوت.. پاشان سەرو کەللەیەکی داچۆڕاو شۆرتێک و فانیلەیەک لەبەر..

بوتڵێک بەدەستی چەپی و گلاّسێکی نیوە پڕ دەستی ڕاستی.. (خوادیە.. خودای گەورە.. ناشێ ئەوە زاوا بێ!! ئای باوکە بێ ویژدانەکەم چۆنت فرۆشتم؟!)

کابرا چەند قسەیەکی کرد.. هیچی لێ حاڵی نەبوو.. تەنیا ئەوە نەبێ دەم و ددانی دەتگوت نارنجۆک لە نێویاندا تەقیوەتەوە..

گلاسەکەی بۆ ڕاگرت.. ڕووی خۆی وەرگێڕاو لە گریانێکی بە کوڵ هیچی دیکە دادی نەدا..

لە پشتەوەڕا هەستی کرد دەستی کابرا وەک مار لە نێو قەدی ئاڵا.. ورگە نەرمەکەی لە پشتی گیر کرد.. تا هێزی تێدابوو زریکاندی..

هەولێر- ١٩٩٨

تۆ لە نێوان -؟ و! دا

فیلمێکی تۆقێنەرە، لەی ژێر پێی ئەسپی شەپقە لەسەرەکان، چاوی منالّە وردیلەکان کلپێژ دەکەن، نە - نابینای دەکەن.

(وای لەو فیلمە بۆگەنە.. خۆ ناوێرم چاویشم بنوقێنم). وردە لەی ژێر نالّی ئەسپەکان چاوی پێ خستیەوە سەریەک.

دەنگ: دوورگەکان دوورن.. ئەو پاپۆڕانەی دەگوزەرێن.. تروسکایی فەنەرەکانیان دیارە.. ئێرەش مەلێکی دەستەمۆیە.. قەدەر خوێنی لێ سوور کردووی.. دەیەوێ رەشیشی بکات و بیکاتەوە هەلّم و گلّ.. گوێت بکەوە.. با پەردەکانی بۆ گوارەی هەنسکان نەسمم..دەمێکە کاروان گەیشتووە.. بارەکانیان هەروا لەسەر پشتە.. کەس فەرموویان لێ ناکا.. ئەگەر لایاندابا گۆڕستانیش مردووەکان پێشوازیا دەکرد.. ئێرە مەلێکی دەستەمۆیە.. وەستای قەفەزان قەدەرێکە دیزە بەدەرخۆنەی لێ کردووە.. ئەو قۆمەتە گلّەی بەردەمت بکەوە.. ئێسکەسەرێک لە بۆشایی شوێن هەردوو چاوەکانی کرمی تووکن ململانێیانە،

کامیان مووخه وشکەکه بخۆن..

(بەسسسە... ئەوە چییە!! لە هیچ ناگەم)

چاو دەکەیەوە.. فیلمەکە هێشتە لە ناو تەپ و تۆز ئاڵاوە.. ئەسپەکان دەحیلێنن.. سمکۆڵ دەکوتن.. تێر ئالیکن.. هەروەک سەرپشتەکانیان.. ئەوانیش دەمانچەکانیان لەسەرپێیە: (شەلم کوێرم.. هیچ نابوێرم).

منالێک لە ژێر دەست و پێی ئەسپەکان دەست لە مەمە لاستیەکەکەی دەگێرێ.. پیرەژنێ زریکە دەکا.. ورگی دەبێتە بەلەمی نالّی ئەسپێک.. زاوا بە دوای سواریّک وێڵە بووکی لە پاشکۆی زینەکەی شەتەکداوەو چوار پەلە دەیرفێنێ.

- ئەو فیلمە قۆڕە چییە؟! بیکوژێنەوە!

دەنگ: هاوار مەکە.. ئەوە لەکەیەوە فێری ئەو قیژاندن و فەرمانکردنە بووی ؟! ئێرە فێری بەفری ئەستووڕە.. پاساریپەکان دەنووکیان سووتا هەندی لەبن بەفری بگێڕن.. بەدوای زەڕپەک دان تا دەنووکیان گەرم کاتەوە.. ساتەکان یەکتر دەخۆن و دەخۆنەوەو تێر نابن.. تا تۆش لووش دەکەن.

(چی؟! من! منیش دەخۆن؟! کووو ئەمنیش دەخۆن؟!)

چاو هەڵدێنی ئێستە تەپ و تۆز هێور بووەتەوە.. بایەکی توند هەڵی کرد.. دەمامکی سوار ئەسپێکی دامالّی..

(ئەی!! ئەوە منم! ها... دەق ئەمنم!! ئەوە من لێر چ دەکەم؟!

هەولێر- ۱۹۹۲

بۆرژە خەو

- بیر لە چی دەکەیەوە.. پێت وایە بە کوێ دەگەی؟! (هەیە دەگات و هەیە ناگات.. خۆ گوناح نیە ئەگەر بۆ ساتێکیش بۆ خۆت بیر بکەیەوە..)

پەردەی پەنجەرەکەی دوولا کردەوە.. گەڵای دار پرتەقاڵەکان لەبەر رۆشنایی زیوینی مانگ دەهەژانەوەو لە خەوە نووچکەیەکی بەردەوامدا بوون..

- (دەبۆرژێن.. ناخەون.. خەوی قوولّ لای کەس نەماوە.. ئەوانیش شەوان بیردەکەنەوە.. دەترسن لەوەی کەسێک دەست بۆ مەمکیان ببات.. مانگیش بیردەکاتەوە.. دەترسێ لەوەی پتر دەستیان پێی بگاو کارەساتی زەوی بگۆڕزنەوە ئەوێ..)

- زۆر دوور دەڕۆی، ئەم غار غارێنە دەتپسێنێ!

قەڵەمەکەی بەکراوەیی لەسەر بۆرە کاغەزەکان راکشابوو

(بۆ چی دەمت کردووەتەوە؟ زۆرت خواردووە دەتەوێ یەقی کەیتەوە.. بە چرپو چاوی کێی دادەکەی: کەبابچیەک.. تووز فرۆشێک.. هەتیو بازێک.. بەڕێوەبەرێک.. پەناهەندەیەک..

وێستگه تاریکەکانی کارەبا.. بارەگای حزبێک...)

وێنەی کۆرەوی سەر بەرگی دواوەی گۆڤارە بێ نازەکەی سەر تەختەی نوستنەکەی سەرنجی پەلکێش کرد.. ریزێک رەش و رووتی دوێنێ شۆڕشگێر.. ئەمڕۆ هەڵاتوو بەرەو چارەنووسی بزر.

- کام چارەنووس؟ هەمووی لە خەون و کابووس دەچێ! رەودەکەن و دەگەڕێنەوە.. رەودەکەنەوەو دەگەڕێنەوە.. رەودەکەنەوەوەوە دەگەڕێنەوەوەوە.. رەودەکەنەوەوەوەوە دەگەڕێنەوەوەوەوە... چیتان بەچی کرد ؟! قەڵەمەکەی خستە سەر کاغەزەکان :

(ئێمە... لە... هە... چنگ... فق... تق... شق... رق... جق... پگ... شگ...)

(کوڕم دەوێ تێی بگا؟! کەس! کێ لە ئێمە دەگا چی دەکەین؟! ئافرەتێکی غەیرە کورد گوتی: کەس لە ئێوە ناگا.. هەتا خۆشتان!!).

سەری بە پەنجەرەکە داگرتەوە.. گەڵاکان بەقەدو بنەوە شێتانە دەهەژانەوە کە زۆر بەلادا دەچوون دیوارەکە دەی گرتنەوە.

(قۆناغێکی مێژوویە.. بەهەوەنتە.. بێ مێژووین.. مێژووانین.. خەمی دنیامان لە کۆڵەو بێ خەمین.. زۆر شتمان دەوێ.. هیچمان دەوێ و زۆر شتمان نیە.. شتمان نیە.. شتمان زۆر دەوێ و هیچمان ناوێ.. نامانەوێ هیچمان هەبێ و شتمان

زۆر دەوێ.. دەمانەوێ.. زۆر هیچ.. نامانەوێ..)

- بەیانی تەماتەش گران دەبێ!

(شازدە ساڵ خوێندن.. بڕوانامەم لە تەماتە فرۆشتن وەرگرت.. هیچیشی لێ نازانم.. ئێواران بە کۆڵێ زەرەرو باربێک هیلاکیەوە دەگەڕێمەوە.. ئەمڕۆ بایی دوو رۆژم کڕیوە.. بەیانیش بڕواتە دەرەوە.. نیوە بە نیوە دادەبەزێ.. نیوە زەرەرو نیوەش دەڕزێ.. تەواو قازانج سەری مایەی دەخوا.. گرنگ نیە.. گرنگ لەوەدایە من تەماتە دەفرۆشم و خەڵکیش تەماتە دەکڕن.. بکڕە بفرۆشە.. بفرۆشە بکڕە..)

لەسەر تەختەکە درێژبوو..

(تەماتە دەڕوا.. دەگەڕێتەوە.. دەڕواتەوە.. دەگەڕێتەوە.. دەڕواتەوە.. دەگەڕێتەوە دەڕواتەوەوە.. دەگەڕێتەوەوە... منیش دەڕۆم.. بەس ناگەڕێمەوەوەوەوە...).

هەولێر- ١٩٩٨

پەڕاگەندە

لێبوویتەوە.. هەندت هەناسەی رەق و وشک لەسینگت پەستا.. قەفەسەی سینگت هەڵمسا.. لەو ماڵ وێرانیە حاڵی نەبووی!!

- ئەوە حاڵی بووم.. چی؟!

تەقەیەک.. دوو.. سەت.. هەزار.. ملیۆن.. هەر غاردە.. بە کوێ دەگەی؟! گەردیلە هەوایەک نامێنی گوللەیەک.. ساچمەیەک نەیگرۆێنێ.. گەردیلە تەنۆلکەیەک نامێنێ گوللەیەک ساچمەیەک نەیئەنجنێ!

(ئێرە خۆشە.. بێ دەنگە.. بێ تەقەیە.. بێ شەڕە، بەڵام بێ دراوسێ و برادەرو بێ کەس و.. بێ و.. و...)

خۆت کوتایە حەشیمەتەکەی میترۆ..

(ئاوێتەیان نابم.. وەک ئەوانم.. لە هیچم کەم نیە.. ئاوێتەیان نابم.. زمانیشیان دەزانم.. جل و بەرگم.. بڕینی پرچ و ماکیاژی رووخسارم.. هەمووی هی ئەوانە.. تێکەڵیان نابم.. ئەوە پەروەردەیە.. سەربازی.. فیراری.. پێشمەرگایەتی..

شەڕ.. بۆسە.. کوشتن.. سەربڕین.. گوللەباران.. سوتاندن.. رووخاندن.. راونان.. هەڵاتن..

لێ سەندن و... و... و... پەروەردەیە ئیتر.. تێکەڵیان نابم.. لێرە ئافرەتەکان ئەگەر یارمەتیان بدەی گاڵتەت پێ دەکەن.. لای خۆشمان ئەگەر یارمەتیان نەدەی لەناو پاس شوێنیان بۆ بەرنەدەی تانەو تەشەرت لێ دەدەن، چونکە پیاوەتی ناکەی! لێرە شەوێک تا بەیانی تەسلیمت دەبن بۆ بوتڵێک.. لای خۆشمان بوتڵێک نەک بۆ ئەوان بۆ خۆیشت بکڕی.. شەو تا بەیانی دەرگەشت لێ ناکەنەوە دەبێ لە کۆڵان بخەوی.. شەرم دەکەم لەگەڵ ئافرەت بخۆمەوە.. ئەوە ورفەتە.. شەرم دەکەم دانس بکەم.. شەرم.. شەرم.. شەرم ئەوە پەروەردەیە.. تێکەڵیان نابم و نابم..) لە وێستگەیەک دابەزی.. نازانێ کوێیە.. تا ئیستە لە دەوروبەری ماڵەکەی خۆت هیچ شوێنێک شارەزا نەبووی، بێ بەرنامە دەسووڕێیەوە.. کە بێزاریش بووی.. خۆت بەژووە بۆن و بەرام و ئەتەکێت تایبەتیەکەتدا دەکەی.. بێزار دەبی.. کە سەیری دیوارەکان دەکەی.. دەحەسێیەوە.. هەرچوارلات کردووە بەوێنەی برادەرو دۆست و ناسیاوو کەسوکارت.. هی شارەکەت.. هاوینەهەوارەکان.

لەسەر کورسیە ئاسنینەکەی کەنار دەریا هەڵکورمای (زۆرجار خەونم بە دەریاوە دەدەی.. خۆ رقم لێی بوو.. کە دەمدی شەپۆلە هارو شێتەکانی پاپۆڕێکیان نقووم دەکرد.. زۆر جاریش

خۆشم دەویست کە دەمدی مەلی رەنگاوڕەنگ و مل و قاچ درێژ بەسەر رووی هێمنی مەلە دەکەن و دەفڕن و هەڵبەزو دابەز دەکەن..

وڵاتی من هەروەک بێ: ئاڵاو سنوورو خاوەن و ئاسایشە.. بێ دەریاشە. دەریا لە دوو رووەوە بۆ هەر وڵاتێک گرینگە یەکیان ئابووریەو ئەوی دیکەش پاراستنی ئەمنی قەومیە) بە چواردەوری خۆت رووانی لە باڵندە دەریاییەکان و شەپۆلە هێمنەکانی دەریا پتر سەرنجیان رانەکێشای..(ئەم تەنیاییە دەمکوژێ.. رۆژی پێنج ئەحمەدو محەمەدو ئازادو نەوزادو پێنج سمایل وبرایم و حاجی نەبینم دڵم ئوخەی نایە.. لێرە مایکل و جۆرج ولیەمێکیش نابنە دۆستم.. لای خۆمان کە بێزار دەبن شەڕ دەکەن.. لێرە ئەگەر خوانەخواستە بێزاربوون.. پێ دەکەنن.. بەکاڕ داماڵینیش ناگۆڕیم.. دەبێ کاڕێک لە ناخڕا دابماڵم، لەنێوان دوو بیرکردنەوەی نێگەتیڤ مەلە دەکەم.. هێشتا ناتوانم بڕیار بدەم.. کامیان باشە.. کامیان بۆ من باشە.. لە شوێنێک بیرم کردەوە کە هەموو بیرەکانی تێدا کوێر کرابوونەوە، ئەوە دوو هەزارو پێنج سەد ساڵە نابێ بیربکەینەوە.. لە شوێنێکیش دەیگوزەرێنم هیچی دوێنێ بەکەڵکم نایە..

خەڵکی ئێرە ئاقڵن، بەڵام سادەن.. لە سەرێکەوە مرۆ دۆستن و لەسەرێکی دیکەوە ترسناکن.. لەوێ بەچەک و سیاسەتی ئەوان و بە ئەقڵی کوێرەوەبووی خۆمان ماڵمان وێران بوو.. لێرەش

بەنانی ئەوان دەژین.. دەبا ئەوەی لێرە بۆمان دەکەن.. لەوێ بیکەن.. ئای لە ئەقڵی من.. ئەوە سیاسەتە سیاسەت.. وڵاتی خۆم.. خۆشەویستە.. بەس خۆش نیە.. ئێرە خۆشە.. بەڵام خۆشەویست نیە.. چەندخۆشە لە شوێنێک بژی هەردووکیان هەبێ).

شەپۆلەکان هێمن.. هێمن دەهاتن و خۆیان لە کەنارە لماویەکە دەخشاند.. ئافرەتە نەفس برسیە نیوە رووتەکانیش سنگ و مەمکیان لە لمەکە دەخشێنن و قریوەیان لەگەڵ قریوەی باڵندەکان تێکەڵ دەبێ.. خۆریش لەو پەڕەکەی بەسەر هوردە شەپۆلەکان دەبریسکایەوە..

(ئەوانیش بە هەوەنتە ئەم وڵاتە خۆشەیان پێک نەهێناوە ملیۆنان بەرمیل خوێنیان دەقەبەر کرد.. جیاوازیەکە لەوەدایە.. ئێمە زۆرمان بەخشی.. هی ئەوان بۆ ئەم رۆژەو هی ئێمەش بۆ هیچ!! ئای لەوڵاتی خۆم چەند گوناحە. لەمیللەتی خۆم.. چەند بێ پشت و تاوانبارە!!)

هەولێر- ١٩٩٧

دواپین خەون

لەگەڵ دواپین خەونی خۆم.. خەونێکی سپیواژ بە بەرۆکی گوڵێکی وشکەڵاتووی دەمە دەمی پایز بە هەوەڵ دڵۆپە بارانی ئاخەلێوە.. دوا بەرەبۆنی تێکەڵ بە مەرگی بەهاری شەقامەکەی ئەودیو کۆلێژەکە دەکا.

کێ هەیە لە خەمی ئەو بۆنە نەگا؟!

کۆتایی هەموو شتێک ناخۆشە، خۆش بن یا ناخۆش.. جیهانێک یادو بیرەوەری لە ناخدا بە هەتیوی جێ دەهێڵن.. ئەو ناخەی زۆر جار لە پاکی خۆی گۆڕەوشار دەکرێ.. کۆتاییەکان هەموویان ناخۆشن چ ئەوانەی دەمەوێن.. یا نامەوێن.. لە کوێ بێنمەوە ئەو سات وکاتانەی تاجە گوڵینەی تەمەنیان پێدا گوزەری دەکرد.. لەگەڵ دواپین خەونی خۆمدا لە خەونێکی تەمئامێزدا تل دەخۆمەوە.. خۆم لە جەستەی کەسێکی دیکەدا دەبینمەوەو گیانیشم لە ئاسمانێکی تەلبەندکراو.. خەون.. خەون.. هەموو ژیانم کەرویشکێکی مارانگەستەی قەلەزراوی دەستەمۆی دواپین

خەون بووە.. ئەو دواییەی قەت نەمدەویست و هەنووکە خەونی پێوە دەبینم..

لە ئێوارە زووێکی نەورۆزدا بوو پێشوازیم لە باوەشێ حەقیقەت کرد:

- ئێستە رازیم..
- دڵنیابم؟!
- تەواو
- هەر ئەو مەرجانە بوون؟
- ئیتر ژیان لێرەوە دەست پێ دەکا؟
- بێگومان..
- کاتەکان نامۆنین؟
- نەخێر..
- باوەڕ زۆر گرینگە
- بەڵێ..
- باوەڕت پێم هەیە
- چۆن!!
- تەواو؟
- تەواو..

هەموو رۆژ رۆژنییە.. رۆژان هەن شەون.. لە جەستەی رۆژدان.

لێرەو لەوێ شەپۆلە هەستەکان نێچیری سۆزەکان بوون.. ئێوارانی زۆر.. نیوەڕۆیانی بە حەسرەت چاو سووڕانی بۆ ئەو لا یان ئەملا.. پیاسەی بەدەر.. وشەی پاک.. گڕگرتوو.. کۆڵان و خۆش و خرۆشی تەمەننا.. دنیایەکی فرەوان.. سەرتاپا بەهار.. ئادارو نیسان و مایس پەروانەی هەوانمای مەبەست بوون..

دوێنی لە پێڕێوە دەستی پێ کرد.. هەنگاوەکانی بە پەلە بوون.. تەمەن بەرگەی نەگرت.. قسەو قسەو قسەو.. تا دواییین.. هەموو شتێ بەقسە خۆش بوون.. قسە بووە مانگی چواردە.. بوو بە قەسەمنامەو گەیشتە مێژوو.. دووکەس دوو گیان.. دوو جەستەی کرد بە یەک..

ئەمڕۆ.. ئەمڕۆیەکی تاڵ.. بۆنی مەرگەساتی لێ دێ.. ئەو گوڵەی دواییین بۆن دەدا بۆنیکی تفت و تاڵ زۆر ناخوشە.. چاوی پڕفرمێسکی هەوەڵ نمە بارانی پیرە پایزە..

دواساتەکانی تەمەنی خۆم دەژمێرم.. دواییین گاڵتەو گەپیش بە ئەمڕۆ و سبەی دەکرێ.. بۆنا!!

هەموو شتێک لەو زەمەنە سۆزانیە دەشێ.. دەکرێ لە چرکەیەکدا هەموو شتێک واژی بکرێتەوە...

هەولێر- ١٩٩٤

هاتی نەهات

شەو دەمێکە ماڵئاوایی لە نیوە کردووە.. (ئەو) ئەوی ئەفسانەیی پەنجە گەورەی دەستی چەپی.. کرت.. کرت.. یاری بەخوێنبەری مەچکی دەستی راستی دەکا.. یاری.. گەمە.. (تۆبڵێی ئەوەیان چی بێ و ئەویان چی؟ ئەوەشیان مەتەڵۆکەی دەم ئاگردانان نییە).

کرت.. کرت.. راست چەپ.. کرت.. کرت.. چەپ راست.. دەنگی تەقەیەکی دوور (دزە.. نە کوشتنە.. دەبێ شەللاتیەکی سەرخۆش بێ.. ئەوەشیان هیچ.. خۆ ئەمشەو هەینیە.. شەوی زاوایانە.. نازانم. ئەو تەقە لەعنەتیە کێندەری خۆشە ؟ کێ دەڵێ ئەو منداڵەی ئەو شەوە بناغەی بوونی دادەنرێ.. ناتۆرێ.. ناپەشۆکی.. نا.. یان مان ناگرێ؟ توخمێک.. دوو توخم و هەزاران و ملیۆنان.. با هەموویان مان بگرن.. کێ دەڕۆستی ئەو بوونە بێ ویستە دێ؟).

کەڵەشێرێک بانگی دا..(ئەمن، منی ئەفسانەیی زۆر دڵنیام

هێشته کاتی ماوه.. خەوی زڕاوە! زۆری لێ کراوە! خۆ ئەگەر زۆرتری لێ بکەن هێلکەیەکی عەنتیکە! ناوەڵڵا هەر هێلکەیەکی ئاسایی دەکات! تاریکی دەگری.. بۆکێ دەگری؟! چاک دەزانم کازیوە هێشتە خەوی ڕەش دەبینێ).

پەنجەی هەڵگرت، خوێن پڕا.. خوێنی شل.. وەک ئاو.. دەماریش دەگری.. بۆ کێ؟

- قەرسیلە زەردەکان؟!

- بەرخی نێو پزدانان؟!

- کەنمی قاسان؟!

- درکە زەردەی سەر گۆڕستانان؟!

یان دوای ناسنامەی هیمۆگلۆبین و خڕۆکە سوورەکان دەگەڕێ؟! تا لە بازگەی فەرمیی ئاودیویان بکا! هۆشێتۆکە.. بگری تا وشک دەبیەوە، چونکە ناتەوێ (٥ — ١٠ — ١٥ — ٢٠) قاچاغە ڕێت نیشان بدەم.

ئەوی لە ژوورەکەیدا بوو.. نوقمی خوێن بوو.. خوێنی شل.. زەردا و.. پارچە کاغەزێکی مەلەوان نەبێ وەک بەلەمۆکەی زارۆکان ئەم سەرو ئەو سەری دەکرد.. کەس دوو پەنجەی نەگەیاندێ.. تابوو بە هەورێکی سوورو بەری ئاسمانی داگرت.

هەولێر- ١٩٩٢

جۆگەلەکان پێچ ناکەنەوە

ئەو شەپۆلانەی دوێنێ گەردنی یاخیەتیان لە کەنار دەخشاند ئەمڕۆ لە تەرمی گورگان خواردوو دەچن..

- حەربابیەتیش هونەرە!

- تێت ناگەم؟!

- خۆزیا تێکدەگەیشتن!

- .....؟

سێبەرێکی پاک.. سەدان ناپاکی لێ دەسێتەوە.. پێڵووەکان پەنجەرەیەکی زۆر بچووک بۆ سۆماکان دەکەنەوە.. لەوێوەش دنیایەکی مەزن..

ئەو تابووتەی ئەمڕۆ مەرگی خۆشەویستی لە ئامێز گرتووە.. دوێنێ سەدان گۆرانی لە سەرشان و ملان هەڵدەفڕین..

هەر تێت نەگەیشت.. رەنگە تا دەشمری تێت نەگا..

- تۆ بڵێی بنیادەم هەندە ئاڵۆزو پاڵۆزبێ؟!

- بۆ نا؟!

(له کوێوە پێدابچم؟ جۆگەلەکان هیچیان پێچ ناکەنەوە.. ئەو خاکە شلۆقە لووشیان دەدات.. ئاخم خۆشدەوێ.. بەقەد خۆشەویستی.. رقم لێیەتی بەقەد رق.. لە باوەشم دەگرێ.. دەمەهەژێنێ.. بۆ هەتا هەتایەش دەمخەوێنێ!!

لێت نابمەوە وەک تۆش لێم نابیەوە..

هەڵپە مەکەن.. خۆمان بەڕێوەبن.. لەو دیو خۆشەویستی رقێکی ئەستوور ختوکەی دۆزەخ دەدات.. شەو خەندەی خەمانە.. کازیوەش لەمن نایێ.. بیری خووسار و هوورەدە خوناوان دەکەم.. سوێم دەبێتەوە.. وەختە ژەکی هەوەڵ ژەم یەق بکەمەوە.. تفووووو لە درەدۆنگی بەهار..

- هەناسەکانت زایەع مەکە.. هەمووی تەمەنن....

- هەنووکە....!

- بووکێکی لە زاوا دزراوی لە زەماوەند وەدرنراوی سەربەهەشە..

(لە خەمان یاخی دەبم.. دەچمە ئەو دیو قافێ)

پێت وابوو ئیدی هەموو رێگەکان دەچنەوە بانە.. بانەییەکان:

- کابرا گێرەی لە هەولێرێ دەگەڕێ!

(لێم دوورکەوە لەو گەمەی گەمە پێ کردنە بێزاربووم..

- هەمئم...

- با....

- همئم...

(ئەوەندە چاوقایم و کەڕە هۆشم.. نە ئەو تەڕدەبێ و نە منیش مارانگەست).

- نیگەران مەبە.. زستان زستانی خۆی دەکا بۆ تاقە یەک رۆژیش بێ.

(چ دەبێ.. با ببێ)

- ئەمن....

- ئەمنیش

- تفووووو لە نیگەرانی بەهار...

هەولێر- ١٩٩٤

بێ سەرەتا کۆتاییان هات!

ئێوارانت خۆش دەوێن.. بۆنی ئەویان لێ دێ.. ئێوارە نیە چرپەکانی کزپە لە جەرگتەوە نەهێنن.. هەناسەی تێکەڵ هەناسەت نەبێتەوە.. ئەوە چ دنیایەکی ئەفسوناوی بێ بەزەییە.. کە خۆریش وردە وردە ملی بۆ ئاوابوون کەچ دەکات.. وەک پرتەقاڵێکی گەییوی داچۆڕاو بۆ دەستێکی تامەزرۆ لە تۆ.. لە تۆی دەروێش.. دەبێتە بلوزە پرتەقاڵییەکەی (ئەو).

(ئەو.. ئەو.. ئەو..)

- ئاخر....

- چی؟!

- نازانم!

- وای لە دەست ئەو هەموو نازانمەی تۆ!

- ....

- ئاستەنگێک هەیە؟

- نە

لە نیوان پێڵوە تەرەکانت بەلێڵی لە خۆری گۆرین رادەمێنی:

(هێشتە نەگەییوە.. ئێستە لە چاوەکانی دەچێ وتۆزێکی دیکەش لە بلووزەکەی.. ئای لەم ئێوارە کپە.. هەموو شتێک لە ئاوابووندایە.. دەنگی مالّئاوایی.. بێ مالّئاوایی وڕوکاسیان کردم.. لە شەمشەمە کوێرەکان زیاتر شتێک نابینم لە هەڵاتن بێ..

ئای لەو هەموو ئاوابوونە :

- دەزانی درەنگ داهات؟

- دەزانم، بەڵام هێشتە...

- دەسەیرکە، وا رۆژئاوا بوو...

- نازانم چ زوو درەنگ دادێ... وای لە دەست درەنگ..

بۆ کوێ دەڕۆی هەر شەقامێکی دەیگری تارمایی ئەوی پێدا دەڕوا.. هێشتە چرپەکانتان.. هەناسەکانتان.. لەژێر گەڵای کالیبتۆزەکان بەخامۆشی ماون.. هێشتە شوکوروڵڵای بابان قەسەمنامەکەی تەواو نەبووە.. هێشتە مانگی چواردە لە ئاسمان غەزیوەو چاوەڕێی یەک نیگایە..

(ئەو) درەنگ بەرۆکی گرتووم.. وێڕاناگەم..

هەرچی شەقام هەیە بۆنی (ئەو) یان لێ دێ.. پیرە خۆریش مۆڵەت ناداو زوو هەڵدەخلیسکێتە ئەودیو.. بۆ کوێ دەڕۆم!!

دەبێ چی لەوە کارەساتتربێ مرۆ سەری خۆی وەن بکاو بەدوای خۆیدا بگەڕێ؟! من لە کوێ خۆم بدۆزمەوە؟ کام شار.. وڵات.. ئەو سەرەگێژەی منی حەشارداوە؟!

خۆم و کۆڵێ ویژدان بێ سەر دەگەڕێم.. لە دەرگەی هەرسەرێک دەدەم هەو نییە..

هۆ خەڵکینە کێ ئەو سەرە گێژەی منی دۆزیوەتەوە.. با ناونیشانی بۆ هەڵدەم.. تا بمداتەوە..)

- بۆ وا لەخۆت دەکەی

- ناتوانم..

- من حەز ناکەم...

- بەدەست خۆم نییە...

- پێتوایە پەشیمان دەبمەوە؟!

(ئەو بیرەوەریانە لە ناخی مرۆدا بە داخ هەڵدەکەنرێن.. بەچی رەش دەبنەوە.. چۆن دەکرێ لەعنەت لەهەموو رابردووی خۆم بکەم و خۆشم نەوێت؟ خۆ من دەزانم ئەو دنیایە هێندە قەحپەیە خۆی بە هەموو کەس وناکەس دەفرۆشێ.. بەس ئێمە دنیای خۆمان هەبوو.. جیا لە هەموو دنیایەک..)

- هەلەو... ئیرە... مان دەوێ؟

- ....

بۆ کوێ دەڕۆی خۆر بلووزە پرتەقاڵییەکەی لەبەر کرد و

ئاودیویش بوو.. ئاسمانیش کراسێکی ڕەشی ورشەداری پۆشی.. ئەستێرەکانیش وەک دەنکە تەزرە لێرەو لەوێ چاویان کز کز دەتروکێنن.

(ئەو شەوە کپ و درێژە هەمووی بەخەمی (ئەو) چۆن کۆتایی دێت؟ ئەو خەمانەی جاران تۆپشووی سەفەرو نوێژی پیرۆزو... بوون.. هەنووکەش...)

(بۆ کوێ بڕۆم دەنگت.. ڕەنگت.. هەناسەت.. تارماییت.. خەمت.. تێم ئالاون..

لە شەمشەمە کوێرەکان زیاتر هیچی تر بە دەرەوە نین.. هەموو شتێک مالئاوایی لە خۆر کرد.. منیش مالئاوایی لە تۆ...

هەولێر- ١٩٩٤

رووتبوونەوەی نامۆیی

سەفەرەکان سەریان بەیەکەوەناو کۆچە کانیش پاشقولیان لە یەککگرت.. تۆش لەگەڵ خەونەکانت بەهەموو گەردوون نامۆی.. زۆر چیرۆکی نائومێدبوونی خەڵکت نووسیەوە، ئێستە نۆرەی خۆتە.. بۆ کێی دەنووسی.. کێ دەتخوێنێتەوە مالّوێران؟!

- دەمخوێننەوە!
- نامخوێننەوە!
- دەمخوێننەوە!
- ن ا م خ و ێ ن ن ە و ە...!

(ئەو دیوارە داڕزاوانە فێرن پرچیان بە گەڵای پایزەوەختان مێش بکەن.. کێ دەزانێ لەو دیویان چ دەکرێ؟ دوعا.. نزا.. نوێژ.. سەما.. قومار.. کڕین.. فرۆشتن.. خواردنەوە.. تاوان.. دەسبازی.. لە دایکبوون.. کوشتن.. سووتان.. توانەوە.. گریان.. پێکەنین.. خەون.. فریشتە.. دز..خەوالّوو.. کێ دەزانێ کاممان بە هەتیوی سەر دەنێینەوە خەونەکانم یان خۆم؟)

- ئەوان..

- خۆم..

- ئەوان..

- خ ۆ م...

(دەمەوێ بێم.. ویست شتێکەو بوون شتێکی دیکە..

دێم × نایەم: کێ دەمگرێتەوە؟!

ئەو ئامێزانەی کراوەن هیچیان خەمە ئاوسەکانی من و خەونەکانم ناگرنەوە.. ئەو ئامێزەی منی دەگرتەوە لە ئەژنۆیان چەقیوە.. کێ دەزانێ دەکرێتەوە یان نا..

- دەکرێتەوە..

- ناکرێتەوە..

- دەکرێتەوە..

- ن ا ک ر ێ ت ە و ە..

من بۆ خۆم گریام.. لەودیو خۆم پێکەنین گریا.. لەو دیو پێکەنین.. گریان پێکەنی.. لەودیو گریان.. پێکەنین پێکەنی.. لەودیو پێکەنین.. گریان گریا.. لەودیو گریان وپێکەنین گریام و پێکەنیم و گریامەوە..

- پێکەنیم..

- گریام..

- پێکەنیم..

- گ ر ی ا م

ئەتۆ هەر بەگەنجی خۆشەویستیت لێ تۆراو تازە سەری نامۆت بەکام هەوارو قۆناغان دەگەیەنی.. سەردەمێکە ئەو ئەستێرەی لە نێوەندی ئاسمانی ئاداران چاوەڕوانت بوو.. وا لەسەر باڵی دوو هەڵۆی چنگ بەخوێن تەرمەکەی لەو دووند بۆ ئەو دووند بەرەو زەندۆڵان دەبا.

- تۆرا..

- نەتۆرا..

- تۆرا..

- ن ە ت ۆ ر ا..

(دێمەوە بشمتۆرێنی هەر دێمەوە.. کە هاتمەوە باڵێکم زریانەو ئەوی دیکە نێزگر.. چاوێکم وەیشوومەو ئەوی دی سێزدە بەدەر.. دەستێکم لە پرچی هەوران و ئەوی دیش لە هی تۆ..

- نایەمەوە..

- دێمەوە..

- نایەمەوە..

- د ێ م ە و ە

هەولێر- ١٩٩٤

هەڵ دا هەڵ دا....

(هەردووکمان شەونەبوو خەونێکی خۆش نەبینین)

- خەونەکەی ئەمشەوم زۆر خۆش بوو...

- ئەوەی منیش، بەس زۆر دەترسم پێچەوانە دەرچێ!

- واز لە قسەی پیرەژنان بێنە...

(خوومان بە خەون دیتن و گێڕانەوە گرتبوو)

- ئەو هەموو خەونە مانای چیە؟

- نازانم.. گەنجی رۆژهەڵات لە خەون بەولاوە چی دیکەی هەیە!

- بۆ پێت وایە...

- یاخوا وانەبێ....

- بێ بڕوای؟

- حەز ناکەم بەهار بێنمە چۆکان..

- قەیدی نیە، بەس دڵیشمان تووندمەکە...

- خۆزیا دەمتوانی هەر ٣٦٥ رۆژەی ساڵ دڵخۆشت بکەم..

- هەروا دەبین...

چەرچەفەکەی خستە سەرچاوی.. خۆی گلۆرە کرد....

- خەونەکەی ئەم شەوەم....

- ئەدی هی من؟

- دەڕاوەستە با من بیگێڕمەوە....

- نا ناتوانم هی من زۆر خۆشترە جارێ من...

- چیە لە ئێستەوە قسەی خۆت...

- دەتۆ وای لێک مەدەوە...

- ئەگەر وانیە وازم لێ بێنە با من زووتر...

- نە و من

- نە و من

چەرچەفەکەی تۆپ هەڵدا، لە نێو تاریکیەکەدا.. چەخ.. چەرخەکەی

ئاگردا دەستی گێڕا جگەرەیەکی راکێشاو ئەویشی ئاگردا

- بێ تامت کرد...

- چی بکەم؟!

- چۆن هەر ئەوە هەیە بیکەی؟

- لێم بووەتە نزیکترین هاوڕێ!

- هاوڕێیەکی خراپ!

- باش و خراپ و هاوڕێیەکی نزیکە!

- باش وخراپ گرینگ نیە!

- نە و

- مەبەستم هی بێ گیانە، نەک...

- خۆ جگەرەش ئەوکاتی دەسووتێ گیاندارە

- چۆن؟!

- ئەدی ئەوەنیە زیانت پێ دەگەیەنێ کە دەشسووتێ قرچە قرچ و هاوار هاواریەتی...

- دیسان کردتەوە بە کیمیاو فیزیا؟!

- بۆ کیمیاو فیزیا بەشێک نین لە ژیان؟

- کاتی زانست و زانستکاری نیە

دوو مژی توندو تاڵ.. دوو گەواڵە دووکەڵی شینباو..(شەڕ هەر دەمارەکانی خۆین نامژێ.. دەمارەکانی ژیانیش بە تەواوی وشک دەکات.. نە کارەبا.. نە نەوت.. نە... و... و...)

- با شەڕ تەوابێ..

- توا هووووو!

- بۆ؟!

- کێ دەڵێ شەڕ تەواو دەبێ؟!

- چۆن خۆ لەگەڵ تەمەنمان نیە؟!

- ئەوە قسەی کەسێکە لەو وڵاتە نەژیابێ، تۆ دەڵێی تازە لە دایک بووی! یان تازە هاتویە ئەم وڵاتە؟!

- قەیدی نیە.. بەس...

- ئەو ئەملاو ئەولایە نایخوا بۆ خۆت پەلە بکە کچ لەم وڵاتە ناسکن.. بەرگەی مانەوە ناگرن...

- تۆ بڕوات بەم ناسکیە هەیە...

- مەسەلە بڕوانیە.. فەرزە...

چەخماخەکەی گڕدایەوە لە دیوارەکەی نزیک کردەوە چەند چرکەیەک تێی راما چەرخەکە کوژایەوە.. هەموو شتێک لە بەرچاوی ڕەش بوو.. چاویشی زەق بە هەمان ئاراستە ڕاگرتبوو...

(لەبەر چاوم.. کوژایەوە.. بەزەییت بەخۆت و بەمنیشدا نەهاتەوە.. دەستیان گرتی و بەرەو وڵات و شوێن و شارو چارەنووسێکی نادیار هەڵیان فڕاندی، ڕەنگبێ ئێستە تەنیا لەو کاتانە منت بەبیر بێتەوە کە لە دەنگ و باسێ گوێ بیستی هەواڵی شەڕی بەردەوامی وڵاتەکەم دەبی).

هەولێر- ١٩٩٧

ناخ – نامۆ بوون + ی

- با بڕۆینەوە؟
- ئەو دەستەی دەیبڕۆێنی هی خۆت نیە!!
هەنگاو.. دوو.. سێ.. وەستان!
- با نەڕۆینەوە؟
- ئەو سەرەی دەیبەیەوە هی خۆت نیە !!
هەنگاو.. دوو.. سێ.. وەستانەوە!
- با بخۆینەوە؟
- ئەوەی دەیخۆینەوە هی خۆمان نیە!!
قووت.. قوززەل.. قورت.. قوززەل.. خ.. خ.. خ..!
- با بڕشێینەوە؟
- ئەوەی یەقی دەکەینەوە هی خۆمان نییە!!
یەع.. دوو.. سێ.. یایایاع
- لە نووکەوە ؟

- با بگرین
- با نەگرین
- با پێ بکەنین
- با پێ نەکەنین
- نە وا
- لە بنەوە؟
- نە و
- لە نە ئەوە؟
- نە و.. بە و.. نە و.. نب..!
- با خۆمان هەڵکەین؟
- بای نایە!
- با دەست پێ بکەین؟
- دەستمان کوا؟!

خۆر زەردێنەکەی کوڵا، هێلانەکان ئاوەدان بوونەوە، بۆنی خەو، پرخە.. هەناسە هێور، ماچی وشک.. تەپ، ورشەی دارتووەکان، لەپڕ تەقە.. گرمە.. ئاگر.. دووکەڵ.. زاق و زیق.. بۆن.. بۆنی کرووز، بۆن.. بۆنی خوێنی تەڕو سووتاو، بۆنی گۆشتی برژاو، هی مانگا.. بەرخ.. گوڵک.. منداڵ.. پیر.. جوان.. بۆنی هەموو شتێ...

- لەمن مەپرسە!
- ئەدی لە کێ؟
- لە کەس!
- ئەدی لە چی؟
- لە هیچ!
- ەەەە؟!
- با بڕۆینەوە..؟
- با نەڕۆینەوە..!
- ئاخر لە کۆڵمان نابنەوە؟
- کۆڵی خۆت بسووتێنە!
— ئاخر لە دڵمان نابنەوە؟
- دڵی خۆت فرێدە!
- دەمرم؟
- بمرە!
- نامەوێ؟
- بتەوێ!

خمخانەیە.. بۆنێکی تفت، بۆنی خنکان.. بستە قەرسیلێک نەما.. بەرخەکان لموزیان شین و مۆر بوو هەندەی لە ورده بەردانی بخشێنن!

لەودیو گریان، هاڕڕەی پێکەنین دێ

- تفووووووووو، هەر دەگەڕێمەوە

- ناگەڕێینەوە، دەستی خۆمان نیە، پێی خۆمان نیە، چاوی خۆمان نیە، دڵی خۆمان نیە، پشتی خۆمان نیە، زمانی خۆمان نیە، خوێنی خۆمان نیە.. بەچی خۆمان بچینەوە؟

- دەگەڕێمەوە، تا هەموو شتێک هی خۆم دەبێ؟

- دەمری؟

- هەموومان دەمرین!

- دەتکوژن؟

- بە کوشتن نامرم، بە دوای خۆمدا دەگەڕێم، تا دەیدۆزمەوە!

سەڵاحەدین- ١٩٩٦

لووره لوور

تریفەی مانگی ئەم شەوە درەنگ وەختە لەگەڵ هەنگاوەکانتا دەتوایەوە، تا وای لێ هات بەشی دیارکردنی شوێن دانانی پێیەکانتی نەدەکرد. جارجارەش نیگات بەرەو ئاسمانی ساماڵی ئەیلول هەڵدەبڕی، لە رووی زەردی مانگی نزیک ئاسۆ ورد دەبوویەوە.

تۆ بەکۆڵێ هیواوە هەورازەکەی بەردەمت بەرەو ژوور هەڵدەپێچا، ئەویش بێ باک لە خۆی و لەکەس بەرەو ئاسۆی ون بوون هەڵ دەکشا: دەتویست تادەنگت هەیە هاواری بکەیێ:

(بۆ وا بەپەلەی لەم کۆچە؟ ئەی هاوەردی (بێکەس)، چ ترسێک واچۆکت پێ دادەدا سەر بۆ ون بوون شۆڕ دەکەی، خۆ هەردووکمان دوو رێبواری عاشق و تەنیای نێو نیوە شەوی ئەم گەردوونە جەنجاڵ و پڕ لە نهێنیەین)، بەڵام (ویستت) لەنێو قاوغی نەویستنەوە پێچایەوە، لەسەر شێلانی تووڵەڕێگا پێچاو پێچەکە بەردەوام بووی، تا هەورازەکەت بەترۆپک گەیاند، ئەوسا

هەستت بەتۆزێک ئارامی کرد، چاوێکت بە ڕێگا داکشاوەکە داخشاندەوە تا بناری هەورازەکە.

سەیرێکی سەعاتەکەی مەچەکت کرد: (باش هاتم هێشتا زووە، حەقی پشووێکی چارەگە سەعاتیم هەیە. شنە بایەکی فێنک خۆی لە جەستەت دەخشاند، ئەڵهای حەسانەوەی زیاتر کردی. وێستت هەر لەشوێنی خۆت خۆتی لێ بخەیە سەرگازی پشت، بەڵام دەنگی سەگوەڕێکی دوور سەرنجی ڕاکێشای! هەموو ئەندامی لەشت کردنە گوێ: (ئەم سەگەلە نەگبەتیانە بەم ناوەختە شتێکیان لە چاودایە). سەرێکت بەرەو ئاسۆ هەڵبڕیەوە، مانگی کزو ڕوو زەرد لەو دیو گردەکەوە سەرەتاتکێی ون بوونی لەگەڵدا دەکردی، وات هەست دەکرد گاڵتەت پێ دەکا: (ئەی مانگ تۆ بڵێی من هەڵەبم و هەمان تووڵەڕێی تۆ هەڵم نەپێچی؟! قەت باوەڕ ناکەم!).

ڕووەو نشێوەکە گڵۆربوویەوە دۆڵە ئاودڕیوەکە هەڵی لووشیی، بە چەند دەقیقەیەک خۆت پەلکێشی گردۆلکەکەی ئەوبەر کرد. هەر هەنگاوێک بەرەوپێش دەنگە بەسام و دڵ لەرزێنەکە زیاتر دەی تەزاندی، موچڕکی پەنهانی بەلەشتدا پەخش دەکرد :

(ئەمە چ زەڕینێکە خۆ هەر هەموویان بە جارێ تێیان هەڵکردووە دەڵێی کۆرسی دەنگێکی غەیبن!).

هەرچەندە تۆ یەکەم کەس بووی لە نێو هاوڕێکانتا بەرپەرچی ئەم شتە پڕوپووچانەت دەدایەوە. گەر یەکێک باسی ڕاستی

شتێکی وای بۆ بکردبای گاڵتەت پێ داهات، بەڵام دڵت دەترسا نەک لە راستی مەسەلەکە، بەڵکو لە باوەڕە کۆمەڵایەتیەکە.

بەدەم رۆیشتنەوە کەوتیە دەربڕینی ئەو وشە لول و پێچدراوانەی لە زەریای بیرکردنەوەتدا شەپۆلیان دەدا: (گەر بەم حاڵەبێ ئەوجارە بەگیانی یەکێک و دووانەوە ناوەستێ، قڕی تێ دەخا، تۆ بڵێی فەلەک هێندە بێ بەزەیی بێ؟.. بۆ نالێی..!

هەر چۆنێ بێ من هەر گاڵتەم پێ هاتووەو هەر گاڵتەشم پێ دێت. مەسەلەکە هەمووی بەندە بەخودی مرۆڤ خۆیەوە لەم بارەش دا پەیوەندیەکە هەر خۆڕاگرتنەو بڕایەوە).

کە گەیشتیە پەڕگەی ئاوەدانی، سام و ترسێکی لەڕادەبەدەر چنگی ڕەشی لەبینی خەڵکەکە نابوو، کە دیدەت بەو دیمەنە شومە ئاشنابوو، دڵت وەک چۆلەکەی سەربڕاو ئۆقرەی نەدەگرت، خوێنی سوور و گەشی دەڕژاندە نێو پێکی مەرگ و نەگبەتیەوە: (دەتێر بخۆن.. گەر بە خوێنی من تێر دەبن، وەرن! چنگی ڕەشتان بکێشنەوە، ئەوەتام من واتەریک لەوان وەستاوم) لووڕەی سەگەلەکە دڵی زەمینیان دەهەژاند، قاو و قریوەی خەڵکە ڕوو زەردەکەش لە مەزاتخانەیەکی کێ بەرکێ دەچوو. هەزارو یەک پرسیار لە کاسەی سەرتدا گینگڵیان دەخوارد: (سەیرە! جاران: نەمدەهێشت حەپەی سەگیش خەوی شەوی ئارامیان هەراسان بکەن، کەچی..) تۆزێک پێت لێ هەڵبڕی تاخۆت کوتایە جەرگەی ئاوەدانییەکەو حەزت نەکرد پرسیار لە

کەس بکەی، یەکسەر بەرەو شوێنی مەبەست هەنگاوت نا، کە دەرگا بچوکەکەی حەوشەیانیت لێ دەرکەوت:

تەواو تێگەیشتی هاتنی ئەم جارەت بۆ ژووانی خەمێکی دەگمەنە! ئەوەتا دەبووایە ئێستا تیشکی چاوەشین و مەنگەکانی هەر لە دوورەوە پێشوازیان بکردبای و ماتی کوڵمەکانیشی بۆ تێگرتنی پەللارەماچ خۆش کردبا، بزەیەکی نەرم لەسەر رووی گەشی ئەو شەکەتیی رێگای هەورازو نشێوەی تۆی گۆڕ کردبا، بەڵام هەیهوو.. هەیهوو تازە ئەوا مانگیش ئاوا بوو.. نە نەرمە نیگاو نە خەندەو بزەو نە وشەی خورپەدارت نەدیت و نەبیست. خۆت بۆ نەگیرا دەرگای حەوشەکەت یەکلاکردوو بە ژوور کەوتی! لە جێگای خۆت وەک بت لە جوواڵە کەوتی: چاوت یەک یەک بە گۆڕی هەڵکەندراوی هیواو ئاواتە جوانە مەرگ کراوەکانتدا دەخشاند! ئەویش بێ نازانە تەماشایەکی کردی و کەم ساتێک نیگای لەسەر رووخساری شێواوت بۆرژاند. چەند وشەیەکی پچڕ پچڕی لەسەر لێوەکانی بەرەو رووت هەڵفراند (...).

ئۆقرەت نەگرت، رووی دەمەت کردە باوکی:

(خاڵە گیان تێم ناگەیەنی ئەوەچی رووی داوە؟!)

ئەویش بە بێزاریەوە کۆکەیەکی بۆ کردو بە دەنگێکی لاوازو تەڵخەوە وتی: (کوڕم گوێت لە حەپەی سەگەل نییە چیمان پێ دەڵێن!)

ئێستا تەواو دڵنیا بووی؟ کە چۆنی بۆ چووبووی وا دەرچوو!!

پێهوده له حەوشه بچووکەکه خۆڵه پۆکت دەپەستایەوە. هەناسه سواڕو بێ ئارام له گەردونێکی بێ ئۆکسجیندا دەژیای، سەراپای جەستەت گرکانێکی بێ بوار بوو: هەست، هۆش، بیر: ئاسکه کێویەکی سرک بوون، به هەوەنته بۆت بەیدەست نەدەکران، هەستت دەکرد: دەستێک که پەنجەکانی تەنها ئێسک و جومگەن دڵت رادەگوشێ. حەزت دەکرد تا هێزت هەیه هاوار بکەی: (نەمرو نەژییەکان فریام کەون وا گڕم گرت، وا دڵم تەقی کرد، ئۆکسجین..ئۆکسجین) زیاترو زیاتر تەکانت دەدایه بەر خۆت تا دەنگت بگەیەنیه کەشکەلانی فەلەک، بەڵام زمانت چووبوه کلیله، لاڵ بوو بووی، هیچت بۆ دەرنەدەبڕاو، گەرووت دەبووه گۆڕی مەرگی هاوارەکانت. ئاسمان، زەوی ئەستێرەکان، دارو دەیوار، بڕو بزگوڕه کەڵەکه کراوەکانیش له بەرچاوت میوانی حەوشەکه بوون و قاقا پێ دەکەنین و دەیانگوت: (هەی..! ئەوە تۆ کەی وا سپڵە بووی، هەر له خەمی خۆتدای، بیر بکەرەوە بیر..)

تەزووێکی سارد لەتەوقی سەرتەوە هات و له کەڵەموچکی بێتەوە دەرچوو، هەموو جەستەی لەمەوبەر هەڵچووت ئێستا کپ و مێرووله دەکا!

(ئەوە چ گەردونێکی نەگریسه وا.. هۆ خەڵکینه: دەبا سەگ دەمیان هەرزەلێ هەوکیان بنوسێ.هەند بحەپن کێ دەڵێ ئەو هەڵبەسته راستەو دەتوانێ کاری خۆی بکات. دەبا جارێک

بۆی بووەستین کێ دەڵێ خۆی لە چاڵەکە ناخزێ، ئەگەریش نا دەبا گیانی یەک دووانێکمان قوربانی گشت بێ. مەڕۆ.. مە.. ڕۆ.).. کە ڕووت وەرچەرخاند چنورو دایک و باوکی و خوشکە کەڕو لاڵەکەشی بە ترسەوە یەک چێڕ تێیان دەڕووانی! خۆت بە شەرمەزار زانی، بەڵام زانیت تازە کار لە کار ترازاوە هەرچی بوو بوو، ناچار بەدەنگێکی کزو نیمچە پاڕانەوە دووبارەو سێ بارەت دەکردەوە: (مەڕۆ.. مەڕۆ..)

ڕووت لە دیوارە گڵ و داتەپیوەکە کردەوە. دەتوت بۆ تاریکیەکە دەدوێی: (چیم کردووە تاخۆم بەشەرمەزار بزانم لە حەق و لە راستی بەولاوە.. دەبا بە هەر نرخێک بێ گرنگ.. ئەم نیگەرانیە گۆڕ بکرێ ئەوەی تۆ دەیکەی راست نییە، هەڵاتن لە ژیان، لە ژیار.. لە.. و..)

بەهەرحاڵ دواجار هەلت بۆ ڕەخسا (چنور) لەجێ ژووانی گۆرین بدوێنی. ئەوەتا هەردووک بەندەئاسا بەرامبەر چارەنووس بەجووتە چۆکتان داداوەو سەری سەربەخت کردنی بۆ دادەنەوێنن.

- ئەم جارە دەبا؛ نە ئاو، نە چیا لەتەلبەند، نەبنەسنووڕێ..

- زۆر چاکە منیش دەڵێم دەبا؛ نەحەزو نە ئارەزووش

دەبا ئەو دیدارەشمان، نەدوا دیدارو نەدابڕانێکی دی بێ..

هەردووک لە باوەشی یەکتردا فڕین وبەرز فڕین تا بوون بەلوتکەو بەفر، مانگیش پێشوازی کردن و هەڵکشایەوە. لەوێشەوە بانگی ڕێبوارە هەڵەتەکانتان دەکردەوە :

(وەرن.. وەرن نەلوتکە هەڵتان دەدێرێنێ، نەبەفری سپیش رووەتی ناسکی منالاّن و دەست و پەنجەی قەڵەشتان دەتەزێنێ، نەحەپەی سەگەلیش دەتان رەوێنێ).

سنووری پەڕەسێلکە

شوفێر: ئەم ڕێگایە هی ئەوە نیە بەتەنیا ببڕی؟

- وا ڕێککەوت..

کۆتایی شەقامە قیرەکە زۆر جێ تایەی سوڕانەوەی ئۆتۆمۆبێلی لەسەر خاکە شێدارەکە پێوە دیار بوو، هەر لەسەر هەمان ئاواز لاندرۆڤەرەکە ڕووی وەرسوڕاندەوەو ئەویش جانتاکەی دەستدایەو دابەزی.. شوفێرەکەش هەر لەجێوە دەستی درێژ کردو گوتی ئەم بزنەڕێیە بگرەو ملی پێوەنێ.

(لێم گەڕێ.. تازە هیچم نەما.. بەوەندش بەچی ناگەم.. چی ماوە بێرەم ببەستێتەوە لە گۆڕستان زیاتر.. من هیچ.. من = هیچ)

- لەخۆت بگە؟

- تڕحێوێک و دوو هەزار جڕت!

- دنیا بەری دووڕە؟

- بەمن پێنج و دوو ڕۆژێکە...

- دنیا.. دنیا.. هەوەنتە نیە...

- ئەو دنیایەی تۆ خۆتی بە قوربان دەکەی، بریتیە لەسەیرانگەیەکی زەوقی چەندۆکەیەک و هیچی دیکە.

- یانی ئێمە....

- بەڵێ.. ئێمە و ئەوان و هەمووتان...

گەیشتە شوێن هەواری سیم و سنگولکەکانی سنوور.. جانتاکەی بە زەویە شاخاوییەکە دادا.. گوێی لێ بوو شتێک لە ناویدا شکا، تۆزێک داما.. نەیزانی چی بوو.. تاقەتیشی نەبوو بیکاتەوە.. لەبیر خۆی بردەوە: (ئەوە هەوڵی ژیانە و ئەمەش سنوورەکەیە.. سنوورێکی سەیر لەهیچ سنووری دنیا ناکا.. سیمەکەش هەر شوێنەواری ماوەو ئەو گوندانەی تازە ئاوەدان بوونەتەوە پچڕ پچڕ بردوویانەو کردوویانە بەشورەی ئاژەڵان.. هەموو کەس بە سنووری دەزانێ تەنیا خۆمان نەبین.. خۆشمان (هیچ) نین).

- ئاودیو بم؟

- ئاودیو نەبم!

- بگەڕێمەوە؟

- نەگەڕێمەوە!

- خراپە؟

- باشە!

- دەمکوژن؟
- نامکوژن!
- دەگەمە بەهەشت؟
- ناگەمێ!
- جەندرمە؟
- پێشمەرگە؟
- ڕووت و برسی (کوردستان)
- سۆسیالەکەی (ئەوروپا)
- چەک هەڵگرتن
- قەلەندەرخانەکانی ئەستەمبوڵ
- خۆ کوشتن (ڕەبیە)
- خۆ کوشتن (ئیجە)
- سەنگەر لەیەک گرتن
- دانسی تیاترۆکان
- خەوی بن کەپرو ساباتان
- هی سەرسنگی سۆزانیان
- لەپی ناو لەنگەری
- چەنگاڵی سەر مێزان
- خەوی سەرابی

- خەونی غەریبی
- ئاودیو دەبم
- ئاودیو نابم

پەڕەسێلکەیەک سنوورو سنوور لابااڵێکی بەسەر ئەم دیو و لابااڵەکەی دیکەشی بەسەر ئەودیودا دەهات و دەهات (تۆ کام لات گرت منیش ئەولا دەگرم) کەیشتە ئاستی ئەو دەستێکی لێ هەڵتەکاند.. بەڵکم خۆی بە لایەکدا بگرێ.. نە ئەملای گرت و نە ئەولا، رێک بەسەر سەری ئەودا سنوورو سنوور رووەو رۆژهەاڵت شۆڕبووەوە.

(پەڕەسێلکەش گومانی لەخۆی هەیە.. پاسپۆرتەکەی مەکەو مەدینە لەم سەر سنوورانە نایخوات.. سنوورو سنوور کەی بە مەکەو مەدینە دەگاتەوە؟

- هەفتەیەک
- مانگێک
- ساڵێک
- هەزار ساڵ
- ملیۆنێک
- هەر ناگات
- دەگات
- ناگات

- د.. ه.. گ.. ا.. ت

(هەموو گەیشتنێک خۆشە، بەڵام چیە؟!

هیچ!! هیچەی لێ دەکەم رێک دەگەڕێمەوە..

دەچمەوە.. بە منداڵی کۆڵانان.. چەکداری رەبیەکان.. پیرەژنی سەر تەندوران.. مامۆستای سەرما بردەی پۆلان.. قوتابی کۆلێژان.. حزبە گەورەو گچکەکان دەڵێم.. پەڕەسێلکەش نەیوێرا لەو سنوورە بدا.. تەیرو تەوالیش هەڕەشەیان لێ کراوە.. هاوار لە خۆمان...)

هەولێر- ١٩٩٨

سزای ئاخ

- ئەگەر وابێ ڕێگا لە ڕێبوار دەتۆرێ!

- وا نییە!

- ئەگەر وابێ ستێر نابنە چاوی کانیلان!

- وا نییە

(ئەگەر وابێ... ئەگەر وانەبێ... ئەوەی دەبێ و ئەوەی نابێ)

شەوانت بە ڕۆخی سنووران ئەسپاردن و لێتدا ڕۆیشتی...

- ئەدی کێ هێستری سەرقافڵان بڕەوێنێتەوە؟

- ڕێگا لە کاروانان قاتییە!

- ئەدی کێ ماچی شەپۆلان بگرێتەوە؟

- ئاخۆ کەنار دیۆجامەیەکی ڕەشە!

- ئەدی کێ ببێ ؟

- بوون، خەونێکی نەبینراوی نەبوونە!

لێتدا ڕۆیشتی... سەرت بە هەوران، پێت بە دوندو چاوت بە

هەڵۆ و دڵت بە پیرە زۆزگ و گیانت بە زریان ئەسپارد.

- ئەدی کێ سنگی لە هەندرێن بخشێنێ و هوردە فرمێسکان کلۆڕی خەرەند بکاتەوە؟

- تازە هەور لە لوتکان نائاڵێن، کۆسەکانیش با هەر هەڵپەڕن: هەیاران و مەیاران یاخوا....

- ئەدی کێ نیگابانی بنارو قەدو لوتکەو دۆڵ و نەهال و پێدەشت و گەلییان بێ؟

- ئەوەی دێ و نایە ... ئەوەی هەیەو نییە ... ئەوەی دۆخینان شل دەبەزێنێ، قەپێلکەو ناو گوفەکە، بەهارەو ناو پایز، گوڵەو ناو گوو...

لێتدا رۆیشتی... کەس تۆزە غەریبەی ماڵئاواییشی نەدیتی.

- ناگەڕێیەوە؟

- نەخێر... بەدی

- دەگەڕێیەوە؟

- ئەدی... نە

- کە گەڕایەوە؟

- کە نەگەڕامەوە؟

- کە نەگەڕایەوە؟

- کە گەڕامەوە؟

- ئەگەر گەڕامەوە؟

- ئەگەر گەڕایەوە؟

- ئەگەر نەگەڕامەوە، پەپولەکان چیتر گوڵان نا پیتێنن!

- ئەگەر گەڕایەوە؟

- ئەگەر نەگەڕامەوە، قەتماغە لە بریتان دەترشێن!

- ئەگەر گەڕایەوە؟

- ئەگەر نەگەڕامەوە، رەببی مووی لێ بێ زمانی، پەنجەکانی هەڵوەرێ ئەوەی گوڵشەن بە گوڵخەنی دۆزەخ بەرێ.

- ئەگەر گەڕایەوە؟

- ئەگەر نەگەڕامەوە، پیرەژنی هەڵکورماوی بەر ئاگردانی ساردو سڕ، چۆکە رەقەکانی لە پەراسوان دەچەقێنێ :

(کلاشتان دڕاو هیچتان پێ نەبڕا)

- ئەگەر گەڕایەوە؟

- ئەگەر نەگەڕامەوە... خۆر لە سیپەلاکی زریان خەو بە لاوێتییەوە دەبینێ.

- ئەگەر گەڕایەوە؟

- ئەگەر نەگەڕامەوە، کازیوە لە خوسارو خوسار لە بەیان و بەیان لە ئێوارەو ئێوارە لە شەقام و شەقام لە خەو و خەو لە پێڵو و پێڵوش لە پێڵو دەتۆرێت.

- ئەگەر گەڕایەوە؟

-لێم گەڕێ با نەگەڕێمەوە، ئەگەر بگەڕێمەوە بنار چاوم بۆ دەگێڕێ، منیش داناوەڕێمەوە، ئەگەر هەزار چاوە نێرگزیلەش ماچم بۆ بگرنەوە... لێم گەڕێ با نەگەڕێمەوە... کە گەڕامەوە هەموو شتێکت پێ دەڵێم.

هەولێر- ١٩٩٤

ئەو بریسنانەی هەر دەگولێنەوە

پەڕەکانی کتێبەکەی هەڵبواردن، تا ئەو شوێنەی دوێنی شەو لێی وەستابوو، پیتە رەشەکان لەبەرچاویا مێرولەیان دەکرد، پێکی دادایەوە!

(ئافرەت.. ئافرەت. ئەو بەڵایە چی بوو، لێم بوو بە قیرو زفت، (نیوەڕۆیەکی درەنگ بوو. کە لە شار دەرچووین، دڵشادو کەیف سازبووین، ئەرکی خۆمان بەجێ هێنابوو، زۆری نەبرد لە بۆسەی بێ نمەکەکان کەوتین. ماندوو برسی کەوتینە بەر رەحمەتی باران و گوللەی گەرم، بە بریندارێکەوە بۆسەکەمان شکاند. زستانیش ئاوی هەرسێ مانگی خەست کردبووەوەو بەسەرسەری ئێمەیدا هەڵدەڕشت.

(موحسین) کە لەسەرمان هەڵدەلەرزی ئەوەندەش خوێنی لەقاچی دەتکا، لە پەراوێزی هەموویانەوە بروسکەیەکی خۆش ختوکەی دەدام، هەرچەند هەنگاو بەرەو ئاوایی دەڕۆیشتین، ئەو خۆشیە زیاترو زیاتر دنەی دەدام، منیش هانی هاوڕێکانم دەدا!

هەر گەیشتینە ئاوەدانی پشوێک بدەین و (موحسین) تەداوی بکەین ئیدی هیچمان لە بیر نامێنێ: (موحسین) هەڵی دایێ (ئەدی بگەین کاک فەرهاد.ئەتو وا لەوێ دکتۆر چاوەڕێتە منیش وادەمرم تازە تەواو)..

کە چرا زەردەکانی ئاوەدانی کەوتنە هەرێمی نیگامان، لە خۆشیان ئەوەندەبوو ببین بەکوڕی فڕیاس و خۆمان فجوڕی ئاوەدانی بکەین.

- هەموو جار کە دەچنە خوارێ، هەتا دەگەڕێنەوە بەسەر ئەو دنیایەوە نیم.

- مەترسە من حەفت رۆحم نامرم.

- چاوی شەیتانی کوێربێ، ئەوکات دەبی...!

سەگەل بەهەراو زەنای خۆیان پێشوازیان کردین، کە بۆنیان کردین، بە کلک بادان، پێشمان کەوتن.

خەڵکی گوندی زوو کۆدەبنەوە، هەر زوو(موحسین) یان گەیاندە لای ئەو کوڕەی ئامۆژگای تەندروستی تەواو کردبوو، لە ترسی سەربازی پەنای بۆ ئەو گوندە هێنابوو، ئێمەش بۆ نان خواردن دابەش بووین، جێی من دیار بوو، بەرەو سەرووی ئاوایی هەڵکشام، ئەوە مانگێک زیاترە نەمبینیوە وەی ئێستا کە دەمبینێ چ دەکا، وەک گوڵی هەنار سوور هەڵدەگەڕی، زۆر جار بەخۆم حەزم دەکرد ماوەیەک لێی دوورکەومەوە، تا شیرین تربم، چەند بەپەلە خۆم بە ژووردا کرد، ئەوەندەش خێرا لە

ڕووم درایەوە، ڕووی نەیاری چوار کەس لە هەمووشیان ناخۆشتر سەرو مێزەری مەلا بوو، ئەوان زۆر بە گەرمی پێشوازیان کردم، تا مەزرۆی دەنگ و باس بوون، منیش وەک لەو دنیا نەژیم، ئاخر بە ئامان و زەمان نەدەچووە ئەقڵەوە شتی وابێ، کۆڕی مەجلیسیش لەوە کەمتری لێ چاوەڕوان ناکرێ بەوەی کە کار گەیشتبووە جەنابی مەلاش، پڵاوێکی نایابیان لە بەردەم دانام، دیاربوو بە بۆنەی میوانەکانەوە کرابوو، هەروەک لە داوەتی سەروپێ هاتبمەوە، نەمتوانی بۆنیشی بکەم.

- خۆری ئازادی سروودی سەر زارتە، دەبێ کەی هەڵبێ؟

- هەڵدێ، هەڵاتنی زۆریش نزیکە، هاکا تروسکەی دا.

- کوا بۆ ئەو ڕۆژەی دوو خۆرمان لێ هەڵاتبان.؟

-هەڵاتنی خۆری گەورە موژدەی هەڵهاتنی هەزاران و ملیۆنان خۆری دیکەیە.

- لە پەنای هەر تەپۆلکەیەک خۆرێک هەڵدێ، یەک لەوانە ئەوەکەی ئێمەیە.

- چاکی لێ دەزانێ کچی جوان، مامۆستای وەک تۆمان هەبێ ماتەل نابین.

- ئەوە چیە فەرهاد! دیسانەوە پێمان ڕادەبوێری، ئەمن دەڕۆم، دووشکم ئیتر.

هەموو ئاین و ئۆینەکەت هەر بۆ ئەوەبوو بە دوو ماچ ماچی

موستەحەق ئاشتت کەمەوە.

هەیهوو، نەماچێک و نەدووان و نە دە، ئەو دووشک بوونە (دووپشک) بوونە.

- ئەرێ؟

- هم م.

- لەگەڵ تۆمە کچێ؟..

- ئێ کورە دەبڵێ، گوێم لێتە، چاوم لێتە، دڵم لێتە، هەستم لێتە، حەزم لێتە.

- دەڵێم خۆ ئەگەر من پێشمەرگە نەبام دنیای هەردووکمان جۆرێکی تر دەبوو، داخوا....

-داخوا چی؟ تۆ بۆ کچێکی مۆدەی شارستان و منیش پێشمەرگەیەکی دیکە.

سێ جار گوللەی گەرم جەستەی قڵیشاندووم، قەت وەک ئەو جارە نەپێکرام، منالّکارێک لە تەنیشتمەوە دانیشتبوو، خۆم پێ نەگیرا بەچرپە دامە بەر پرسیاران!

-ئەرێ کاکە وێ دەچێ لەشارەوە هاتبن؟

- بەڵێ.

- خێرە واهاتوون؟

- بۆ داخوازی.

- خوا رێکی خست؟

- ئەرێوەڵڵا مارەشمان بڕی.

- بۆ کێ ؟

بۆ ئەو برایەم وا لە تەک مەلا دانیشتووە.

چ زوو هەی داد ئۆتۆماتیکی هەموو شتێک پێکهات. لەوە زیاتر خۆم نەگرت هەستام.

هەستم بەلەرزینی قاچم کرد، ئەوانیش هەروا، بەڵام هەستی وان نیشانێکی دی دەپێکا. لە حەوشە تاریکەکە پێشی پێ گرتم، خۆم لێ لاداو وەدەرکەوتم. هەر ئەوەندەم لێ بیست: من بێ خەتام، چبکەم خۆسەریش هەڵناگرین، ناموس گرانە).

بێ ئاگا بۆ جاری دووەم دەستی بۆ کتێبەکە درێژ کردەوە، چاوێکی بەسەر بەرگەکەی دا خشاندەوە (ئافرەتی کورد... ناموس

گرانە... ئافرەتی کورد... ناموس).

کتێبەکەی تورهەڵدایەوە:

- لەپاڵ تەپۆلکەیەک خۆرێک هەڵدێ، یەک لەوانە هی ئێمەیە (فەرهاد).

خۆرەکەی خۆم بینی، لە سێبەری تەپۆلکەکە وەک توێکلە پرتەقاڵ پان وپلوچ کرابووەوە.

هەولێر- ١٩٩٢

داد... بێداد

ئەو پلیتکە هەورانەی بەر بەڕۆچکیان نسار کردبووی، ئەوەندیان خەونی بێ دەستنوێژ دیت، خەریکە شەرعییەت لە سیمایان بئاڵێ.. نسارەکەت تارماییەکی ترسهێنە.

(تۆ) لە (خۆت) دەگەڕێی و خوتیش لە تۆ

- بەداخەوە!
- منیش!
- تۆ بۆ؟!
- ئەدی خۆت بۆ؟!
- لە من گەڕێ...
- لە منیش گەڕێ..

ئەوان، رۆژانە کە هەڵیاندەواسی و دەیانگەیاندیە پردەکەی سیرات و دەیانهێنایەوە... جگەرەیەکی ئەجنەبی... کاکاوێک ببووڕەیەک و پولێک..!

(من لێبومەتەوە ئەوەندەی پێوەمابم.. قاچەکانم.. بنی پێڵاوەکانم.. تۆزی بنی پێڵاوەکانم)..

لەکێ بترسم؟! چاک... خراپ... لەمە چێتر.. لەمەخراتر... لەنگۆ چێتر... لەنگۆ خراپتر... کوندەبۆ... شەمشەمە کوێرە... چاو بزبزۆکەکان.. کرمی بنرەگان.. قۆچی قولینچکە سەران.. باڵای شکاوە سەر پێڵاوان..؟!

- لە کێ بترسم؟
- لە کێ نەترسم؟
- لە کێ ترسای؟
- لە کێ نەترسای؟
- لە کێ ترسان؟
- لە کێ نەترسان؟
- لە کێ ترساین؟
- لە کێ نەترساین؟
+ با بترسین...
+ با نەترسین...
+ بترسە..
+ مەترسە...
+ لە منت نەکەوێ

+ له پیره سەگێکت نەکەوی...

+ تفووووو

+ ووووووفت

- نە.. ب... نە... ب... بترسە

+ لە هەموومانت کەوی+ پیرەسەگ

(من لە خۆم دەگەڕێم و خۆمیش لە من... یاخییەکانیش لە (من) و (خۆم).. ئەوانیش هەروا...) لەوپەڕی دوندەوە گەوجەکان خۆیان گلۆر کردەوە، نەگەیشتنە قارچکە رێواسان... ملیان.. ئەسکوردیان... بڕبڕەی پشتیان هورد بوو.... مەڵاسەکانی بناریش تێر رێواس هاتنەوە سەر هەموو شتێکی خاس.

(مامە باس هەموو جار کە توڕە دەبوو کلکی گۆپاڵی دەگرت و دەیوت (بەو خوایەی لەسەر سەرانە ئەوها نییە بەس چ بکەم باوەهابی) مامە باس یادت بەخێر بەم نیوە شەوە ئێسک و پروسکت دەجووڵێنم بەس بەخوای هەنووکەش هەر ئەوها نییە بەس با وەهابییەکەی جارانە).

دەنگ: ڕ ڕ ڕ ڕ ڕ ڕ ڕ ڕ ڕ ڕ

دەنگ: ڕ ڕ ڕ ڕ ڕ ڕ ڕ ڕ ڕ ڕ ڕ / کپ / فت

دەنگ: ڕ ڕ ڕ ڕ ڕ ڕ ڕ ڕ ڕ ڕ ڕ

- هەستە، تا درەنگ نەبووە؟

- درەنگ... زوو... نەهەستان... نەچاوەڕووانی...

داد (نه) گه، برِیاری خۆی داوه.

- ئۆف له (من)!

- ئوف له (خۆم)!

- حەزت له چییە؟

- شەڕ...

- ئەی تۆ؟

- شەڕ

- ئەی جەنابت؟

- شەڕ

- هێی؟

- شەڕ...

هۆی؟

- شەڕ..

- شەڕ.. شەڕ.. ڕ ڕ ڕ ڕ

ناوکە خورمایەک لەسەر گووفەکێک قارچکەی کرد... سمی کەرێک قرتاندی..

مەحکەمە ە ە ە ە ە ە ە ە

تاوانبار: کەری کوڕی کەری کوڕی کەر

داواکار: قارچکە خورمای کوڕی ناوکە خورمای کوڕی گووفەک

شایەد: گووفەک

دادوەر:

تاوانبار بۆچی ئەم تاوانەت ئەنجامدا؟!

کەر:

قوربان بێ تاوانم... سمەکەم خەتابارە، چونکە قرتاندی، ئەگەرنا ددانم نەی دەهاڕی و ئەشکەوتی ورگیشم وتی نە دەکردو مەسەلەکە بەو رۆژە نەدەگەیشت

دادوەر:

دەبێ خۆت وسمەکوێرەکەت تووندترین سزا بدرێن.

+ (خۆم) دۆزییەوە !

+ لە خۆت خەنی !

د

ز

ێ

ک

لەکۆلان گیرا

تاوانبار- دەرگا دزێک

داواکار- بزرە

شایەد- باش چاوەش

دادوەر: تاوانبار ئەم تاوانەت چۆن ئەنجامداو ئەم دەرگایەت بۆ دزی؟

تاوانبار: گەورەم نەمدزیوە، دەرگای ماڵی خۆمە... پێدا هاتم... هەرچی هەمبوو فرۆشتم ئەوەی مابوو ئەم دەرگا شرپە بوو.. ئەم ئێوارەیە ئەویشم بە کۆڵم داداو... تا لە لای دارتاشەکەی ئەودیو کۆڵانی خۆمان بیفرۆشم و بەپارەکەی هەر لە نانەواخانەکەی تەنیشت دارتاشەکە چەند نانێکی گەرمی پێ بکرم و هەناوی منداڵەکانمی پێ گەرم بکەمەوە.

دادوەر:

تۆ دزی، دەبێ تووندترین سزا بدرێی، چونکە دزیت لە ماڵی خۆت کردووە... ئەوە تاوانێکی بێ وێنەیە...

- (من) یشم دۆزییەوە!

- ئافەرین!

هەولێر- ١٩٩٧

کلۆرەکانـی خەون

سپی پۆش.. لەو بووکە دەچێ لەسەر هەمان قەدو باڵاو جەستە چەند سااڵێ لەمەوبەر هەموو شەو بە خەیاڵ دروستت دەکردو بەرجەستە نەدەبوو..

دەرگاکەی ترازاند.. لەجیاتی سڵاو دوو دڵۆپ فرمێسکی مرواری لە گرمتی روومەتی گلۆر بوونەوە

- بۆ هاتی؟!

- دەبوو بێم!

- کەی ئەمە کاتە؟!

- زۆری لێ بەسەر چووە، زۆر شتیش وەک خۆی نەماوە، دەشکرێ ببێتەوە هەمان....

- پاش چی؟

- دوای هەموو شتێک هاتمەوە، دەبوو هەر بێمەوە.

- نەدەبوو بێیتەوە!

- هەر دەبوو.. هەردەبوو..

- ئەدی بۆ رۆیشتی؟

- هێشتا خۆت لەو رۆمانسیەتە رزگار نەکردووە؟!

- وەک خۆت؟!

- زۆریان ئازار داوم.. تۆ ماوی.. تۆش..

- بۆ وەستاوی؟

- گشت گیانم زامە...

خۆی خاو کردەوە... لەسەر تەختە رەق و تەقەکەت راکشا

- ئەو بەدلە بووکێنیەت لە کوێ؟

- نازانم!! لە مزگەوتێک.. کەنیسەیەک.. تیاترۆخانەیەک..!

- سەیرە!!

- سەیر نییە.. ئەوە منم وەهاتمەوە بە نەوبووکی نا

- ماندوو دیاری؟

- زۆر.. دەیان سنوور و زەریاو دەریاو رووبارم بڕیون زۆر هیلاکم.. زۆر تینووم.

- ئەوە عەرەق وئەوەش جگەرە.

- نامۆنیم.. گلاسەکەت هەروا شۆین بینی منی پێوە دیارە.. تەپڵەکەکەت بۆنی هەناسەی سوتووی منی لێوەدێ.

- من نابینم و بۆنیش ناکەم

- دەمەوێ بخەوم چاو ناچێتە سەر یەک؟

- پێڵووەکانت ساردن؟

- هەموو گیانم ساردە؟

- ....

- ئەوە جەستەی خۆم نییە،، ئاخر ئەوروپا هەمووی سارده کەشوهەوای.. وێژادنی.. خوێنی.. دڵی.. تەنها تیاترۆکانی گەرمن!

- پێم نەوتی؟!

- با

- ئەدی بۆ رۆیشتی

- نازانم.. ئاخر.. نامەوێ بیری لێ بکەمەوە.. دەمەوێ بمرمەوە، بۆیە هاتمەوە.

(بۆ خۆمان دەژین، وڵاتێک لە ژیانی خۆماندا دروست دەکەین، بێ ئاڵا.. بێ پۆلیس.. بێ سنوور.. بێ حاکم.. بێ سەرباز.. هەموو بەیانیان سروودی خۆشەویستی خاک و مرۆڤ دەڵێین)

فرمێسکەکانی هەلکشانەوە.. لە پێڵووەکانی گیربوون..

- حەز دەکەم بخەوی؟

- پێم گوتی زۆر ماندووم.. پێویستیم بە خەوێکی ئەبەدی هەیە.. من هاتمەوە.. تازە هاتمەوە تا لێرە..

- بە چی؟

- به بەڕەڵاکراوی!

- خۆزیا نەهاتبایەوە؟

- بووم بەبار بەسەرتەوە؟

- کۆمەڵێک بەهای جوانت لێ تۆراندم!

- کام؟

- ئەوانەی بە پاکی جێت هێشتبوون!

گریانێکی شێتانە.. سەرو پرچی زێڕینی تێکهەڵشێلا.. بەرۆکی تا ئەژنۆیان دادڕی و هەڵسایەوە..

- لە هەموو دینێک بووم.. دوا دالّدەم پەناگەی تۆ بوو.. ئەویش نامۆبیم لی دەکا.

- ئەم پەناگەیە جاران فێرگەی جوانی و بزەو نوکتەو پاکی بوو.. لەوتەی ئەقڵی شێتی تۆ پەڕاگەندەی هەندەران بوو.. ئێرەش دێوانەی خەم و فرمێسک و جگەرە و ئارەقە..

- دەلێمگەڕێ با لەم وێرانەیە خەمی تۆ سەرم گەرم کاتەوە

- زەحمەتە

- حەقتە.. کاتی تۆڵە سەندنەوە نییە!

- دەمویست بخەوی؟

- من لە خەوێکی قوولّ دەگەڕێم

- ئەوە شێتییە!

- دەزانم

- ...

(حەزم لە ولاتێکە بەس خۆشەویستی تێدا بژی.. ولاتی بێ شەڕ..

چەند رکم لە دەنگوباسە.. لە سروودە.. لە تەلەڤزیۆن و رادیۆ.. و لە قسەیە.. قسە هەمووی شەڕە.. بازاڕ.. دوکان.. دایەرە.. قوتابخانە.. ئاسمان.. زەوی.. لەنێو هێلانەی باڵندەکانیش هەمووی شەڕەو... داد لە ولاتی شەڕو برسێتی!)

- لەبیرتە؟

- چاک

- ئەدی بۆ نامۆییم لێ دەکەی-؟

- نەدەبوو هەڵفڕی

- هەقتە.. ئاخر من لە تۆ نا لەشەڕ هەڵاتم.. شەڕ بێزاری کردم.. هەموو شتی تێکدا، هەتا ئەقڵیشم.. بۆ نامبووری.. حەقە بمبووری؟

ئێرە ولاتی شەڕی گەرمەو ئەوێش سارد.. من بووم بە قوربانی شەڕ.. نامەوێ تۆش بەم دەردە بچی.. هاتمەوە بۆ ئەوەی بمبووری؟!

- خۆزیا دەرفەت بمابووا تازە چی!

گرمۆڵە بوو.. بوو بە تۆپەڵێکی سپی و کەزیە زەردەکانی لە

شەققەیانداو هەڵیانفڕاند، لە هەمان درزی دەرگای گۆرین ون بوو.

تەلەفۆن دەمێک بوو لێی دەدا

- ئەلو

- هەڵنەستاوی؟

- نەخێر

تەرمی... یان هێناوەتەوە دوێنێ لە... ئەمڕۆ بەیانیش گەیشت، ئەگەر بەشداری ناشتنەکەی دەکەی چاوەڕێت دەکەم.

هەولێر- ١٩٩٦

بەدلیس و گەشتێک لە ئاوارەیی

شەمزینی بووک و بنەگەی یاخی و دالّدە، دوا مالّئاوایی بەدۆلکەیەک ئاوی سازگاری دەست کچە شەمزینیەک لێ کردین، نازانم چ رەگەز بوو: کورد، تورک، ئەرمەن.

لە دەرگا چکۆلە دوو دەریەکەم دا، دەرگای یەکلاکرد:

- خوشک هەندێ ئافا تەزی

- ...!

- دۆلکە سپییە دە لیتریەکەم دایە دەستی، پاش دوو سێ دەقیقە پڕ لە ئاوی سارد بەنەرمە شەرمێکەوە دایەوە دەستم.

- سوپاس

- ...!

نەرمە بزەیەکی شاراوە، پێڵوەکانی شەرم و نازیان دەباراند. پاس بەڕێ کەوت، سەرنشینەکانی کپ و بێ دەنگ، ئەگەر سەیری چارەی هەر یەکیانت دەکرد، منالّ و پیر و گەنج نیشانەی ترس و چارەنووسی بزرت دەخوێندەوە (لەدەست دوژمنێکەوە بۆ

پەنای نەیارێک)، کەس نازانێ ئەو شوێنەی بۆی دەڕۆین چتۆیە!

ئەوەی پێشتر بەهەرحاڵ خراپ نەبوو. هەوا بەهارییەکە لەگەڵ خێرایی پاسەکە خێرا خێرا گەرم دەبوو، لە ریزی هەرە دواوەی پاسەکە دانیشتبووم، دەنگێک، تەنها ئەو دەنگە خامۆشە دڕی بەو کپی خامۆشیە دەدا، بە ئاستەم، هێمن، هێمن دەڕژایە بۆتەی هەستەوە، لە تەنیشتمەوە زۆر بە ناسکی دەیچڕی، بێ ئاگا لەوەی کە کەس گوێی بۆ گرتووە:

گوێم بۆ رادێرە بەس تەنها ئەم شەو

بەدرێژایی رێگای شەو و رۆژان ئەو چریکەو وشە ناسکانە ئاودێری دەروونی تەریفەی منیان دەکرد. سەفەریەکان لەبەر بێزاری و هیلاکی زوو زوو خەوی نائۆمێدی دایدەگرتن، ئەوەی بەدرێژایی رێگە بێدارە، هەر من و چریکەی ئەوین، لەگەڵ کاکی شۆفێر، شۆفێر لە ناچاری و ئێمەش بە هەوای گڕی ناخ.

خۆر بوو بەزەردێنەی هێلکەو خەریکە خۆی لە زاری گەلیەکان بئاخنێ، لە پڕ منالێک:

- ئەها دایە دایە ئەو هەموو ئاوە!!

(ئەوە بەحراوانێ یە، وانەکەم زۆر دەمێک بوو حەسرەت دیدارت بووم، بەڵام چ دیدارێک، دەنگی کچەو دیمەنی دەریاچە تێکەڵ بوون، هێی پیرە (وان) لە قۆناغی سەرەتایی بووم کە لە سەر نەخشەکان دەمدیتی دڵخۆش دەبووم دەمگوت کوردستان سێ دەریاچەی هەیە).

دیمەنەکان دڵخۆشکارن، لە هەمان کات خەماوین پیرە پاس بەر لە بانگی شێوان سەری کردین بە باژێرێ وانێ و خێراش لێکی ترازاندین، چ بکەم تازە شەو داهات و هیچ نابینم. ئێرەش بەدلیسە، بەدلیسی بابە شەرەفخان، نازانم سەعات چەندە، شەو بەشێکی بەسەرچووە، لە دوکانی فیتەرێک وەستاین، نازانم پاسەکەمان چ خێریەتی، کچەش لێی وەبڕیەوە، خەڵکە خۆڵ بەسەر داکراوەکەش وەک مێرووڵە جولە جولیان پێ کەوت، جگەرەیەکم داگیرساند، گوێم لەزرینگەی چەکوچی وەستایە، هەر جارێ دەی وەشێنێ زەن دەکەم لە تەپڵی سەری منی گیر دەکات.

پێچەوانەی نزای خەڵکەکە حەزم دەکرد ئەمشەو پاسەکە چاک نەبێتەوە تا بەڵکەم سبەینێ بە رۆژی رووناکی بەدلیسی یادگاری بابە شەرفخان ببینم.

تێبینی: نە بەدلیسی جوانم بە رووناکی بینی نە ئەو شارانەی دیکەش کە لەسەر رێگامان بوون، چونکە پیرە پاس شەشی بەیانی بە دەشتی سلۆپی گەیاندین.

باوبژ

- ئیتر هەر شادو سەرکەوتووین

هاهاها.. فیت.. فیت.. فیت.. فیییت...

کارەبا پڕت، ناوەڵڵا بێ پرتە ترک تاریک.

- بە خوای چابوو، بریا زووتر..

هەستا، زۆر بێ تاقەت دیاربوو، چەخماخەمەی لێدا، دەرگای ئاوەدستەکەی دۆزیەوە، دۆخینەکەی لەبەریەک هەڵوەشاند، دانیشت.

(دوو ئەنجامە ئێرە و دوو دەنکە خۆڵەکە.. دەمگرێینێ، هەڵم دەپەڕێنێ، کەولم دەکا، لە شیشم دەدا. چەلاوی سەگ.. چەلاوی سەگ) پیسیەکە شوێنی خۆی نەگرت، تاریکە، چەخماخەیەک، هەندێک ئاو، رایمالّی: (بریا هەموو رامالّینێک واسانا بووایە، خۆ ساناشە بەس ئاخ خ خ.

- ئەی ئەتۆ کوڕی سمایلە کەڕەکە نی؟!

بابت هەتا عەمری خوای کرد نەی دەزانی لە مەجلیسانیش

دوو قسه بکا.

- ئەتۆ منداڵە چڵمنەکە نیت؟! لە کەنگێوە فێری ئەو دەم هەڵاشیە بووی ؟

- دەک خوا لە ناوت بەرێ، سەیر سەیر رەنگ زەردی دیانانی!.

- نەبابە نا، ئەو ئەرژنگە هەر لە سەر سوورەتی بەشەران نەماوە.

ئەوە چەند ساڵە لەسەر یەک ئەو مەڕانە ئەستەویلن، ئەرێ هۆ شوان برام ئەو مەڕانە لۆ هەموو ساڵی بەران ناخۆن:

شڵپ شوڕ. بڕۆ خوارێ هەتا هەتایە ها...

- دەڵێن.. ئەمن بە خۆم نەمدیتییە ها دەڵێن : شوان بەسۆزانییەک فێربووە، کە مەڕ بە بەران دێن، ئەویش بەهەوەس دێ، ئێوارانیش هەر بۆ خواردن دەگەڕێتەوە.

- دەڵێن: شوان فێرە خەوی بن کەندەڵانان بووە" فێنک.. درینگ درینگ.. یان...

دەڵێن: شوان خۆی و نیوەکەی کە برسی دەبن، بەرانان لەشیش دەدەن، تکەکە ئەمان تکە، هەر پشکەکی بەقەد باینجانەکی.(شڵپ شوڕ.. شڵپ شوڕ.. دوو ئەنجامە ئێرەو دوو دەنکە خۆڵەکە) چەلاوی سەگ.. چەلاوی سەگ. ئەو عەیامەی وای لێهاتووە بە خاوی فڕی دەکەن، لە بازاڕ کوڕە لە کۆڵانان

دەبەخشرێتەوە بەلاش.

عەجایب! لەوەختێک هەموو شتێ بە پارەش دەست ناکەوێ ئەوەش مەمنونت دەبن بەس بتەوێ ! وەڵڵاهی عەنتیەکەیە ! ئەمن بە خۆم لە بیرمە بە پارەش نا بەس بە خوێن دەمکڕی، ئەدی ئەوە لۆ وەی لێهاتیە؟!

- شوان فەقیرەی زۆر ماندووە = دەککە کوێر نەبم+.

- شوان زۆر خەفتە بارە (بۆ؟!) گورگ مەڕان دەخۆن = نەگەمە پارشیوێ ئەگەر وەبێ+.

- شوان خەوی لێ ناکەوێ (لۆ؟!) لە داخی ئەو مەڕە هەژارانە برسین = شیش × باینجان+ شڵپ شوڕ... شڵپ شوڕڕ بڕۆ خوارێ ئیع بڕۆ خوارێ.

- مۆم × سەرمامە — گڵۆپ × سەرمامە — سۆبە × سەرمامە — قوزەل قورت = خێردارە.

ئەمن هەموو جارێ زۆر لێرە تاخیر دەبم، دەترسم نەخۆش بم، پێویستم بە دکتۆر هەیە. نەخۆشی چی؟ وەڵڵاهی بەڵام لێ نییە، بەس دەردم گرانە دەرد.. دالّغانیش زۆر لێ دەدەم : کاکم هێشتە بەڵاشی لێ نییە. وابزانم پاک بووەوە، هیچ نەما، نەباوبژ، نە ئەوی دی و نە ئەوی دیکەش.

چیت دەوێ کێ ئەوە دەزانێ، هەر وەرە لێرە فڕێدە خوارێ، دەبا هەر لەوێ بڵێ: (چەلاوی سەگ.. چەلاوی سەگ).

هەستا، دۆخێنەکەی توند کردەوە، چەخماخەکەی لێدا، تا. گەیشتە دەروازە.. دوو ژوورە لەنێو ژوورێک دوو تاریک، هەرە بچووکیان وەک نوێژی نیوەڕۆیە.

هەولێر- ١٩٩٢

بەسەرپەکەوە هەموویانم خوێندەوە

دکتۆر مارف خەزنەدار

ناوبردنی ئەم بڕە نووسینانە بە (کورتە چیرۆک) کارێکی بە جێیە لە مێژووی ئەدەبداو لەگەڵ مەرجەکانی داهێنانی ئەدەبیدا دەگونجێ. ئەگەر سەرپێیی تەماشای مەسەلەکە بکرێ، ڕەنگە خوێنەری وا هەبێ هەموو نووسینەکان بە چیرۆک دانەنێ. ئەگەر بەم جۆرە بیر بکاتەوە پێویستە ناو لەو نووسینانە بنێ کە بە چیرۆکی دانەناون. بێ گومان دەبێ ناوی دیکەیان لێ بنێ هی وەکو: وتاری هونەری، یا تابلۆی ڕۆمانتیکی، یا پیەس لەپەردەیەک دا، یا ڕیپۆرتاژێکی ئەدەبیانەی قانگ دراو بە شێوازی شیعرایەتی، ئەنجام هەرچی دەبێ با ببێ، ئەوەی ڕاستییە ئەوەیە ئەم بابەتانە هەموویان دەچنە ناو بەرهەمی ئەدەبی داهێنراوەوە، ئەمەش ئامانجی سەرەکی ئێمەیە. چیرۆک لەئەدەبی نەتەوەکانی گـــێتی لەم جۆرە بابەتانەوە نزیک بۆتەوە، هەموویان تێکەڵ بەیەکتری بوون. واتە کارێکی بەجێیە ئەم هەموو بەرهەمانە بە (چیرۆک) ناو ببەین و ئەوەی لێرەدا

پێویستە بوترێ ئەو جۆرە نووسینانە لەئەدەبی کوردیدا لەڕووی ڕوخسارەوە تەنسیری ئەدەبی بێگانەیان پێوە دیارە بەتایبەتی ئەدەبی نەتەوەکـانی ڕۆژئاوا.

(٢)

عەبدولڕەحمان کاکل ئەم (کورتە چیرۆک) انەی خستە بەر دەستم، لەکاتێکدا سەرقاڵی گەلێ ئیشوکاری زانستی و ئەدەبی بووم. لەوە دوو دڵ بووم بتوانم ئارەزووی نووسەر بهێنمە دی و بەدوو وشەی بە باڵابڕین بتوانم ئامانجی بگەیەنمە ئەنجام، بەڵام کە دەستم کرد بەخوێندنەوەی چیرۆکەکان بە تەواوی بیرو ڕام لەم لایەنەوە گۆڕا، واتە چیرۆکەکان خۆیان ئاخنییە ناو مێشک و دڵ و دەروونمەوە و بەسەر یەکەوە هەموویانم خوێندەوە، لەئەنجامدا بڕیارمدا بەم پێشەکییەوە پێشکێشی خوێندەوارانی بکەم.

پێش ئەوەی بچمە ناو گێتیی چیرۆکەکانەوە لەڕووی ناوەڕۆکەوە، چونکە ئەمەیان ئارەزووی هەموو لایێکمانە، شێوازو قەوارەی چیرۆکەکان زیاتر سەرنجیان ڕاکێشام، بەوەی پیاو لە خوێندنەوەیان ماندوو نابێ بە مەرجی جۆرە شارەزایێکی لە کۆمەڵایەتی کوردەواری هەبێ. بەم پێیە دەبینین چیرۆکی یەکەم هەندێ درێژە، هەروەها دوو سێ چیرۆکی حەوت لاپەڕەیی و شەش لاپەڕەیی لێ دەربکەین، ئەوانی دی هەموویان

له چوار لاپەڕە تا دوو لاپەڕە زیاتر دوور نەکەوتوونەتەوە. ئەم جۆرە قەوارە بچووکانەی بەرهەمی ئەدەبی لەگەڵ عەولەمەو تێکنۆلۆجیای ڕۆژگارانی دوایی سەدەی بیستەم دەگونجێن.

لە پەنجاکاندا بەتایبەتی لە شیعری لیریکی دا بەشیعرە چوار دێڕی و پێنج دێڕییەکانمان دەووت: (شیعرە بروسکە)، یا بەئەمەی ئێستاش بڵێین (چیرۆکە بروسکە)، ئەوەی ئێستا (چیرۆکی هەرە کورت)ی پێ دەڵێن.

(٣)

نووسەر دەستی داهێنانی درێژە لە هەڵبژاردنی چیرۆکەکان، هەندێکیان زوو ناوی چیرۆکەکانیان ئاشکرا دەکەن، بەڵام هی دیکەیان داخراوی و نهێنیی ناوەڕۆکەکانیان زیاتر تەماوی دەکەن لەڕووی لێکسیکۆلۆجی و ڕستەی ئاخافتنەوە سیمای سیمبۆلیزم و ئەبستراکتیان پێوە دیارە. چیرۆکەکان وەک تابلۆی کۆمەڵێک بروسکەی ئەدەبی دەبن بە زاخاوی مێشک و خەیاڵ کە لە ڕۆژنامەو کۆواردا بڵاودەکرێنەوە، خوێنەری کورد بەشەوقەوە دەیانخوێنێتەوە لەدواییدا لە کتێبێکدا دەپارێزرێن.

(٤)

* لە چیرۆکی (ڕاو) دا نووسەر دەگەڕێتەوە سەر فەلسەفەی (بوون و گەردوون و ژیان و سروشت لەپێناوی ئادەمیزاد

دا). ئادەمیزاد نەبێ (بوون) نابێ، چونکە دەبێ (کەسێک) هەبێ هەست بە (بوون) بکا، ئادەمیزاد ئەو کەسەیە لەسەر بنج و بناوانی ئەم بیرو باوەڕە، سەری مامز دەبڕێ، ئەگینا ئادەمیزاد ئەگەر دۆستایەتی لەگەڵ گیاو ڕووەک بکا، دەبێ دۆستایەتییەکەی لەگەڵ گیاندار بەهێزتر بێ، بەڵام پێویستی بە گۆشتە خۆشکەی هەیە.

* لە چیرۆکی (هەڵەتە) دا نووسەر دەیەوێ هەندێ لایەنی ون بوون بخاتە ڕوو لەئەنجامی دوو جۆرە شارستانیەتی هەندێ لەیەکتری جیاواز، شارستانیەتی ئێمەو هی ئەورووپا.

بەڵام پێش ئەوە ون بوونێکی دی لە کۆمەڵی خۆماندا هەیە لەنێوان شارستانی و کرمانج (هەولێری و دەشتەکی یا سلێمانی و شارەزووری) عەقلیەتی کرمانجەکە هێشتا هەموو کردەوەی شارستانییەتەکەی لای خۆمانی قەبول نەکردووە، لەبەرئەوە هەڵوێستی کۆمەڵی ئەورووپا چۆن وا بە ئاسانی وەردەگرێ! بەشێکی زۆری ئاوارەی کوردستانی لای ئێمە کە بوون بە پەنابەری سیاسی لە ئەورووپا کرمانج و لادێ بین.

* چیرۆکی (شەوێکی ئەنفال) گێڕانەوەی ئەو جەنگە نییە کە هێرشبەر بەرپای دەکاو بەپێی یاسا و دەستوور هەموو شتێکی ژێرکەوتوو دەبێتە هی سەرکەوتوو، وێنەگرتنی ئەو جەنگانە نییە، بەڵکو تەنیا دیمەنێکە، دیمەنێکی دوای جەنگ، بەپێی یاسای سەرکەوتوو خۆی، وەک مافێکی شەرعی ئاهەنگ و زەماوەند

ساز دەکا بۆ ئەوەی لەگەڵ کچێکی جوان بە زاوابێ. ئەمە هەمووی ئاساییە، بەڵکو پێویستە بەپێی یاسا و دەستووری ئەنفال، بەڵام چیرۆکنووس کچەکە دەکا بە قارەمان، بەوەی قانوونی ئەنفال ڕەت دەکاتەوە، خۆی نادا بەدەستەوە و گیانی پاکی بە گیانی کەسوکارو قوربانییەکانی ئەنفال شاد دەبێ.

* (لە هەولێرەوە تا...!) چیرۆکێکە لە هەولێری کوردستانەوە دەست پێ دەکا تا ئەو جێیەی کچە کوردی لێ مەزاد دەکرێ، خەڵکی ئێمە ئەگەرچی ئەمەیان پێ شەرم و شوورەییە، چونکە لەو کاتەوە بووین بە کورد تا ئەمڕۆ یاسای دیلایەتی زەوی ئادەمیزاد فرۆشتنمان نەبوو، بەڵام دیاردەیە نابێتە شوورەیی، چونکە لە هەموو کۆمەڵێکدا داوێن پیسی هەیە، ئەم ڕووداوە ئەنجامی دەربەدەری و ئاوارەیی خەڵکەکەیە، ئەوجا پیاو ئەگەر لە نیشتمانی خۆیدا ژیانی ببات سەر باشتر نییە!؟ ئەوانەی ڕوو دەکەنە دەرەوە ئەگەر لەناوەوە بن چەندیان دەکوژرێن!؟ چوونە دەرەوە بۆ کارێکی کاتی نەبێ کارەساتە!.

* (بۆرژەخەو) تابلۆیێکی ڕەنگینە، بە زمانێکی جوان و ڕازاوەو دڵێکی پڕ لە سۆز و فراوان نووسراوەتەوە، چیرۆکنووس وێنەی دوو دڵی سەر لێ شێواوی کوردی ئەم سەردەمەی ئێستامان وەستایانە دەخاتە ڕوو.

* (پەڕاگەندە) قارەمانی ئەم ماددەیە مەغدیدە، کوڕی کوردی لاوی هەرزەی نیمچە خوێندەوار دەکەوێتە ئەوروپا، چونکە لای

خۆمان ون بووە و هیچی بەدەست نەکەوتووە، کەوابێ ئەورووپا هاتم، ئەگەر لەوێش هیچی دەست نەکەوێ زیانی نەکردووە، نووسەر لە زۆرانبازی دەدوێ لەنێوان دوو جۆرە شارستانیەت، ئەوەی لای ئێمە و ئەوەی لای ئەورووپاییان، ئەو ماوەیەی پێویستی ئەورووپا بووە بگاتە ئەوەی ئەمڕۆ، لای ئێمە ئەم ماوەیە لە رێیەو هێشتا قۆناغەکانی نەبڕیوە، مەغدیدەکەی ئێرە زۆری ماوە فێری ئەوەی ئەوێ ببێ، لەبەر ئەوە تەنگو چەڵەمەی دروست کردووە بۆ خۆی و بۆ ئەوانیش.

* (بێ سەرەتا کۆتایی هات) تابلۆییکی ڕۆمانتیکییانەیە، نووسەر دەیەوێ لە مانّاوایی بدوێ، دیارە مانّاوایی دوو جۆرە، یەکێکیان دەڕووا دەگەڕێتەوە، ئەویتریان نایێتەوە. بلووزە پرتەقاڵییەکە زۆژە و دلبەریشە زۆژئاوا دەبێ و دەگەڕێتەوە، بەڵام خاوەن بلوزە پرتەقاڵییەکە نازانرێ، بە زۆریش نایێتەوە، ئەمە ماوەی چاوەنواڕییکی بێ پایانە.

* (ڕووتبوونەوەی نامۆیی)، مەبەستی نووسەر ئەبستراکتی (دژ) ە، لە بیرکردنەوەو داخستنی، پێکەنین و گریان، هات و نەهاتی خۆی و ئەو. هەر لە سەرەتاوە مەسەلەی بەرهەمی ئەدەبی دەخاتە ڕوو، پرسیارەکە یەکجار گرنگە، بۆ کێ دەنووسێ؟! کێ دەیخوێنێتەوە؟! ئەمە ڕێگەمان پێ پیشان دەدا بۆ دۆزینەوەی بنج و بناوانی کێشەکە، نووسەر بێگومان بۆ خۆی دەنووسێ، یەکەمین کەس خۆیەتی کە نووسینەکەی دەخوێنێتەوە، ئیتر

دەربەستی ئەوە نییە دووەم و سێیەم بیخوێننەوە یا نا! بەڵام گرنگ لایەنە داهێنانەکەیەتی، ئەمەیان بەرهەمەکە دەنرخێنێ ئەمڕۆ نا سبەی، بەرهەم هەیە ئەمڕۆ پرۆپاگەندەی بۆ دەکرێ و دەنگ دەداتەوە کەچی لەبنەڕەتدا مردووە، پێچەوانەش هەیە، ئەمڕۆ ئاوڕی لێ نادرێتەوە کەچی سبەینێ دەبێ بە شاکاری گێتی.

* لە (سنووری پەڕەسێلەکە) دا، ئەو پەڕی کارەسات و پەژمردەیی و توانەوەو لە ناوچوونە پەڕەسێلکە نەتوانێ لە سنوور بپەڕێتەوە، ئەمە نەبووەو نابێ، بەڵام نووسەر وەک هات و نەهاتەکەی هاملێتی شکسپیر دەیکا بە کێشە، بەڵام ئەم ئاوڕدانەوە ژیرە، لە نووسەرەوە بیرەوەرییێکی دێرینی خۆمی هێنایەوە یادم، کە منداڵ بووم لە ماڵە کۆنەکەی سەربەستی هەولێر ماڵی داری تۆفکەیان پێ دەووت، پەڕەسێلکەی بنمیچی ژووری دایکم سەرنجی ڕاکێشابووم، لە بەهاراندا پەیدا دەبوو، لە هێلانەکەی خۆیدا دەژیا بەدرێژایی هاوین، ئینجا کۆچی دەکردەوەو دیسان دەهاتەوەو ساڵێک ئەمە کارو پیشەی بوو، ڕاستیی ژیانەکەی پەڕەسێلکە ئەوەیە کە من هەستم پێ کردبوو، بەڵام پەرەسێلکە بە پاسپورتیش نەتوانێ لە سنوور بپەڕێتەوە، ئەمەیان کارەساتە، کەچی ئاووڕدانەوەییکی هونەری جوانە لە سنوورەوە.

* لە چیرۆکی (داد... بێداد) نووسەر داهێنانێکی هونەری

خستووته ڕوو بەوەی پیاو دزی لەخۆی بکا، ئەمە کارێکی ماقوولْ نییە، دزی کردن لە دەولّەمەند بۆ تێرکردنی زگی برسی لە چیرۆکدا هاتووە، ڕەنگە بیروڕای پێچەوانە لەم لایەنەوە بکەوێتە ناوەوە، بەلّام پیاو هیچی نەبێ، ناچار دزی لەخۆی بکا بەوەی دەرگای مالّی خۆی بفرۆشێ بۆ ئەوەی ژەمێک خواردن بۆ خۆی و منداڵەکانی دەست بخا، ئەمەیان دەبێتە مایەی بیرکردنەوەیێکی قوولْ.

* لە چیرۆکی (کلۆرەکانی خەون) نووسەر بۆ کێشەیێکی تری ئاوارە بووەکانی کورد لە ئەوروپا دەچێ، ئەو ڕێی هات و نەهاتە بە خۆشی دوایی نایە، هەندێ لەوانە دەگەڕێنەوە، یەکێکیان بەپێی خۆی دەگەڕێتەوەو ئەوەیتریان تەرمەکەی دێننەوە. کێڕێکی تریش بێ گۆڕە، چونکە بۆ خۆ کوشتن خۆی فڕێ دابووە سەر ڕێی ئاسنی یەکێ لە میترۆکانی شاری بەرلین، کۆمەڵە خوێنێک تێکەڵ بە گریزو نەوتی ناو ڕێگەی ئاسنەکە بوو بوون، ئەمە گۆڕی ئەو کچە کوردەیە.

(٥)

بەگشتی ناوەڕۆکی ئەم کۆمەلە چیرۆکە ڕەنگدانەوەی هیواو ئامانجی نەتەوەی کورده لە قۆناغی ئێستای ژیانی کە لە زاراوەی (کوردایەتی) خۆی دەنوێنێ، بۆ ئەمە دڵداری و سیکس و تیرۆر و چەوساندنەوە و لەناو بردن و وێنەی کۆمەڵایەتی

تایبەتی کوردی بەکارهێناوە.

مەسەلەی ڕووبەڕووبونەوە ئەوروپا و ئاوارە بوون، کێشەیەکی سەرەکی ئەمڕۆیە کارێکی گەورە دەکاتە سەر دواڕۆژی نەتەوە، لەبەرئەوە چیرۆکەکان بوون بە ئاوێنەی ڕووداوەکانی سەردەم.

ئەم هەموو چیرۆکانە بە زمانێکی کوردی ڕەوانی پەتی نووسراوەنەتەوە، وشە لەجێی خۆی بەکارهێناوەو ئیدیۆم و پەند و قسەی نەستەق ژیرانە بەکارهاتوون.

پیرۆزبایی لە عەبدولڕەحمان کاکل و هەموو خوێنەرو خوێندەوارێکی کوردی ئازیز دەکەم.

هەولێر مەڵبەندی ڕووناکی ١٦ی ئەیلوولی ١٩٩٨

بەخێرایی کۆمەڵە چیرۆکی
(شەوێکی ئەنفال)م خوێندەوە

لە بیستەکانی ئەم سەدەیەدا یا پێشتر، چیرۆکی کوردی وەک هونەرێکی شارستانی لە دایک بوونێکی سروشتی لە دایک بووەو لە رۆژی سەرهەڵدانیەوە تا ئەمڕۆ بە رێڕەوێکی ئاسایی و سروشتیدا تێدەپەڕێ. وەک هەر ژانرێکی ئەدەبی دیکە کە تازە لە دایک دەبێ هەوەڵ جار سادە پاشان نەشونما دەکات و گەورە دەبێ، ئەم نەشونما و گەورەبوونەش تەنیا بە هەوڵ وکۆششی تاکە کەسێ نایێتە بەرهەم.

ئەمە یاسایەکی لۆجێکی ژیانە و هەموو بوونەوەرێکی زیندوو دەگرێتەوە، چیرۆکیش وەک پێکهاتەیەکی زیندوو لە کۆمەڵێ رەگەز وەک پاڵەوان، زمان، رووداو، شێواز، تەکنیک، گرێ چنی، بابەت و ناوەڕۆک پێکهاتووە و هەموویان وەک یەکەیەکی ئۆرگانی تێک چڕژاون و یەک کار لەویتر دەکات و یەک بێ ئەوی تر ناژی، ئەگەر یەکێکیان شادەمارو دەمار بێ، ئەوا ئەویتر

خوێنەکەیەتی. ئەگەر یەکێ بەرگ و پۆشاک بێ ئەوا ئەویتر جەستەکەیەتی، ئەگەر یەکێ کۆڵەگەبێ ئەوا ئەویتر ساپیتە یا بناغەیەتی.

چیرۆکنووسیش خالقی هەموو ئەم رەگەزانەیەو هەر لە دەستپێکەوە بگرە تا کۆتایی بە ئەمرو داخوازی قەڵەمی ئەو بە ئەنجامی دەگات، ئەگەر کارامەو لێهاتوو بوو ئەوا دەزانێ چۆن هەڵیان دەسووڕێنی و خوشی لەم ناوەدا وەک کەسێکی بێ لایەن، یا ناراستەوخۆ لە گۆشەنیگایەکەوە خۆی مەڵاس دەدات.

جەمیل سائیب و هەموو ئەوانەی پاش ئەو هاتوون بەشداریان لە پێشخستنی کردووە، تا بە هەوڵ و کۆششی گەنجانی سااڵی نەوەدەکانیش دەگات، هەر یەکێ بەردێکی خستۆتە سەر بینا زیندووەکەی بە بەراوردیش لەگەڵ چیرۆکی جیهانی چیرۆکی کوردی ئەمڕۆ لە ئاستی سروشتی خۆیدایە، تا کۆمەڵگای کوردیش بەرەو پێشەوە بچێ و لە شارستانیەت نزیک کەوێتەوە، ئەوا ئەویش پێشدەکەوێ و بە ئاستێکی چاکتر دەگات، بۆیە ناکرێ ماندوو بوونی هیچ کام لەم چیرۆکنووسانە فەرامۆش بکرێ بە کاک عەبدولڕەحمانیشەوە. هەموو ئەدیبێکیش ئەوە دەزانێ کە بەهەرمی شیعری- چیرۆک- رۆمان- یان هەر لقێکی دیکەی ئەدەبی یا هونەری بێ کەموکوڕی نابێ و هەموو شتێ لە بچووکەوە دەست پێ دەکات. ئەمە بە نیسبەت نووسەرە جیهانیەکانیش وایە بەرهەکانیان لە یەک ئاستی هونەریدانین.

رەنگە ئەگەر بخرێنە بەر رۆشنایی حوکمێکی عادیلانە، تیشکی رەخنەیان بخرێتە سەر، ئەوا کۆمەڵێ ناتەواویی لە بەرهەمەکاندا کەشف دەکرێن لە هەمان کاتیشدا هیچ بیرو بۆچوونێکی فیکری یا ئەدەبی و هونەری دەربارەی هەر لایەن و بوارێکی مەعریفی دەزانرێ، ناکرێ بیروڕای منیش حوکمێکی بنبڕکەر بێ و تێگەیشتنی من دوا تێگەیشتن بێ، خوێنەران لە لێکدانەوەی چیرۆکەکانی کاک عەبدولڕەحمان سەربەستن و بۆیان هەیە رای تر دەربڕن و بە جۆرێکی تەواو جیاواز لە من تێیان بگەن.

ئەم حاڵەتە وەک زنجیرەیەکی پێکەوە گرێدراو وەهایە و یەک حوکمی ئەوی تر هەڵدەوەشێنێتەوە. وەک لە شوێنکی تریش ئەم رایەم دەربڕیوە و تەواو بڕوام بە بیروڕای (دریدا) هەیە کە دەڵێ: هەموو شتێ قابیلی هەڵوەشانەوەیە.

ئەوەی ئەمڕۆ دەیڵێم رەنگە سبەینێ هەڵیوەشێنمەوە، بۆیە لێرەدا ئەم چەند سەرنجە خێرایەی کە دەربارەی کۆمەڵە چیرۆکی (لولە گەرمەکان.. هەناسە سارەکان) دەریدەبڕم، قابیلی هەڵوەشانەوەیەو رای تایبەتی خۆمەو تێگەیشتنی خەڵکی تریش جیاوازە لەگەڵ ئەوەی من ئەم کۆمەڵە چیرۆکەی کاک عەبدولڕەحمان پتر لەوەی من دەیڵێم هەڵدەگرێ، بەڵام من تەنیا وەک هەندێ ئینتباعی خێرا باس لەو چیرۆکانە دەکەم کە پتر سەرنجیان راکێشاوم.

ڕەخنەگر نیم تا یەک بە یەکی چیرۆکەکان هەڵبسەنگێنم و شاراوەکانی هەر یەکێ لە چیرۆکەکان کەشف بکەم، یا لەهەموو ڕەگەزەکانی کە پێشتر باسم کردن بدوێم، چونکە ئەمە زۆری دەوێ و ئەرکی ڕەخنەگریشە، ناشکرێ لە هەڵسەنگاندێکی وا کورتیشدا یەک بە یەکی چیرۆکەکان شیبکرێنەوە. کاک عەبدولڕەحمان هەموو چیرۆکەکانی لە یەک ئاستدا نین و بەیەک هەناسە نەنووسراون، هەن ئاستی هونەریان چاکە و هەشن خراپ، شێواز تەکنیکی چیرۆکەکان جیاوازیان هەیە. هەندێکیان لە شانۆ نزیکن و لە چیرۆک دوور کەوتونەتەوە بە هۆی ئەم هەموو پێداگرتنە لەسەر دیالۆگ و گفتوگۆیەکی کە تێیاندا بەکارهاتووە. هەندێ لە چیرۆکەکان بە زمانێکی چڕی سفت و سۆڵ نووسراون و هەندێکیان زۆر ڕاستەوخۆ و سادە بە تایبەتی هەندێ لە کورتیلە چیرۆکەکان.

بەپێی قۆناغی پێگەیشتنی ئەزموونی چیرۆکنووس کاک عەبدولڕەحمانیش دەتوانم بڵێم ئەو چیرۆکانەی لەنێوان ساڵانی (١٩٩٧ — ١٩٩٨) نووسراون سەرکەوتوو ترو پێگەیشتوو ترن و پتر ڕەگەزەکانی چیرۆکیان تێدا بەدی دەکرێ. زمانیان چڕ و نەختێ شیعریەتی بەخۆوە گرتووە، چیرۆکنووس توانیویەتی سەربەستی بە گێڕەرەوە بدات و گەشەکردن بە ناوەوەی چیرۆکەکان بدات.

ئەمەش وای کردووە هەموو ڕەگەزەکان پێکەوە بکەونە کارو

بەرەو خاڵی تەقینەوە (ترۆپک) بچن و لەوێشەوە بە شێوەیەکی هاوتەریب دابەزنە خوارەوەو کۆتاییەکی تا رادەیەک جوان بە چیرۆکەکان بدەن، گرنگ ئەم کۆتاییانە لە کاتی خۆیدا، لە شوێنی دیارکراودا بە ئەنجام دەگەن. چارە دانان هێندە گرنگ نییە، نموونەش چیرۆکی (راو)، (لوولە گەرمەکان - هەناسە سارددەکان)، کە سێ چیرۆکی جوانی هونەرین.

لە چیرۆکی راودا، کەشو هەوایەکی سیحر ئامێز فەزای چیرۆکەکەی داگرتووەو حیکایەتبێژ جۆرە سیحرێک بەگێرانەوەکانی دەبەخشێ. لەم چیرۆکەدا چیرۆکنووس ئیدانەی درندەیی مرۆڤ دەکات بەوەی راوی بەستەزمانترین و جوانترین گیانلەبەر دەکات، تا ئەگەر مرۆڤەکە برسیش بووبێ، پێشم وایە ئەم چیرۆکە، چیرۆکێکی رەمزی جوانەو شیکردنەوەی رەمزەکانی وەک راوچی، ئاسک، پیاوە نورانیەکە، ئەشکەوتەکە دەلالاتی تر دەبەخشن.

دەربارەی لوولە گەرمەکان - هەناسە سارەدەکان، ئەگەرچی بابەتی وا لەلایەن زۆر چیرۆکنووسی دیکە خراوەتەڕوو، بەڵام جۆری تەرحکردنی کاک عەبدولڕەحمان شێوەیەکی ترەو جوان دەربیڕیوە.

ئەم دوو چیرۆکە پتر سەرنجیان راکێشام، چونکە هەم لەرووی هەڵبژاردنی بابەتەوە سەرکەوتنیان تێدا ئەنجام دراوەو هەم بەشێوازی هونەری جوان دەربڕاون. زمانی چیرۆکەکان

چڕو بێ گرێن. ناوەڕۆک و بابەتەکان شتێکی تایبەت بە کاک عەبدولڕەحمان خۆی و پێم وایە بابەتی چاک و خراپ نییە، شتێک نییە پێی بوترێ بابەتی چاک یا خراپ. ئەگەر چیرۆکنووس زیرەک و لێهاتوو و وردبین بوو دەتوانێ خراپترین بابەت بکات بە چیرۆکێکی سەرکەوتوو. لێرەشدا حەز دەکەم باسی ئەوەش بکەم کە چیرۆکی کوردی پاش ڕاپەڕین وەک هەندێ کەس باوەڕیان وایە کەوتۆتە ئەزمەو قەیران و پاشەکشەی کردووە. بەڕای من مەسەلە مەسەلەی ئەزمەو پاشەکشە نییە بەقەد ئەوەی چیرۆکنووسان نەیانتوانیوە هەزمی ئەو گۆڕانەی لە بونیادی کۆمەڵایەتی و بیرکردنەوەو ڕوئیاو بینینی دیاردەکان کە لە ناو کۆمەڵگای کوردستان پاش ڕاپەڕین ڕوویانداوە بکەن، پاش ڕاپەڕین ئەو بابەتانەی چیرۆکنووسان هەڵیانبژاردووە دەربڕی بیرو بۆچوون و هەست و نەست و بیرکردنەوەی تازەی خەڵک نین و نەبوونە ئەو معاناتانەی پاش ڕاپەڕین دەیچێژن بەشێوەیەکی هونەری و ڕاستگۆیانە دەرنەبڕوان، بابەتەکان جیاوازن لەگەڵ ئەوانەی پێش ڕاپەڕین.

ئەمڕۆ شتی تر لە ئارادان. کاک عەبدولڕەحمان خۆی لە هەندێکیان داوە، بەڵام نەیتوانیوە حەقی خۆیان بداتێ و شێوازێکی هونەری و تەکنیکی چاکیان بۆ هەڵبژێرێ. وەک هەڵاتنی کوردان بۆ هەندەران و دەربڕینی موعاناتی ئەوانەی لە کوردستان دابڕاوان وەک چیرۆکی پەڕاگەندە بەرچاو دەکەوێ.

چیرۆکی له هەوڵێرەوە تا... چیرۆکێکی جوانە، کارەساتە، مرۆڤ لە پێناوی پارەدا کچی خۆی بفرۆشێتتە بیانیاکان، سوڕپیش دەیزانێ کچەکەی بۆ تیاترۆخانە و کاری خراپ دەبردرێ، تا ئەگەر مرۆڤ لە برسا بشمرێ ئەمەی پێ قبوڵ ناکرێ، زۆربەی چیرۆکەکانی تری کاک عەبدلڕەحمان دەچنە خانەی کورتیلە چیرۆک، لەم چەشنە چیرۆکانەشدا چیرۆکنووس ناتوانێ حەق بە بابەت و شێوازو تەکینک بدات، ئەگەر بە زمانێکی ئیحائی بروسکەیی نەینووسێ، یا ئەگەر لە ناوچەیی نووسرا. چیرۆکنووس تێیدا سەرناکەوێ. کاک عەبدولڕەحمانیش نەیتوانیوە لە زۆربەیان سەرکەوتن بەدەست بێنێ.

خۆزگە بە شێوازی چیرۆکی (راو) و (لولە گەرمەکان — هەناسە سارەدەکان) دەنووسران، پێم وایە ئەو کورتیلە چیرۆکانە پتر لە شانۆگەری دەچن و لە چیرۆک دوورکەوتونەتەوە.

سەڵاح عومەر- ١٩٩٨

چاوپێدا خشانێکی خێرا بە کۆمەڵە چیرۆکی کۆمەڵە چیرۆکی(شەوێکی ئەنفال)

چیرۆکی تابلۆی یادێکی شوم

کوڕێک لە گەڵ دایک و خوشکی چاوەڕوانی هاتنی کەسێک دەکەن و ئەو کەسە دیار نییە و دەیەوێ بچێت. بەدوای ئە و کەسە و بەفریش بەردەوام دا دەکات، بەوشەی خواحافیز دەرگاکەی دەترازێنێ و دەڕوات.. خوشکەکەی ئاگاداری دایکی دەکاتەوە کە بۆچی کاکی نەگەڕاوەتەوە ... دوای چاوەڕوانییەکی زۆر(شێرۆ) هەر دیار نیە... ئینجا لە ناوەڕاستی چیرۆکەکە بەدیاردەکەوێ کە براکەی دایکی نەیهێشتووە بە شوێن شێرکۆدا بچێت، چونکە بەلای ئەوەوە با ئەویش تیا نەچێت، بەڵام دوایی کاکە ڕێباز هەر دەڕوات و هەردووکیان وەک ستوون لەبەر دەرگای کوخەکە بەجێ دێڵێت. دوای دوو میل لە کوخەکە لەناو بەفردا تارماییەک دەکەوێتە بەر نیگای و دوایی دەزانێ کە ئەوە

شێرۆیە!؟ گورگەکان لورەیان دەهات و لەت لەتیان کردەبوو و جلەکانیشی ونجڕ ونجڕ بەم ناوە بڵاوبوو بوونەوە. پارچەکانی هەڵدەگرێتەوەو ئەمانەتی دار بەڕوویەکی تاقانەی دەدات و دوا مانّئاوایی لە گۆڕەکەی دەکات... کە دەگاتەوە ماڵەوەش هەست دەکا گورگە برسییەکان گەیشتوون و هەموویان بەدەوری دوو لاشەی بێ گیان راکشاو چۆکیان دابوو.. فەلسەفەی ئەم چیرۆکە ئەوەیە کە مرۆڤ لە برسا بەدوای نان و بژێوی خۆی دەگەڕێ بەتایبەتیش کە خێزانێک لەناو بەفردا چاریان ناچارەو دەبێ لەبرسان یەکێکیان خۆی بکاتە قوربانی و خۆی دەداتە دەست قەدەر، بەڵام ئەو قەدەرە نەک هەر ئەو دووانی دیکەش دەکاتە خۆراکی گورگە هارەکان لە خێزانێکی برسیدا کە گورگەکان لەوان برسیترن و لەوانیش بەدەسەڵاتترن و قەدەریان دەبێتە خۆراکی ئەو گورگە برسیانە.. ئەم چیرۆکە راناوەکانی کەسی یەکەمی تاک و دووەمی تاک و سێیەمی تاک تێکەڵ کروان و چیرۆکنووس زۆر زیرەکانە جێگۆڕکێیان دەکات بەشێوەیەکی ئاڵۆز بگێڕێتەوە، بەڵکو شێوە گێڕانەوەیەکی ئاسایی پێدەبەخشێ، بەڵام لە رووی بیرۆکەو جیهانبینی و بیرۆکەوە زۆر دەوڵەمەندەو کێشمە کێشمی بەردەوامی مرۆڤ پیشان دەدات لەگەڵ سروشت، ئەم سروشتەی بەهەموو بوونەوەرەکانیەوە هەمیشە لەگەڵ مرۆڤ لە حاڵەتی دەستەو یەخەدان و لە ئەزەلەوە تا ئەمڕۆ.

چیرۆکی له هەولێرەوە تا...!

ئەم چیرۆکە وەک بیتاقەیەکی کورتکراوەی کتیب سالّ و تەمەن و شوێنی لەدایکبوون و ناو و دەرچووی خوێندن و کاری باوک و پێناسەی دایک و براکانی و خوشکەکانی کە نیەتی و نرخەکەی و مارەیی بە دایالەگۆکی (تەمام) ئەم پێناسە کورتە بووەتە سەرەتای چیرۆکەکە ئەمەش وەک مۆدێل نوێیە، من ئەوەندەی چیرۆکی بێگانەو کوردیم خوێندۆتەوە سەرەتای چیرۆکم بەم شێوازە نەدیوە، بەراستی ئەوە داهێنانێکی نوێی (عەبدولڕەحمان کاکل) خۆیەتی، ئینجا چیرۆکەکە وەک زۆربەی چیرۆکەکانی دیکە بە شێوازی یا بە سوود وەرگرتن لەشێوازی دایەلۆگی شانۆیی دەگاتە ناوەڕاستی چیرۆکەکە، لەوێ دەبێتە گێرانەوەی چیرۆکی ئاسایی هەست دەکەی کە چیرۆکنووس لە پەنای بەسەرهاتێکی کۆمەڵایەتی کە ژن هێنانە لەودیوی سنوورو لەم شێوە مارەکردنە بەپەلە دەیەوێ سنووڕە دەستکردەکان بشکێنێ و ئەمەش باسی سەردەمی ئاوارەیی و کۆچڕەوییەی دوای راپەڕین دەکات کە لەودیو ئەگەرچی سنووڕەکان دەستکردیش بن، بەڵام مرۆڤەکان هەر یەک مرۆڤن و ئەوەتا بە دابونەریت یەکدەگرنەوەو تێگەڵ بە یەکتر دەبنەوە، چیرۆکنووس زیرەکانە دەیەوێ لە هەڵبژاردنی بابەتێکی وادا ئەم سنووڕە دەستکردانەمان بۆ نەهێڵێ، یا هەر هیچ نەبێت بە خەیاڵی، ئەمەش ئەگەرچی کاری سێکس کردن تا ئێستا

بۆ پیاو و کوڕان بووە، بەڵام چیرۆکنووس لەم چیرۆکەیەدا زیرەکانە بۆ خەفەکردنی باری سێکس قەیرە کچێک چیرۆکێکی جوانی لێ دروست کردووە.

(چیرۆکی ناخ- نامۆبوون+ ی)

ئەم چیرۆکە لە سەرەتاوە تا دوایی وەک گەلێک چیرۆکی دیکەی ئەم کۆچیرۆکە بە شێوازی دایەلۆگ نووسراوەو زمانی وەسفی تێدا نییە، ئەمەش شێوازێکی پەیڕەوکراوەو هەیە، لە هەموو چیرۆکی دنیاداو لە چیرۆکی عەرەبی گەلانی دیکەشدا وێنەیان زۆرەو لە چیرۆکی کوردیشدا ئەو چیرۆکنووسانەی کە سالانی پەنجاو شەست و حەفتاکان زۆربەی زمانی دەربڕینیان دایلۆگ بووەو تێکەڵ بە زمانی وەسفی کراوە، بەڵام تەنیا (د.کاوس قەفتان)م دیوە کە چیرۆکی هەبێت لە هەوەڵەوە تا کۆتایی هەمووی بە دایالۆگ بێت و بە تەواوی سوودی لە شێوازی شانۆ وەرگرتبێت، پێشم وایە ئەم شێوازە ئەوەندە ئاسان نەبێت و بۆ چیرۆکنووس زانا، کارامەیی دەوێت، بەڵام لە نەوەی هەشتاکان ئەوا ئەو شێوازە بە تەنیا لە چەند چیرۆکێکی (عەبدولڕەحمان کاکل) دەبینم.. سەرەتای ئەو چیرۆکە دایەلۆگی نێوان دوو پاڵەوان بەدیار دەخات کە یەکێکیان پۆزەتیڤەو ئەوی دیکەشیان ئەوا پێچەوانەکەیەتی کە نێگەتیڤە، یا پاڵەوانێکی نامۆ بەم وەڵاتەو یەکێکی دیکەش پێچەوانەکەی و لە کۆتاییەکەشیدا چیرۆکنووس توانیویەتی بە مردنی پاڵەوانەکەی باوەڕێک

دروست بکات، یا دڵنیاییەک کە ئەگەر بشمرێ یا بشیمرێنن ئەوا بە دوای خۆیدا دەگەڕێ و لە مردنیش خۆی دەدۆزێتەوە، کەواتە پاڵەوانە ئیجابییەکە بردنەوەی مسۆگەر کردووە، ئەمەش گەشبینییەک بە چیرۆکەکەو پاڵەوانەکەی دەدات. ئینجا ئێمە بۆ لێدوان لە چیرۆکەکانی برای چیرۆکنووس (عەبدلڕەحمان کاکل) من بە چیرۆکنووسێکی سالانی نەوەدەکانی لە قەڵەم دەدەم و یەکێکیشە لە نەوەی دوای ئێمە لە هەولێر کە جێگای هومێد بووەو بە چاکی کاری ئەنجامداوە، بۆیەش نالێم لە نەوەی هەشتاکانە، چونکە ئەو لە ناوەڕاستی هەشتاکانەوە دەستی پێکردو و بە چەند چیرۆکێکی چاکیش هاتەپێش و لە بیرمە چیرۆکی (راو) کە لەم کۆمەڵە چیرۆکە یەکەم چیرۆکە دەنگدانەوەیەکی چاکی هەبوو کە لە ساڵانی ناوەڕاستی هەشتاکان بڵاوکرایەوەو چەند رەخنەگرێکی چاک بە باشی لە سەریان نووسی، لەوانەش برای رەخنەگری شانۆیی کاک (محەمەد تەیمور). ئەوسا ئەستیرەی بەهرەی چیرۆکنووسینی (عەبدلڕەحمان کاکل) وەدیارکەوت و وەک دەڵێن جێی چاوان بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەش عەبدولڕەحمان و برادەرانی وەک (رەشید هەمزە) کە کاتی خۆی کۆڕێکی چیرۆکیان سازداو من چیرۆکەکانیانم هەڵبژاردو مژدەی باشیشم لێ چاوەڕوان کردن، بەڵام بەداخەوە هەندێکیان وەک رەشید هەمزەو هی دیکەش زوو لە دوای یەک دوو چیرۆک وازیان لێهێناو (عەبدولڕەحمان کاکل)یش ماوەیەک بێدەنگ بوو، بەڵام

لەپاشان لەسالآنی نەوەدەکان هاتەوە مەیدان و چەند چیرۆکێکی باشیشی نووسی و رۆمانێکیشی هەبوو، جارێکیان نیشانی دام و خوێندمەوەو هانی بڵاوکردنەوەیم دا، بەڵام وەک لێم پرسییەوە لەگەڵ کارەساتی دەربەدەری و کۆچڕەو فەوتا ئیدی عەبدولڕەحمان و ئەستێرەی چیرۆکنووسینی بە هێڵێکی راست و تەواو دا نەڕۆیشتووە، بەڵکو سەرکەوتووەو دابەزیوەو دواییش کە بوو بە رۆژنامەنووس و یا بابڵێین بۆ رۆژنامە خۆی تەرخان کرد، تۆزێک لە چیرۆکنووسین کزبوو یا بواری تەواوی نەبوو تەواو مل بداتە چیرۆکنووسین، بێگومان ئەگەر چیرۆکنووسێکیش بیەوێ بەردەوامی بە خۆی بدات دەبێ تەواو بچێتە ناو ئەم جیهانە پڕ لە سام و ترسناکەو هیلاکی و ماندووبوون و شەونخونی دەوێ، بەڵام چی دەکەی باری ژیانی ئێمەی کورد وەهایە، بژیوی ژیان نەک هەر وای لە عەبدولڕەحمان کردووە بۆ رۆژنامە خۆی تەرخان بکات، بەڵکو چەندانی دیکەی وەک ئەویش لە لقەکانی دیکە دابڕاون، لەگەڵ ئەوەشدا عەبدولڕەحمان توانیویەتی بەردەوامی بە هونەری چیرۆکنووسینی خۆی بدات، بەڵگەش ئەم کۆمەڵە چیرۆکەیە کە نووسەرانەوە یا وەک خوێنەرێک بیانسرێتەوەو پەیامەکەی بداتە دەست خوێنەری زیرەک وەک کاتی خۆشی (محەمەد مەولوود مەم) هەمیشە لە نووسینەکانیدا ئەم کۆتانەی دەشکاندو بە هۆی بابەتێکی کۆمەڵایەتییەوە تێکی دەشکاند، ئینجا لە کۆتایی چیرۆکەکە دەگەیتە ئەو راستیەی

که باوکەکە لە بەر هەژاری کچەکەی بە کابرایەکی کوردستانی تورکیا فرۆشتووەو ئەم سنوورە لەعنەتیەش ئەوەندە خەڵکی ئەوبەرو ئەوبەر لێکتر ترازاندووە ئەم دوو کەسە لێکتر نامۆن. ئەمە جیا لە قسەو ئەو خەڵکی ناوچەکەی خۆشمان کە هەریەکە بە چ تەعلیقێک قەرزاریان کردۆتەوە، کچەش زاواکەی نەدیوە تا لە ژووری پەردەو بە زاوابوونەوە دەزانێ باوکەکەی بۆ مەبەستی گیرفانی خۆی داویەتییە کابرایەک زەحمەتە تێک بگەن و لە زریکاندنی بەم لاوە هیچی دیکە ناتوانێ بکات.

(چیرۆکی تۆ لە نێوان- ؟ و !- دا)

ئەم چیرۆکە ئەگەر چی کورتیلەیە، بەڵام گەلێک مەغزای قووڵ بەدەستەوە دەدات. جارێ کابرایەک بەدیار فیلمێکەوە خەیاڵی بەرز دەفڕێ و (لە ناو تەپ و تۆزی شەپقە لەسەرەکان منداڵە وردیلەکان نابینا دەکەن...) فیلمەکە ناخۆشەو هاوار دەکات بیکوژیننەوە. دەنگێکی دیکە تێی دەگەیەنن کە ئێرە وڵاتی خۆی نییە تا بە کەیفی ئەو بێت، بەڵکو وڵاتی بەفرە واتە ئارامی، بەڵام ئەو مرۆڤانە لەوێ و لە غەریبی کە خۆیان لەگەڵ ئەو فیلمە قۆڕانە بەراورد دەکەن و بێ کار دەمێننەوە، هەست بەنامۆیی و بێزاری ژیان دەکەن و ئەوسا دەزانن کە ئەوانە مرۆڤێکن لە هەموو شتێک دابڕاون و ئەو تەنیاییەش دەیانخواتەوە تا لە کۆتایی چیرۆکەکە کە دەمامک لەسەر پاڵەوانەکەی هەڵدەماڵرێ هەست دەکات کە پاڵەوانی فیلمەکە خۆیەتی، جا رەنگە ئەمە

خەونیش بێت و راستیش بێت، چونکە مرۆڤی ئێمە کە خۆی لە دنیایەکی نامۆ بەخۆی دەدۆزێتەوە نەک هەر دەبێتە پاڵەوانی فیلمێک، بەڵکو رۆژی چەندان جار بە خەون و خەیاڵ بگرە لە راستیشدا دەبێتە پاڵەوانی دەیان فیلمی سەرسوورهێنەری لەم شێوەیە. ئەمەش لێدانی کۆتاییەکەی زۆر کاریگەرەو بگرە ئەم کورتیلە چیرۆکانە وەستایی زیاتر گەرەکەو لە چیرۆکێکی درێژ زیاتر چڕبوونەوەی دەوێ و لێدانی دوا زەربەی هونەریش هەموو لە کۆتاییەکەیدا ئەوا هێزو توانای چیرۆکنووسمان نیشان دەدات لە نووسینی ئەم کورتیلە چیرۆکانەدا، ئەگەرچی (عەبدولڕحمان کاکل) لە چیرۆکەکانی دیشی بەگشتی ئەوەندە درێژدادڕی ناکات و زوو زەربەی هونەری خۆی دەوەشێنێ کە هەندێک جار هەیە ئەو زەربانە لە چیرۆکە درێژەکاندا دەکەونە پێشەکی چیرۆکەکانەوە.

سابیر رەشید

١٩٩٩-٧-٢٥

پێرست

پێشەکی ٥

ڕاو ٧

هەڵەتە ٢٠

لوولە گەرمەکان .. هەناسە سارەدەکان ٢٨

شەوێکی ئەنفال ٣٤

تابلۆی یادێکی شوم ٤٠

لە هەولێرەوە تا ... ا ٤٧

تۆ لە نێوان-؟ و ا دا ٥٦

بۆرژە خەو ٥٨

پەڕاگەندە ٦١

دواپین خەون ٦٥

هاتی نەهات ٦٨

جۆگەلەکانی پێچ ناکەنەوە ٧٠

بێ سەرەتا کۆتاییان هات! ٧٣

ڕووتبوونەوەی نامۆیی ٧٧

هەڵ دا هەڵدا ٨٠

ناخ- نامۆبوون+ ی ٨٤

لووڕە لوور ٨٨

سنووری پەڕەسێلکە ٩٥

سزای ئاخ ١٠٠

ئەو برینانەی هەر دەکولێنەوە ١٠٤
داد ... بێداد ١٠٩
کلۆرەکانی خەون ١١٥
بەدلیس و گەشتێک لە ئاوارەیی ١٢١
باوبژ ١٢٤
بەسەریەکەوە هەموویانم خوێندەوە ١٢٨
بەخێرایی شەوێکی ئەنفالم خوێندەوە ١٣٧
چاوپێداخشانێکی خێرا بە کۆمەڵە چیرۆکی (شەوێکی ئەنفال) ١٤٤

عەبدولڕەحمان کاکل لەساڵی 1963 لە هەولێر لەدایک بووە، خوێندنی سەرەتایی لە گوندی شێخانان تەواو کردووە و لەساڵی 1986 – 1989 بەکالۆریۆسی لە ئاداب بەشی کوردی زانکۆی سەلاحەددین وەرگرتووە.

لەسەرەتای هەشتاکانەوە دەستی بە نووسینی ئەدەبی کردووە و یەکەم چیرۆکی لە ساڵی 1987 لە گۆڤاری بەیان بڵاو کردووەتەوە.

لەماوەی ژیانیدا سێ جار لەلایەن دەزگاکانی ئەمنی رژێمی بەعس دەستگیر کراوە.

لە نەوەدەکانەوە کاری ڕۆژنامەوانی دەکات.

”نە ئاسمان بووم، تا بە فرمێسکی گەرمم بەفرەکە بتوێنمەوە، نە زەویش بووم تا بە زەمەی پێکەنینم گێوەکە رابهەژێنم و نغرۆی کەم. هەر لە نووکی پێڵاوەکانمەوە دەمڕوانی تا چاو بڕی دەکرد هەموو هەر سپی و کفنی پۆشیبوو، بیرێکی ترسناک بە لەشمدا گوزەری کرد.(کێ دەڵێ منیش بۆ کفن پۆشین نەهاتووم؟!)“

نرخی ٤٠٠٠ دینارە